# بیری جوگرافی
# لە نێوان
# ڕەسەنایەتی و نوێبوونەوەدا

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : بیری جوگرافی لە نێوان ڕەسەنایەتی ونوێبوونەوەدا

توێژەر : پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل موحەمەد

بابەت : بیری جوگرافی

کۆمپیوتەر: سەرکەوت عەبدولاَ حاجی پیرە

دیزاین : موحەممەد حوسێن خەتیَ

چاپ : یەکەم / هەولێر

چاپخانە :

ساڵی: ٢٠١٨

ژمارەی لاپەڕە: ١١٨

تیراژ: ( ) دانە

قەبارە: ( ١٧ سم * ٢٤ سم )

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٩١) ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانی پارێزراوە

# بیری جوگرافی
# لە نێوان
# ڕەسەنایەتی و نوێبوونەوەدا


**توێژینەوەی**

**پڕۆفیسۆر دکتۆر خەلیل ئیسماعیل موحەمەد**

**وەرگێڕانی**

**م. سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە**      **م. بژار عبدالستار عبدالقادر**

**پێداچوونەوەی**

**م. دلڤین موحەمەد شەریف ئاکرەیی**


هەولێر – 2018

# نــاوەڕۆك


| زنجیرە | ناوی بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی وەرگێران | ٦ |
| ٢ | پێشەکی نووسەر | ٧ – ٩ |
| ٣ | پێشکەوتنی بیری جوگرافی | ١٠ – ١١ |
| ٤ | بیری جوگرافی لە پێش ئیسلامدا | ١٢ – ١٣ |
| ٥ | ئیسلام بیری جوگرافی بەرەوپێش دەخات | ١٤ – ٢٠ |
| ٦ | بیری جوگرافی لای ئەندەلوسیەکان | ٢١ |
| ٧ | لە ڕێگای زەریای ئەتڵەسی | ٢٢ – ٢٤ |
| ٨ | ڕاستیەکانی بیری جوگرافی لای موسڵمانان | ٢٥ – ٣٢ |
| ٩ | گرنگی پێدان بە نەخشەکان | ٣٠ – ٣٢ |
| ١٠ | کاریگەری ئیسلام لە پێشکەوتنی بیری جوگرافی | ٣٣ – ٤٠ |
| ١١ | ئاڕاستەکانی گەشەسەندنی بیری جوگرافی نوێ | ٤١ – ٤٧ |
| ١٢ | ئامرازی چەندایەتی لە توێژینەوەی جوگرافیادا | ٤٨ – ٥٠ |
| ١٣ | یاسا لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا | ٥١ – ٥٦ |
| ١٤ | ڕێباز .. لە توێژینەوەکانی جوگرافیای نوێدا | ٥٧ – ٦٠ |
| ١٥ | پێشکەوتنی ڕێبازی جوگرافیا | ٦١ – ٦٦ |
| ١٦ | جوگرافیناسان و داڕشتنی یاساکان | ٦٧ – ٧٤ |
| ١٧ | زەریای هیندی لەپەرتوکەکانی کوڕی ماجد و سولێمان میهری | ٧٥ – ٧٦ |
| ١٨ | ڕەهەندی مێژوویی بۆ دەریاوانی لە زەریای هیندی | ٧٧ – ٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | پێشکەوتنی زانیاری دەریاوانی لە زەریای هیند | ٧٩ – ٨٨ |
| ٢٠ | ڕێبەرەکانی دەریایی | ٨٩ – ٩٣ |
| ٢١ | جوگرافیای ڕزگاریخوازی ئیسلامی لە نێوان قوستەنتینیە و ئەندەلوس | ٩٤ – ١٠٢ |
| ٢٢ | لە ئەندەلووسەوە ... بۆ قوستەنتینیە | ١٠٣ – ١٠٥ |
| ٢٣ | پەڕینەوەی تارق بۆ ئەندەلوس | ١٠٦ – ١٠٧ |
| ٢٤ | موسا سەرکردایەتی بەرەو پێش چوونەکان دەکات | ١٠٨ – ١١١ |
| ٢٥ | بەرەوە قوستەنتینیە | ١١٢ – ١١٨ |

# پێشەکی وەرگێڕان

بیری جوگرافی دادەنرێت لە بابەتە گرنگ و سەرەکیەکان سەبارەت بە جوگرافیەکان، لەبەرئەوە ڕوانگەی زانستی جوگرافیا و سنوورەکەیی و توێژینەوەکانی و پەیوەندیەکانی بە زانستەکانی تر دیاری دەکات. وە داوا دەکات شارەزایی لەم بابەتەدا پەیدا بکرێ و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی لەمەڕ زانیاریە جوگرافیەکان توێژینەوەیان لەبارەیەوە بکرێت. ئەمە سەرباری ئەو بیردۆز و بیروبۆچوونانەی کە زاڵ بوون بەسەر جوگرافیا کە هەندێکیان تا ئێستاش جوگرافیەکان لە نووسینەکانیان لە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی جیهان پەیڕەوی دەکەن بە درێژایی سەردەمانی کۆن و نوێ.

لە ژێر سێبەری تێگەیشتنەکانی ئەم بیرە جوگرافیەی سەرەوەدا ئەم پەرتوکەی لەبەر دەستدایە نووسراوە کە توێژینەوەیەکی بەڕێز ( پ. د. خەلیل ئیسماعیل موحەمەد)ە باس لە کۆمەڵێك بابەت دەکات کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە کۆن و نوێی قۆناغەکانی پێدا ڕەت بوونی مێژووی زانستی بیری جوگرافیا لە نێوان ڕەسەنایەتی و نوێبوونەوەدا، لە نێویاندا دۆزینەوە جوگرافیەکان دەتوێژێتەوە، ئەوە پێش چاو دەخرێت کە مرۆڤ سوور بووە لەسەر گەڕان و پەی پێبردنی ڕاستیەکان و دۆزینەوەی شوێنە نادیارەکان، سەرباری ئەمانە ڕۆڵی موسڵمانان لە ڕزگارکردنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی خراوەتە بەرباس کە ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە بۆ بیری جوگرافیا.

لەبەر ڕۆشنایی گرنگی ئەم پەرتوکە بۆ جوگرافیەکان و خوێندکارانی جوگرافیا لە هەموو بەشەکانی جوگرافیا لە کۆلێژەکان، هەڵساوین بە وەرگێڕانی، بە هیوای ئەوەی توانیبێتمان خزمەتێك بە کتێبخانەی جوگرافیا لە کوردستان بکەین کە کەم دەستە لەو بارەیەوە. وە زۆر سوپاسی بەڕێز (مامۆستا دلڤین موحەمەد شەریف ئاکرەیی) دەکەین کە هەڵسا بە بەراوردکردن و پێداچوونەوەی تێکستە کوردیەکە لە بەرامبەر عەرەبیەکەیدا کە جێگای ڕێز و پێزانینە.

هەر کەم و کوڕیەك هەبێت لە ئێمەیە و تەواوەتی تەنها لە خودای گەورە دەوەشێتەوە.

وەرگێڕان

# پێشەکی نووسەر

ئەو گۆڕانکاریە بەردەوامەی کە گەلان ڕووبەڕووی دەبوونەوە لە ڕووداوە سروشتیەکان بەدرێژایی مێژوو .. هۆیەك بوو بۆ بەردەوام بیرکردنەوە لە هۆکارەکانی و کاریگەریەکانی، وە چۆنیەتی ڕزگاربوون لێی، یان کەم کردنەوەی مەترسیەکانی ..  هەروەك : لافاو و بومەلەرزە و گڕکانەکان، کەمی باران و سەرچاوەکانی ئاو، کە ئەمانە دەبنە هۆی هەژاری و کەم توانایی مرۆڤ و بەرهەمەکانی. لێرەوە دیاردە جوگرافیەکان، پانتاییەکی زۆری بیرکردنەوەی مرۆڤیان داگیرکرد، وە بە گرنگ کەوتنە بەرچاو. لەنێوان ئەمانەشدا: ئەو ڕێڕەو و ڕێگایانە بوون کە بۆ گواستنەوە بەکاری دەهێنان، هەروەها دیاردەی جوڵانەوەی ئەستێرە و هەسارەکان، شەو و ڕۆژ، خۆر و مانگ، با و باران، ڕووەك و ئاژەڵ، کانی و سەرچاوەکانی ئاو کە بۆ ژیانی ڕۆژانە و لایەنە ئابووریەکەی پشتی پێ دەبەستان. لە پاڵ هەوڵەکانی بۆ ناسینی گەلانی دراوسێی، ئەوانەی لە دەوروبەری دەژیان و پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو، چ لە سەر  ئاستی کۆمەلایەتی و بازرگانی یان ئاسایشی و سەربازی.

ئەمە وایکرد بەدرێژایی کات کەڵەکەبووی زانیاریەکان بگوازرێنەوە لە نەوەیەك بۆنەوەیەکی تر و لەژینگەیەك بۆ ژینگەیەکە تر، هەر لە سەردەمی سۆمەڕی و بابلیەکان، بۆ یۆنان و ڕۆمان و فارسەکان، تا دەگاتە ماوەی سەردەمی ئیسلامی کە تێیدا بیری جوگرافی گەشانەوەیەکی دیاری بەخۆیەوە بینی. کە بووە هۆی بەشداری کردنی جوگرافیناس و گەڕیدە موسڵمانەکان لە نوێکردنەوەی زاراوە جوگرافیەکان و ڕاست کردنەوەیان، کە ئەمەش وایکرد "زانستی جوگرافیا" ڕەوایەتی ئەوەی پێ بدرێت کە توێژینەوە و شیکردنەوەی لەبارەیەوە بکرێت.

موسڵمانەکان توانیان لەڕووی سەربازی و بازرگانی، ئاینی و گەشت و گوزاری، وە هێزی زانیاری... بگەن بە دوورترین وڵاتانی جیهان، شوێنانێك بدۆزنەوە کە پێشتر باس نەکرابوون .. دەستیان پێکرد لە دوورگە نەمرەکان لە ڕۆژئاوای کەنارەکانی زەریای

ئەتڵەسی (دەریای تاریك)  تا دورگەکانی واق واق (دورگەکانی یابان) لە ڕۆژهەڵاتی زەریای ئەتڵەسی، پاشان بۆ باشوور تا دارستانەکانی ئەفریقیا و مۆزەمبیق و باشووری ئەفریقیا، وە بیابانی گەورەی ئەفریقیایان تێ پەڕاند.

وە لە ژێر سێبەری سەردەمی دۆزینەوە جوگرافیەکانیشدا، بووە مایەی ناسینی هەردوو ئەمریکا و ئوستڕالیا و کیشوەری جەمسەری باشوور، هەروەها ڕووبەرە نەناسراوەکان لە ناوەڕاستەکانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی .. بەم شێوەیە جوگرافیا و جوگرافیزانان گەیشتن بە سەردەمێکی زێڕین .. هاتنی سەدەی نۆزدەهەمی زاینی بوو کە بووە سەرەتایەك  بۆ دەرکەوتنی (زانستی جوگرافیا) وەك زانستێکی خاوەن ڕێبازێکی جیاواز؟ لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گەڕاندا، بە تایبەتی لە سەردەمی هەردوو زانای ئەڵمانی (ڕیتەر) و (هامبولت).

ئەم (توێژینەوانە) دوو قۆناغی سەرەکی لە مێژووی بیری جوگرافی لەخۆوەدەگرن، کە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووە لە پێشکەوتنی زانستی جوگرافیادا:

**قۆناغی یەکەم/** دادەندرێت لە پاش دەرکەوتنی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبی، هەروەها پاش بڵاوبونەوەی عەرەب و موسڵمانان لەگەڵ ڕۆشنایی بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام، هەر لەوکاتەو، دوای سەدەی حەوتەمی زاینی. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە تێکەڵاویەکی بەردەوام دروست ببێت لە نێوان ئەوان و گەلانی ناوچە ڕزگارکراوەکان، وە سوود مەندبوون لە شارستانیەتی یەکتر، جا چ پەیوەندی بەو "زەوی"وە هەبێت کە لەسەری نیشتەجێن، یاخود بەو مرۆڤەی کە بەشێکی گەورەیە لە شارستانیەتەکە. توێژینەوەکە لەم قۆناغەدا هەوڵیدا کاربکات لەسەر ئەو هۆکارانەی کە بەشداربوون لەپێشکەوتنی بیری جوگرافیا، لە سێبەری بەرفراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا، کە درێژدەبوونەوە لە  سنوورەکانی چین و هند و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە، بۆ کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی (دەریای تاریك)، ئەمەش بە ڕووداکرانەوەیەك بوو لەبەردەم زاناو توێژەرەوە و بازرگانان بۆ گواستنەوە و جموجۆڵیان. وە هەروەها سوود وەرگرتن لە دیاردەکانی شارستانیەت و ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەو گەلانەی کە ملکەچی

فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی ببوون، یان لە نزیکیانەوە بوون و پەیوەندیان پێیانەوە هەبوو .. هەروەها بەشداریکرد لە هاندانی زاناو توێژەرەوان بۆ گەڕان و نووسین لەسەر باج و سەرانە و شێوەی ژیانی گەلان و، پۆستە کە پەیوەندی هەبوو بە کاروباری بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی وولآت .. لەم سۆنگەیەوە چەندەها کتێبە و دانراو و نووسین دەرکەوتن کە باسیان لەم کارانە دەکرد. لەو زانایانەی کە جیادەکرێنەوە لەو سەردەمەدا کە ڕۆڵیان هەبوو لەپێشخستنی بیری جوگرافیدا لە نموونەیان وەك: مەسعودی ، کوڕی حەوقەل و، یەعقوبی، مەقدسی و، ئوستورخی) وە لە زانا گەڕیدەوانەکان وەك: (کوڕی بەتوتە و، کوڕی جوبەیر و، کوڕی فەزلآن و دەیانی تر ...

**قۆناغی دووەم/** ئەوەی بیری جوگرافی لەم قۆناغەدا جیادەکردەوە ئەوەیە کە وەك زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت کە خاوەنی بنەماو تایبەتمەندی خۆیەتی، جیا لە زانیاری و زانستەکانی تر لە سەردەمی نوێدا، لەم ماوەیەشدا بیری جوگرافی داڕێژرایەوە، تایبەتر ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بەدۆزینەوە زۆر فراوانەکانی کە شێوەی جیهانی گۆڕی وەك لەوەی کە پێشتر پێیەوە ناسرا بوو، لە لایەکی تر پێشکەوتنی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا کە جوگرافیەکان توانیان لەگەڵی کارلێککەن و لە خزمەتی خۆیاندا بەکاریبهێنن، ئەمەش بۆ زیاتر خزمەتکردنی ڕێباز و شێوازەکانی توێژینەوەی جوگرافیا و، و جۆراوجۆرێتی لە ئامرازەکانی بەکارهاتوو بۆ هەمان مەبەست.

**سەرکەوتن لە خواوەیە**

**توێژەر**

# پێشكەوتنی بیری جوگرافی

مەبەست لە بیری جوگرافی، ڕێگای ڕوانینی گرفتەكانی جوگرافیایە، وە چۆنیەتی توێژینەوەیە لێیان، مانای جوگرافیا لای یۆنانیەكان بە واتای نەخشە و ئەتڵەس دێت، بەڵام لای عەرەبەكان جارێك بەواتای ڕێرەو و ڕێگا دێت و جارێكیتر بەواتای وڵاتان دێت، یاخود زاراوەیەكە بەواتای باسكردنی كۆمەڵایەتی دێت، وەك لای كوڕی بەتوتە و زۆربەی گەڕیدەوانانی عەرەب.

زۆربەی گەلانی ژیاوە لە ڕابردوو و ئێستاكەدا بیریان لە دیاردە جوگرافیەكانی دەروبەریان كردۆتەوە بە ڕێگایەكی تایبەت بە خۆیان. لەگەڵ ئەمەشدا بیری جوگرافی بەماوەیەكی تاریك تێپەڕی كرد، هەروەك لە ناوەڕاستەكانی سەدەی دووەمی زاینی و، بەردەوام بوو لەو بێ سەروبەرییە تاریكیەدا، لە گرنگترین ئەو شڵەژانەی كە تێی كەوتبوو ملكەچ بوونی بوو بۆ ڕێنمایەكانی كەنیسەی ڕۆمانی، كە هەموو شتێكی وەردەگرت و ڕاڤەی دەكرد بەپێی تێگەیشتن و لێكدانەوەی خۆیان بۆ پەرتوكی پیرۆز. لەوكاتەدا ئەوەندەی نەمابوو تروسكای بیری جوگرافیا ئاوابێت، زەنگەگانی بە ئاگابوونەوە لێیدا بۆئەوەی هەڵسێتەوە، بەهۆی دەركەوتنی خۆری ئیسلام و درەوشانەوەی ڕێگاكەی بەرەو جیهان هەر لە دوورگەی عەرەبیەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە پێش ئیسلام كەلەپوری جوگرافی نەبووە ...، بەڵكو پڕبووە لە بیروڕای فینقیەكان و بابلیەكان بە زانیاریەكانی جوگرافی و گەردونی. بیرو بۆچون و نەخشەكانی (بەتڵیموسی بیلوزی) كەزۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ میسریەكان و بابلیەكان، كە لەمەشدا بەتلیمۆس پێشتر بوو لە زۆرێك لە یۆنانیەكان[1].

گومانی تێدانیە ئەوەی بەتڵیموس پێی بەوناوبانگ بوو پاشخانێكی بیری بابلیە كۆنەكان بوو

[1] العقاد. أثر العرب في الحضارة الاوربية، ص٤٨.

کە باسی حەوت هەسارەکە و حەوت ڕۆژەکەیان دەکرد، وە حەوتەمینیانی کردە خەسڵەتێك لەخەسڵەتەکانی دروستکراوی خودا.

مامۆستا (فشر) و هەروەها (ڕولسۆن) ئاماژەیان کردووە بەوەی کە بەتلیموس پشتی بەستووە لەسەر وێنەکانی (مارینۆس) بەتایبەتی لەدابەش کردنی هێڵەکانی درێژی و پانی[1]، وە ئەگەر بزانین کە مارینوس ئەم زانیاریانەی وەرگرتووە لە جوگرافیناسە فینیقیەکان، پاڵپشت لەسەر ئەوانەی گوتران ئەوەش دەردەخات کە بەتلیموس پشتی بەستووە لەسەر عەرەبە کۆنەکانیش.

[1] الدكتور ابراهيم شوكت: مجلة الاستاذ ، سنة (١٩٦١م/١٣٨٠) ، ص٨.

# بیری جوگرافی لە پێش ئیسلامدا

لە کۆنەوە بارودۆخ بۆ عەرەبەکان ڕەخسا بوو لە دوورگەی عەرەبی، هەر ئەمەش ببووە مایەی هاتوچۆکردنیان لەسەر زەوی بەمەبەستی گەڕان بەدوای ئاو و خۆراك، یان شەڕ و ئاشتی. زۆبەی دیاردە سروشتیەکان و کاریگەرییە جوگرافیەکانیان لە وێنەی "با و باران .. ڕووەك و ئاژەڵ و ئەستێرەکان" وەك هۆیەکانی ناسین وەردەگرت؟ بۆ ڕێ ڕووناکەرەوە و ڕێ نیشاندەریان، ﴿ **وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمْ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ**﴾ (٩٧، **سورة الأنعام**)، ئاسمانی بێ گەرد و زەوی فراوان و ژینگەی گۆڕاو .. یارمەتیدەرێك بوون بۆ وردبوونەوە و تێڕامان، بۆیە سەیر نیە هەست بە شوێن دەستێکی گرنگی عەرەبی بکەین کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکانی جوگرافیا لە پێش ئیسلامدا، ئەمە سەرەڕای توندی گەرما و بوونی لم لە ناوچەکەدا، بیابانیش ڕێگر نەبووە لەسەر گواستنەوە و بازرگانیان. هەر لە کۆنەوە ئەم شوێنە ڕۆڵێکی نێوەنگیری بینیووە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هیند و ئەفریقیا لە لایەك و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە لایەکیتر.

هەرچەندە دوورگەی عەرەبی، بیابانی وشك و گردی ڕووتەن و سەختی لێن، بەڵام زەوی بە پیت و فەڕیشی لێن، جێ پاوانی باشی لێ هەبووە و ئاوەدان بوون وەك ئەوەی لە (نەجد) هەبووە کە جێ لەوەڕی ئەسپی عەرەبی ڕەسەن بوون، وە هەروەك لە (یەمامە) کە کۆگایەك بووە بۆ بەرهەم (محاصیل)، وە بەتایبەتیش یەمەن کە ناونرابوو بە وڵاتی خۆشبەختی[1].

مامۆستا (هیڵ) ئەوەی دەخاتە سەر کە پێویست بوونی هەندێکیان بە یەکتری عەرەبی ناچارکردبوو بۆ کۆچەری و بازرگانی، چوار مانگیان قەدەغە کردبوو کە تێیدا شەڕ و ململانێ یەکتری بکەن، ڕێزیان لە ئاشتی و ئارامی ئەو مانگانە دەگرت. لەو ماوەیەدا عەرەبەکان

---

[1] (ي.هل) الحظارة العربية ، ص٧.

کاریان دەکرد بۆ چوون بەرەو حیجاز و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینیەکانیان، بەهۆی ئەوەوە بازاڕی بازرگانی فراوان دروستبوو کە ناسرابوو بە (بازاری عوکاز).

هەربۆیە لە پێش ئیسلامدا لە لای عەرەبەکان – سەروەت و سامانێکی گرنگ کۆببوویەوە بەهۆی ئەزموونی بازرگانیان چ لە دەریاو چ لە وشکانیدا، ئەمەش وای لێهات ببێتە بەشێك لە کەلەپوری جوگرافیای عەرەبی. دەرکەوتنی خۆری ئیسلام لە دوورگەی عەرەبیدا هەنگاوێکی هۆشیارانە و بێدارکەرەوەی پڕ بەهاداری بۆ دەروونی تاکەکان دروستکرد، وە کیانێکی جێگیر و ڕاوەستاوی دامەزراند لەسەر بنەمای ڕاستی و زانیاری [(١)]، تێگەیشتنەکان بۆ ژیان بەرەوپێشچوون و، موسڵمانانیش بەهۆی ئیسلامەوە بەدیارکەوتن ... چاکەو بەخشندەییان بە زەویدا بڵاوکردەوە.

---

[(١)] زیادة، نیقولا زیادة، الجغرافیة والرحلات عند العرب.

## ئیسلام بیری جوگرافی بەرەو پێش دەخات

بیری جوگرافی بەردەوام بوو لە وێنەکێشانی ڕێگاکەی بەرەو گەشەندن و پێشکەوتن .. شان بەشانی بەرفراوان بوونی ئیسلام، ڕزگاکردنەکانی ئیسلام عەرەبی دوورخستەوە لە دورگەکەیان، ئەمەش یاریدەی فراوانبوونی ئاسۆیی جوگرافیدا لە دەرهاویشتەی تێبینە ڕاستەوخۆکانیان و ئەزموونە ڕاستەقینەکانیان. وە لەگەڵ کەوتنە سەر پێی دەوڵەتی ئیسلامی و جێگیربونی بنەماکانی لە جیهانی ناسراوی ئەو دەمانەیدا، گواستنەوە بازرگانیەکان و گەشتی زانست دۆستان و حاجیان و بازرگانەکان و نامەبەران زیادی کرد، ئەمە وێڕای گەڕان بە دوای ڕاستیەکان و دۆزینەوەیان وەك دەبینین .

موسڵمانەکان لە ڕزگارکردنەکانیاندا گەیشتنە دوورترین جێگای سەر زەوی، گەیشتن بە چین و ڕۆژهەڵاتی ئەندەلووس و ڕۆژئاواکەی، هەروەها زۆرێك لە دەریا و بەشێك لە زەریاکانیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان، وای لێهات بتوانن بەئاسانی گواستنەوە و هاتوچۆ بکەن لەسەر ئەو بەشە فراوانەی زەوی کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتیان، وە کۆی کردبوونەوە لە نێو یەك بیروباوەڕی سامی و زمانێکی یەکگرتوو کە زمانی قورئانە ((عەرەبی)). بە کەشتیوانی و دروستکردنی کەشتی بەناوبانگ بوون کە ئەزموون و کارامەیی پێشتریان هەبوو لەو بارەیەوە. ئەوەی یارمەتیدەر بوو بۆیان ئەو زانیاریە بوو کە لەباب و باپیرانیان بۆیان مابوویەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی باشترین دەریاوانیان تێدا هەڵبکەوێت کە یارمەتی دەربوو بۆ دۆزینەوەی زۆربەی بەشەکانی جیهانی نادیاری ئەوکاتە، گومانی تێدا نیە کە یەکەم دەریاوانی عەرەبی (کوڕی ماجد) بوو کەئەمەش تاکە بەڵگەی بوو بۆ دەریاوانی پورتوگالی (فاسکۆدی گاما) لە گەشتەکەیدا بۆ هیند. مامۆستا (فیران)ی فەڕەنسی لەوبارەیەوە دەڵێت: ((چاکەی سەرکەوتنی دەریاوانی پرتوگالی دەگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکان))، ئەوانەی کە بە گەلانی لە پێشووتر دادەنرێن بۆ داهێنانی (قیبلەنما)،

هەروەك زانای فەڕەنسی "گوستاڤ لی بۆن Gustave Le Bon" ئەمانەی پشت ڕاست کردۆتەوە لەپەرتوکەکەی بەناوی (شارستانیەتی عەرەبی).

وە هەورەها بازرگانان و ڕزگاریخوازانی موسڵمانان لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ وولاتەکانیان کاریگەری زۆریان لەسەر پێشکەوتنی بیری جوگرافیا هەبووە. ئەوان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندبوون بۆ ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە سەیرو سەمەرانەی کە لە ماوەی گەشتەکانیاندا تووشیان دەبوون. هەروەها جێگیربوونی ئارامی بۆ دەوڵەت و ڕێکسازی هەرێمەکان و ناوەندی فەرمانڕەوایەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا بۆماوەیەکی درێژ، وایکرد گرنگی بدرێ بەو بەشە فراوان و بنچینەییەی لایەنی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتدا، لەگەڵ ئەمەشدا وایکرد چاودێری هەرێمەکان بکرێت لە ڕووی سامانی کشتوکاڵی، وە توانایان لەسەر پێدانی باج کە ئەمیش بە کارێکی گرنگ دادەنرا، هەربۆیە جوگرافیای سیاسی و بەڕێوەبردن و وەسفی دەرکەوت.

موسڵمانەکان بەردەوام بەدوای "زانست و زانیاریدا" کۆششیان دەکرد و بەدوای ڕاستیەکاندا دەگەڕان، ئیسلام هانی دەدان لەو بارەیەوە، وە هەر ئەمەش داواکاری بوو لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە .. هەروەك پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خودای لەسەر بێت ) لە چەندان فەرموودەدا جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە. **وە** لەو پێناوەشدا موسڵمانەکان بە ئەرکیان زانی بە دەمەوە بچن بۆ ئەو بانگەوازە، هەربۆیە دەستیانکرد بە گەشتەکانیان، لە ڕێگایانەوە بیابانە وشك و گەرمەکانیان بڕی و تێ پەرین بە نێو دۆڵەکان و هەرێم و شار و ناوچە و ئاوەدانیەکانی ولاتانیان خستە ژێرپێیان و چوون بە ناخی دەریاو زەریاکان و شەپۆڵ و تەوژم و تاریکەیکەنیان بڕی ... هەتا وای لێهات گەشتکردن بۆ زانست بووە نیمچە پێویستیەك بۆ تەواوکردنی خوێندن و بەدوادا گەڕانی زانست و زانیاری، هەر بۆ داواکردنی ئەوەش خەڵکی لە ئەندەلوسەوە دەچوون بۆ بوخارا و لە بەغداوە دەگەیشتن بە قورتوبە.

لە قورئانی پیرۆزدا ئایەتانێکی زۆر هەن داوای تێڕامان و ووردبوونەوە دەکەن لە ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ .... ﴿ أَفَلا يَنْظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧) وَإِلَى

السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ (١٨) وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ (١٩) وَإِلَى الأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ (٢٠)﴾ (سورة الغاشية)، موسڵمانەکان خۆیان خستە نێو دەریای زانست و زانیاری، دەستیان گرت بە ڕێگاکانی بۆ ئەوەی بگەن بە کەناری ڕاستی و دروستی ... ئەمەش بەهۆی باوەڕی دامەزراویان بوو بەو فەرموودە پیرۆزەی کە دەڵێت: (مَنْ سَلَكَ طريقا يَطْلُبُ فيه عِلْما سَلَكَ الله به طَريقا الى الجنة).

ناتوانرێ شوێندەستی ئیسلام لە پێشخستنی بیری جوگرافیادا جیابکرێتەوە لە ئەرکەکان و بیروباوەڕیدا، لێرەدا بەوە کۆتایی پێدەهێنم  کە ئاماژەکردن بە نوێژو ڕۆژو حەج، ئەرکانێکن کە یارمەتی موسڵمانانیدا بۆ پێشخستنی بیریان و فراوانکردنی ئاسۆیی جوگرافیان کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی چەندین زانای بلیمەت لە بواری جوگرافیادا کە کتێبخانە ئیسلامیەکان و جیهانیان پڕکرد بە نوسینەکانیان لە فەرهەنگ و پەرتوك و نەخشەکان کە تاوەکو ئێستا جیهان پێویستی پێیەتی.

## دانراوە یەکەمەکان :

لە سەدەی سێیەمی کۆچی چەندەها نوسراو دەرکەوتن کە زیاتر مۆرکێکی زمانەوانیان هەبوو لەوەی مۆرکێکی جوگرافیان هەبێت. لە بەناوبانگترینیان پەرتوکی (میاه و جبال بلاد العرب) بوو، هەروەها (ناوەکانی چیای تەهامە و جێگاکەی)، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی ئەدەبی جوگرافی عەرەبی، پاشان پەرتوکەکانی (المَسَالِكْ وَالمَمَالِكْ و پەرتوکی البُلْدان) .... وە **هیتر نوسران** ... کە نیمچە ڕێنمایەك و دەرخستنێك بوو بۆ ڕێگا و دووریەکان، (کوڕی خوردذابە) یەکێك لەوانە بوو کە بە کاری نامەبەری و هەواڵەکان بە دیارکەوت لە ناوچە چیایەکان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆیەمی زایینی، هەروەها (یەعقوبی) خاوەنی پەرتوکی "البُلدان" جەختی لەسەر دیاردە تۆبۆگرافی و ئابووریەکان کردۆتەوە، هەروەك (کوڕی ڕستە و قودامە کوڕی جەعفەر) ئەمانەش پەرتوکیان لەسەر ئەم بابەتە داناوە بە هەمان شێواز.

بیری جوگرافی له سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی گەیشته چڵەپۆپە، لەسەردەستی گەورەترین جوگرافیناسەکانی عەرەب که له هەموو لایەکانی جیهانی ئیسلامی هاتن و چەندین کتێبیان دانا که ناوبانگیان گەیشته لوتکە، له پێشیاندا (کوڕی و حەوقەل و مەسعودی و ئیدریسی) بەدیارکەوتن. له پەرتوکی جوگرافیناسانی عەرەبدا وا دەردەکەوێت که زۆربەیان نوسینەکانیان کردووه له ڕێگای تێبینیەکانیان و بینراو و بیستراویان یان بەشێوازی گێڕانەوەیی بووه. یەعقوبی دادەنرێت به یەکەم جوگرافیناس کەوا باسی ولأتانی کردووه و پشتی بەستووه به بەتێبینیه تایبەتیەکانی که دەڵێ[1]: ( تازه پێگەیشتم گەشتم کرد، گەشت له دوای گەشت، به بەردەوامی له ئاوارەیی دەژیام .. هەرکاتێك پیاوێکم بدیبا لێم دەپرسی سەبارەت به شوێنی له دایکبوونی و ئاوەدانیەکەی و کشتوکاڵەکەی و ئەوانەی که لەگەڵی دەژیان .. پاشان که باوەرم پێبکردبا هەموو ئەو زانیاریانەم جێگیر دەکرد، پرسیارم لێدەکرد سەبارەت به نەتەوه له دوای نەتەوه، هەتاوەکو خەڵکێکی زۆر و جیهانێك له خەڵکم بینی).

بەڵام کوڕی و حەوقەل "له نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەم" گەشتێکی زۆری کرد، گەشتەکانی بەردەوامبوو، چارەگه سەدەیەکی خایاند، لەو ماوەیەدا سەردانی ولأتانی ئیسلامی کرد له هیندەوه بۆ ئیسپانیا، پەرتوکەکەی (صُورة الأرضْ) وێنەیەکی کۆکەرەوەیه له تاقیکردنەوه و ئەزموونەکانی و لەسەر ئەو هەرێمانە، که تێیدا دەڵێ: (بەردەوامی گەشتەکانم یارمەتی دەربوون لەسەر دانانی پەرتوکەکەم، هەستم به نارەحەتی زۆرکرد پەرۆش بووم بۆ زێدی خۆم، به هەموو ناوچەکانی گۆی زەویدا گەڕام، ئەوەندە گەڕام هەتا ڕۆژم بینی زۆر بەسەرم ئاوادەبوو). وه زانای بلیمەت (کریمرس) وای دەبینێت که (مەقدسی) له زیاترین جوگرافیناسه عەرەبه ڕەسەنەکانە، هەروەها زانای بلیمەت (اشبرنجر) زیاتر تێیدا ڕۆدەچێت و مەقدسی بەگەورەترین جوگرافیناسه عەرەبەکان دەزانێت که سەرانسەری مرۆڤایەتی ناسیبێتی، وه ئەوه له وتەکانیدا هەڵدەهێنجرێ: "مەبەستم ئەوه نیه نووسینەکانی لەم بوارەدا بەسەر دانراوه نوێیەکاندا سەر بخەم، وه لەو پێناوەدا

[1] اليعقوبي ، البلدان، مطبعة النجف، سنة ١٩٥٧، ص٣.

ئەزموونی نەوەکانی داهاتوو پێویستیان پێ هەیە، بەڵام وە لەوانەیە کەسێك لە پێش ئەو نەبوو بێت ڕێگای گەشتەکانی ئەوەندە فراوا بووبێت و تێبینیەکانی ئەوەندە قووڵ بووبێت، وە هەوڵی خستبێتە گەڕ بۆ کۆکردنەوە و داڕشتنێکی ڕێکخراو".

وە لەو ماوەیەدا گیانی پەی پێبردنی زانستی بەهێز بوو، هەوڵدرا پەنجەکان بخرێنە سەر ڕاستیەکان لە گشت بوارەکان، خەڵکی بە پەرۆشەوە گوێیان دەگرت بۆ گێرانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتی دەریاوان و بازرگانەکان کە بەردەوام هەواڵیان پێدەدان. هەروەك (مەسعودی) لە پەرتوکەکەی (مروج الذهب) دا گووتویەتی(١): (ژمارەیەك لە دەریاوان گەشتیان کرد بە نێو دەریاکانی چین و ڕۆم و قەزەم و یەمەن بەڵام سامناکترم نەدیت لە دەریای زنج).

شایانی باسە گەشتی موسڵمانان گەیشتە "هەرێمی سەفالە" لە (مۆزەمبیق)، هەروەها عەدەن بەناوبانگ بووە وەك ناوەندێکی بازرگانی گەورە لەنێوان ئەفریقیا و وڵاتی عەرەب، وە هەروەك خاڵێکی بە یەکگەیشتن وابووە لە نێوان بازرگانی هیند و چین و میسر(٢). شاری خانقو (کانتون)یش بەناوبانگ بوو بە بوونی وەك ناوەندێکی بازرگانی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی دوور، کۆمەڵەی نیشتەجێبوانی موسڵمانان لە چین پێکهات، بەم هۆیەوە ئیمپراتۆریەتی چینی سەرۆکێکی بۆ دامەزراندن.

هەروەها مەسعودی دەڵێ: (هەموو ڕێگاکانی دەوڵەت لە هیند کۆتایی پێ دێت، گەشتی موسڵمانان لەوێ هەتا هیند ڕۆیشت، بازرگانانی سەمەرقەندی لە ناوچەی عوممانەوە لە ڕێگای دەریاوە دەپەڕینەوە بۆ چین و لەوێشەوە بۆ خانقو). کوڕی حەوقەل سەری سورمابوو لەزیرەکی ئەو دەریاوانانەی کە لە میسری خواروو دیتبوونی، هەروەك یەعقوبی ئاماژەی بۆ کردووە کە سەر سورمانی خۆی دەربریووە لەوەی کە بەندەرەکانی تەرابلوس و شام توانای لە خۆوەگرتنی هەزار کەشتی هەیە، هەروەها شاری (صور) کارگەیەك بووە

(١) نفس المصدر، ج١، ص٢٤٣.

(٢) متز.ادم متز. الحضارة العربية في القرن الرابع الهجري، ص٤٢٧.

بۆ دروستکردنی کەشتیە دەریاییەکان و دەرچوونی کەشیگەلەکان بۆ هێرش کردنە سەر ڕۆم. بەڵام لەسەر تونس دەڵێ لە دوای تەرابلوسەوە دێت لە ڕووی گرنگیەوە.

لە پەرتوکەکانی (ئیدریسی) بۆمان دەردەکەوێ "کە عەرەبەکان گەیشتن بە دەریای تاریک (زەریای ئەتلەسی)"، ئەو سەرکەشیە دەگمەنانەیان دەگێڕێتەوە لە لشبۆنەداو لە زەریایەدا. وە (ئوستورخی) هەروەها باسی زەحمەتی دەریاوانی و گەشت دەکات بە شەوان لەدەریای سوور و دەڵێ: "گەشت لە ڕۆژدا ئاساییە بەڵام لە شەواندا زەحمەتە". خاڵی پەیوەندیان بووە لە نێوان بازرگانی دەریای سوور و ڕووباری نیل، هەروەها بازرگانی کەلو پەلیش لەحەبەشە و یەمەن و زنجبار لەڕێی دەریاوە بۆی دەهات پاش ئەوەی بەسواری وشتر لە بیابان دەڕۆیی و بۆ ماوەی بیست ڕۆژان، پاش ئەوەش دەگەیشتە ئەسوان و قاهیرە لە ڕێگای ڕووباری نیل[1].

بەڵام کوڕی فەزلان (ساڵی ٩٢١ زاینی) نوسراوێکی لەسەر ڕووسیا نووسی کە بە کۆنترین نوسراو دادەنرێت لەم ڕووەوە تاوەکو گەیاندیە "خەلیفە واثق" لە ڕێگای وەفدێکەوە، وە زۆری نووسی لەسەر بولغار و خەڵکەکەی و سروشتی زەویەکەی. باسی (ئەبو دەلف)مان بۆدەکات لەسەر گەشتەکەی بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات لە دەوروبەری ساڵی (٣٣٣ك/٩٤٤ز).

بەر لەمانە ئەوەمان ڕوون کردەوە کە عەرەب زانیاریان هەبووە لەسەر ڕووباری نیل و هەوڵی دۆزینەوەی کانیاوەکانیان داوە، وە شۆڕبوونەتەوە بۆ باشوور هەتا گەیشتوون بە ناتال، بازرگانیەکانیان فراوان بوو لەگەل باکوور گەیشتن بە هەرێمەکانی ئەوروپای ناوەراست و باکوورەکەی، وە شوێنەواری بازرگانی ئاشکرایان بەجێهێشت لەگەڵ ئەو وڵاتانە، وە چەندین نەخشی شوێنەواریان دۆزییەوە لەسەر کەنارەکانی دەریای بەڵتیق و باکووری ئەوروپا کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەراست. وە پارەی

[1] المصدر نفسه.

ئیسلامی دیارترین بەڵگەیە  لەسەر پەیوەندی موسڵمانەکان و ئەم هەرێمانە، وە مەسعودی ئاماژە بەبازرگانی موسڵمانەکان لەگەڵ هۆزە سلاڤیەکان دەکات [١].

---

[١] حتی، فلیب حتی، تاریخ العرب، ج٢، ص ٤٦٨.

## بیری جوگرافی لای ئەندەلوسیەکان

له ئەندەلوس کۆمەڵێك جوگرافی ناس سەریان هەڵدا کە بوونە هۆی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی جیهانی کە شوێنەواری باشیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت لەوانە (عوبەیدوڵا بکری) لە ڕاستیدا یەکێك بووە لە لێهاتووترین جوگرافیناس و نەخشەکێشەرانی سەدەی دوازدە بەڵکو هەموو سەدەکانی ناوەراست. هەروەها (شەریف ئیدریسی) کە لە ساڵی (١١٦٠ز) خاوەنی کتێبی (نزهة المشتاق في الأختراق الآفاق) کە ناوەکەی بەوە بەناوبانگ بوو بە نەخشە ناسراوەکانی وە بە تۆپە زیوییەکەی کە بە گۆیی زەویی دادەنرا، وە پێشکەشی پاشا (ڕوجەری دووەم)ی کرد کە پاشای سقلّیە بوو. هەروەها گەڕیدەی عەرەبی (کوڕی جوبەیر) کە بە گەشتە زۆرەکانی دەناسرێتەوە لەجیهانی ئیسلامیدا لەساڵی (١١٤٥ز) وە پەرتوکەکەی (رحلة إبن جبیر) کە هەموو ئەزموون و بینراوەکانی تێدا نوسراوەتەوە لە ئەسکەندەریە کۆچی دوایی کرد لەساڵی (١٢١٧ز). (باوکی حامد)یش نوسیویەتی دەربارەی بازرگانیەکەی بۆ بولگار و خاکی ڤولگا وە سەردانی ڕوسیای کردووە لە ساڵی (١١٣٦ز). سەدەی چواردەمی زاینی بەناوبانگ بوو بەهۆی گەشتی گەڕیدەی گەورەی عەرەبی (کوڕی بەتوتەی مەڕاکشی ) کە چوار جار حەجی ماڵی خوای کردووە، لەو گەشتانەیدا بۆی ڕەخساوە سەردانی هەموو وڵاتانی ئیسلامی کردووە، تەنانەت گەیشتۆتە دوورگەی سەرندیب (سیلاند) و بەنگال و تەنانەت چین[1]، هەروەها سەردانی (قوستەنتینیە) شی کردووە، هەروەها بەرەو باشوور ڕۆیشتووە تا ناوەڕاستەکانی ئەفریقیا، هەموو ئەو ڕووداوانەی لە گەشتە مەزنەکەی (رحلة إبن بطوطة) تۆمارکردووە.

(١) نفس المصدر، ص ٦٧٥.

# لە ڕێگای زەریای ئەتڵەسی

موسڵمانان بڕیاری ئاشکراکردنی دیووە شاراوەکانی ئەو جیهانە نادیارەیاندا، بەڵگە زمانەوانی و مێژوویەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە موسڵمانان پێش کریستۆفەر کۆڵۆمبس گەیشتبن بە جیهانی نوێ، لە ناسراوترین ئەو کەسانەش کە ئەو قسەیەی کردووە قەشە (ئینستانس کرملی)یە کە ئاماژەی بۆ تەوژمەکانی کەنداوی گەرم کردووە کە موسڵمانان بەسەریدا سەرکەوتوون – هەروەکو دەڵێت: لە جێگایەك بۆ جێگایەکیتر، بە دانیشتوانی دورگەکانی (مانش و ئێرلەندا) سەرسورمان بوون، لە گەڕانەوەشیاندا گەڕیدەوانەکانی موسڵمانان هەمان ئەو تەوژمانەیان بەکارهێناون، بەڵگەشی هەبوونی وشەی عەرەبی بووە بۆ (ڕووەك و ئاژەڵەکان) لەو ناوچانەدا[1]. ئەو ڕاستیەش مێژوونوسی گەورە (کراتشوفسکی) دووپاتی دەکاتەوە لەپەرتوکەکەی "مێژووی وێژەوانی جوگرافی عەرەبی" دەڵێت: موسڵمانان سوودیان لە پێ زانینی تەوژمی کەنداوی گەرم وەرگرتووە، وە بەسەریدا ڕۆیشتوون لە گەشتەکانیاندا لەئیسپانیاوە بۆ ئەمریکا، وە بەهەمان ڕێگاش گەڕاونەتەوە.

ئەم شانازیەش بۆئەوان بەسە – کە ئەگەر جیهانی نوێشیان نەدۆزیبێتەوە ئەوا ڕێگایان بۆکۆڵۆمبس خۆشکردووە لە گەشتەکەیدا بەرەو جیهانی نوێ، کە ئەو لە کۆتایدا گەیشت بە نەخشە عەرەبیەکان و بیرورا و بیردۆزیەکانیان دەربارەی وێنەی زەوی (بۆیە دەستی کەوتووە) ئەم نەخشانەش بەگوێرەی بیروراکانی (بەیرۆنی) لەزانستەکانی (گەردونی و جوگرافی) نەخشەکێشرابوون کە بەربلاوبوون لە نێو ئەورووپیەکاندا لە سەردەمی کۆلۆمبۆسدا، پشت بەست بەم ڕاستیانە کۆلۆمبۆس دەستی کرد بە گەشتە زیندووەکەی بۆ

---

[1] العقاد، المصدر السابق، ص ٥٢.

جیهانی نوێ وە چووە نێو دەریای تاریك، هەروەك (دكتۆر فلیپ)یش ئەو بۆچوونە پشت ڕاست كردۆتەوە[1].

وەیەكێك لەوانەی لەسەر (خڕی زەوی) نوسیویەتی (كوڕی خوردذابە) یە كە دەڵێت[2]: زەوی خڕە وەك خڕی تۆپ لە بۆشایی گەردوون دانراوە وەك زەردێنە لە ناو هێلكەدا، هەروەها (كوڕی رستە)ش دەڵێت: خودای گەورە گەردوونی بەشێوەیەكی خڕ داناوە هەروەكو خڕی تۆپ لە ناخەوە دەسوڕێتەوە، زەویش خڕە وەك تۆپ لەبۆشایی گەردوون دانراوە. وە (مەسعودی) جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە دەكاتەوە دەڵێت[3]: ( بێگومان كاتێك خۆر ئاوا دەبێت لەسەر ئەم دوورگانە — وە زەریاكان – ئەوا هەڵهاتنەكەی لە دوورترین شوێنی چین دەردەكەوێتەوە، كە ئەوەش نیوەی زەویە). بەم شێوەیە زانینی خڕێتی زەوی لە پەرتوكە ئیسلامیەكاندا بڵاوبوویەوە، ئەمەش بە هەنگاوی یەكەم هەژمار دەكرێت پێش ئەوەی كۆلۆمبۆس بیری لێبكاتەوە. كۆلۆمبۆس لەجیهانی نوێ گەڕایەوە و زێڕی تێكەڵ بە مسی لەگەڵ خۆی هێنابوو هەروەك چۆن خەڵكی "گانە" تێكەڵیان دەكرد و بە هەمان ئەو ڕێژەیەی تێبینی دەكرا لە تێكەڵیەكە. هەروەها تێبینی ئەوەكرا كە زمانی هیندیە سوورەكان هەندێ ووشەی ئەوروپی تێدایە وە پێشی ئەوەش ووشەی عەرەبی تێدا بووە بەهەندێ گۆرانكاریەوە[4].

لێرەدا چاكەی موسڵمانان بەدیاردەكەوێت لە دەرخستنی ڕاستیە جوگرافیەكان، وە ئەو زانستەیان دەوڵەمەندكرد كە گومانی لەسەر نەمێنێت. پاش ئەمە كۆڵەگەی زانستی جوگرافیا كاریكرد لەسەر بوارەكانی وەك گەشت و گوزار و خوێندنەوەی زیاتر بۆ زانستەكە و چاودێری گەردوونی ... ، كە ئەمانەش نكوولَیان لێناكرێت وەكو بەدیاردەكەوێت ..

(١) حتی، فليب حتی، ج ٢، ص ٦٧٧.

(٢) المسالك و الممالك، مطبعة ليدن، ص٣.

(٣) المسعودي .. مروج الذهب، ج١ ص ٧١، مطبعة القاهرة سنة ١٩٣٨.

(٤) نفس المصدر، ص ٥٧.

بەوە کۆتایی بەباسەکەمان دێنین، بە ووتارێکی مێژوونوسی فەرەنسی (گۆستاف لی بۆن) کە دەڵێت: (ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بۆ دەستکەوتی موسڵمانان بکەین لە جوگرافیادا بۆ سەلماندنی بەهای بەرزیان، ئەوان یەکەم کەس بوون زانیاریەکانی گەردوونی و شوێنی جێگاکانیان زانی، وە ئەمانەشیان لەسەر نەخشەکان دیاریکرد بە دیاریکردنێکی تەواو، بەمەش هەڵەکانی زانا یۆنانیەکانیان ڕاستکردەوە، ئەوان بڵاوەیانکرد بەگەشتە خۆشەکانیان بۆ شوێنە جیاجیاکانی سەر زەوی کە ئەوڕوپیەکان گومانیان لە بوونیان هەبوو. هەربۆیە موسڵمانان چەندین کتێبی جوگرافیان دانا کە بووە مایەی ڕەواندنەوەی پەرتوکە جوگرافیەکانی پێش خۆیان کە گەلانی ڕۆژئاواییەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە بە تەنها زانستی خۆیان کورتکردبووەوە لەم پەرتوکانەیان).

# ڕاستیەکانی بیری جوگرافی لای موسڵمانان

زۆر کەس پرسیاری نهێنی ئەو گۆڕانکارییە شارستانێتیە خێرایە دەکات کە لە دوورگەی عەرەبی ڕوویدا ؟ وە هاوڕێگا بوو لەگەڵ هاتنی چارەگی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زایینی. دانیشتوانەکەی گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی نەزانی دواکەوتوو، کە پشتیان دەبەست لەسەر ستەم و سووخۆری و ژێربارخستنی یەکتری و بەدکاری، وەك بنچینەیەکی ژیان، وە ڕێگایەك بۆ گوزەران ... بۆ کۆمەڵگایەك کە دامەزررا بێت لەسەر بنەماکانی دادگەری و یەکسانی و برایەتی گشتی و ... ، دەبینرێت، چۆن ئەم بوونیاتنانە شارستانیەتە دەگمەنە تەواوبوو؟ لەسەر داررووپەردووی شارستانیەتەکانی فارس و ڕۆم؟، وە ڕزگارکردنەکانی ئیسلامی بەخێرایی بە دوایی یەکتر داهاتن کە درێژدەبوویەوە هەر لە نێوان دیواری چینی مەزن تا دەگاتە دەریای تاریك (زەریای ئەتڵەسی).

زیاتر لەوە پێویستە بگووترێ، ئاینی ئیسلام، هەموو ئەمانەی بەو خێراییە و تەواوکاریە بە دەست نەدەهێنا، کە ئەگەر گیانی کرانەوەی نەبووایە بە ڕووی گەلان و نەتەوەکان لە لایەك و، بانگڕاهێشتنی بۆ توێژینەوەی گەردوون و ژیان ومرۆڤی نەکردبا بناغەیەکی نوێ لەلایەکی ترەوە، یەکەم سورەتی قورئانی پیرۆز لوتکەی هاندانی بانگەوازییە بۆ (خوێندنەوە) و (زانست) و (پێنووس) فەرمایشتی خودایە: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤)﴾ (**سورة العلق**)، کەواتە ئەمە بانگەشەیە بۆ بیرکردنەوە و، گەڕان بەدوای زانست و زانیارییە نادیارەکان، وە دەسپێکێکی گرنگ بوو بۆ گۆڕانکاریەکی گشتگیر لە هزری مرۆڤ و بیروباوەرەکەی، وە دیدی بۆ ژیان.

لە قورئانی پیرۆزدا بانگەواز لەدوای بانگەواز جەختی لە سەر گەوەریی زانست و ڕۆڵی زانایان دەکرد .. لە هەر دەرفەت و بۆنەیەکدا وە لە هەر کات و شوێنێکدا، خودای گەورە بە فەرمایشتەکانی موسڵمانان هاندەدات بۆ بە دەستهێنانی زانست و زانیاری وەك دەفەرموێت:

﴿يَرْفَعْ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ وه هەرووەها دفەرمویێت ﴿ إنما يَخْشى الله منْ عباده العلماء﴾، وه ﴿ هَلْ يَسْتَوي الذين يعلمون و الذين لا يَعْلَمون﴾، وه ﴿ وَقُلْ رَبي زدني علْماً﴾، وه پێغەمبەری خودا (صلَّى الله عَلَيه وَسَلَمْ) لەسەر داواکردن و، به گرنگی زانین و، به پێویست زانینی، به دەستهێنانی زانست، ئەوەی دەخاتە سەر و دەفەرموێت: ((مَنْ سَلَكَ طريقاً يَطْلُبُ فيه علْماً سَلَكَ الله طريقا الى الجَنة)). وه له فەرموودەیەکیتری سلاوی خودای لێبێت (( طَلَبُ العلم منَ المَهد الى الَحد)) وه هەروەها دەفەرموێت (( أُطْلُبُ العلْمَ ولَو كان في الصين)).

بەم شێوەیە زۆرێك له گەڕیدەوانان بەهێزەوە گەشتیانکرد بەسەر وشکانی و دەریاکاندا ، چیاکان و بیابانەکانیان له ژێر قاچەکانیاندا دادڕی، بەرگەی زۆرێك له ئازار و ناخۆشیان گرت، له پێناوی گوێ لێبوونی فەرموودەیەك یا پێ زانینی بارودۆخێك، یان تێبینی کردنی دیاردەیەك، یاخود به دواداچوونی بابەتێك ... لەو دیدگایەوە، بوونیاتی شارستانیەتی موسڵمانان به بالآیی بەرزبوویەوە و به جێگیریی و دامەزراوییەکەی زیادیکرد .. وه "زانستی جوگرافیا"ش یەکێکە له نێو ئەو کۆمەڵه زانست و زانیاریانەی که پشکی خۆی پێ بەخشراوه لەو هەوڵ و کۆششانەی موسڵمانان. هەرچەندە گەشتکردن به مەبەستی زانست بێت یان بازرگانی و گەشتوگوزار وه یاخود سەرکێشی .. وەك هۆکارێکی کاریگەر ماوەتەوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆیی زانیاریە جوگرافیەکان. بیروبڕوای موسڵمانان به خواستی خوایی و چارەنووسیان، هانیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکان و بەرگەگرتنی ناخۆشیەکان، هەروەکو ئەو فەرمایشتە خواییەی که دەفەرموێت ﴿ **قُلْ لَنْ يُصيبنا الى ما كَتَبَ الله لَنا**﴾.

دەتوانین بڵێین، گەشتکردن ڕوویێکی ڕووناکی جوگرافیای نیشاندا له لای مسولمانان، لەو ڕێگایەوە زانیاری زۆریان کۆکردەوە، نەك تەنها له ولآتانی جیهانی ئیسلامی به تەنها، بەڵکو له زۆرێك له ولآتانی تری جیهانیش[(١)]. به ئاسایی بازنەی جولآنەوەیان فراوان بوو، له ئەنجامی ڕزگارکردنەکانی ئیسلامی، وه ڕەگەزەکانی زانستی جوگرافیاش زیاتر دەخوێنرانەوە، واته دوورتر له بازنەی ناوچەکانی دەولەتی ئیسلامی سەیردەکران، ئەمەش

(١) محمد رشيد الفيل، أثر التجارة و الرحلة في تطور المعرفة الجغرافية عند العرب، الكويت، ١٩٧٩، ص ٢٣.

بەدیهات له دەرهاویشتەی درێژبوونەوەی تۆڕی ڕێگاكانی گواستنەوە و گەیاندن و باڵكێشانی ئارامی بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی، هەر ئەمەش بووە مایەی زۆربووونی گەڕیدەوانەكان و سوڕانەوەیان بە نێو شار و سنوور و ئاوەدانیەكانی جیهانی ئیسلامی، یەكانگیری له بوونی ئاین و بیروباوەر، وە بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی، یارمەتیدەر بوو بۆ گەشتیاران له گەشتەكانیاندا ..

لەلایەكی ترەوە، قورئانی پیرۆز ئایەتانێكی زۆر له خۆوە دەگرێت كە هانی مرۆڤ دەدەن لەسەر بیركردنەوە و تێ ڕامانی ژیان و گەردوون و شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ .. زەوی و دار .. ، وە قورئان بەها و بایەخی بۆ خودی مرۆڤ داناوە، ئەمەش هۆكارێكی كاریگەر بوو بۆ گۆشكردنی هزری جوگرافی و فراوانكردنی پێزانینەكانی بە تایبەتی بۆ ئاراستەی ڕەگەزەكانی جوگرافیا[1] ، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ أَفَلا يَنْظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ (١٧) وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ (١٨) وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ (١٩) وَإِلَى الأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ (٢٠) فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ (٢١)﴾ (**سورة الغاشية** ) وە دەفەرموێت : ﴿أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً (١٥) وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُوراً وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجاً (١٦)﴾ (**سورة نوح**) وە ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ (١) وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ (٢) وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ (٣) وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ (٤) وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ (٥) وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ (٦)﴾ (**سورة التكوير**) **هەروەها** ﴿ قُلْ انْظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ﴾ (**سورة يونس**) .. پاشان له گەڵم بخوێنەرەوە، كە چۆن قورئان تەزوو بە مێشكی مرۆڤایەتی دادەهێنێت ڕێگای بۆ خۆش دەكات وەك دەفەرموێت ﴿ (أَلَمْ تَرَى أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَاباً ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَاماً فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنْ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالأَبْصَارِ (٤٣) يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لأُوْلِي الأَبْصَارِ ٤٤)﴾ (**سورة النـور**) (خاوەن بیرەكان) له هەموو كەس له پێشترن بۆ بیركرنەوە له بونەوەر و ژیان و مرۆڤ. **هەروەها**

[1] شاكر خصباك، الخصائص العلمية للجغرافية العربية القديمة، من بحوث المؤتمر الاسلامي الجغرافي الاول، المجلد الثالث، ١٩٨٤، الرياض، ص ١٦١.

دەفەرموێت ﴿ إن في خَلْق السموات والأرْض، و اختلاف الليل و النهار لايات لأُولي الألباب رَبَنا ما خَلَقْتَ هذا باطلاً سُبحانَكَ ..﴾ هەروەها قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەو دیاردە گەردوونیانە کردووە، وە گەڕان و بیرکردنەوە تێیدا بە پێویست زانیووە، ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنْ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (١٦٤) ﴾ (**سورة البقرة**).

توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە (٧٥٠) ئایەتی گەردوونی لەقورئاندا هەن کە باسی ئەستێرە و هەسارەکان و خۆر و مانگ و و شەو و ڕۆژ و زەوی و ئاسمان و ... دەکەن. کە ئەمەش دادەنرێت بە کرۆکی پێگەیشتنی ئەمرۆی زانستی سەردەم[١] لەم ئایەتانەش وەك دەفەرموێت: ﴿ إن في السَموات والأرضِ كانَتا رَتْقاً فَفَتَقناها ﴾ ، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کۆمەڵەی خۆر پێکهاتەیەك بووە پاشان جیابوونەتەوە، وە فەرموودەی خودای بالاّ: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ، وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالعُرجُونِ الْقَدِيمِ، لاَ الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَآ أَن تدرِكَ القَمَرَ وَلاَ اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾، ئەمە پوختەی زانستی نوێیە لە بواری گەردوونی.

پێش ئیسلام وا باوبوو کە "زەوی ناوەندی گەردوونە"، خۆر و مانگ و، هەرچی دەمێنێتەوە لە کۆمەڵەی خۆر بەدەوری زەویدا دەخولێنە. بەلاّم دوایی، پێشکەوتنی هۆکارەکانی چاودێریکردن زانایان ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە خۆر ناوەندی کۆمەڵەکەیە و لە خولانەوەکەیدا دەخولێتەوە. پاشان تەنۆکە ئاسمانیەکان دابەش کران بەسەر (جێگیر) و (خولاوە)، پاشان زانست لەم دواییانەدا ئەوەی دۆزییەوە کە هەموو ئەم تەنۆکانە لەخولگەی تایبەت بە خۆیان دەخولێنەوە لەنێویشیاندا خۆر کە بەخێرایی (٧٠) هەزار کم/ کاتژمێر دەخولێتەوە[٢].

---

[١] أحمد أمين، التكامل في الاسلام، مطبعة العمان، النجف الاشرف، ١٣٨٥ ه.

[٢] نفس المصدر ، ص ٣٤– ٣٥.

وه له بارەی "خڕێتی گۆی زەوی"، قورئانی پیرۆز له زیاتر له سورەتێك و ئایەتێك جەختی لەسەر ئەمه کردۆتەوە: ﴿ وَتَرى الأرْضَ تَحْسَبُها جامدةً وَهِيَ تَمُر مَر السَحاب ﴾، وه له ئایەتێکی تر : ﴿ رَبُ السَموات والأرْضِ وَما بَيْنَهُما وَرَبُ المَشارِقْ ﴾، وه فەرموودەیەکی تر ﴿ فَلا أُقْسِمُ بِرَب المَشارِقِ وَالمَغارِبْ ﴾، لێرەدا بوونی ژمارەیەك له ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکان بەڵگەیه لەسەر خڕێتی زەوی، نەك تەختایی زەوی هەروەك له پێشتر وا باو بووه.

بەم شێوەیه قورئانی پیرۆز هۆکارەکانی بیرکردنەوه له مرۆڤدا دەجولێنێ، وه داوای بەدواداچوونی ڕەگەزەکانی جوگرافیا و لێکۆڵینەوه لێیان دەکات، ڕووچونی زیاتر له زانیاریەکانی، خودای پەروەردگار دەفەرموێت﴿وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولاً (٣٦)﴾ ( **سورة الإسراء**).

لێرەوه مێژووی ئیسلام گەواهی دەری ئەو ڕاستیەیه که زانا و توێژەران تیادا بەدیارکەوتن، بۆ بەدەستخستنی زانست دەهاتن و دەچوون له بوخارا و سەمەرقەند بۆ بەغدا و قاهیره و قەیرەوان و قورتوبه... ئینسکلۆپیدیا و فەرهەنگ و پەرتووکی زۆریان له بواره جۆربەجۆرەکاندا کۆکرکردەوه، نەخشەکانیان وێنەکێشا، کاتژمێری خۆری و ڕوانگەی گەردونیان دروستکرد، ئەو دەمانه بووه سەردەمی زانستەکانی جوگرافیا که پێشتر بەخۆیەوه نەی بینیبوو[١].

جوڵانەوەی دۆزینەوه جوگرافیەکان فراوانتر بوو، جوگرافیناسه موسڵمانەکان کاروانەکانیان گەیشت به ناوەراست و باشووری ئاسیا، به ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆیشتن تا هیند و چین گەیشتن به کۆریا و یابان، گەشتەکانیان درێژەی هەبوو تا ئەفریقیا، تێ پەڕیانکرد له بیابانی گەورەوه تەنانەت گەیشتن به مۆزەمبیق و ناتال ... هەروەها پێیان

(١) محمد السيد غلاب، الجغرافيون المسلمون و دورهم في تطور الفكر الجغرافي، و أيضا فلاح شاكر أسود، دور العرب و المسلمين في رسم الخرائط، من بحوث المؤتمر الجغرافي الاسلامي الاول، الرياض، ١٩٨٤، ص ١٣٧ و ص ١٨٣ على التوالي.

تێخستە نێو زۆربەی زەویەکانی کیشوەری ئاسیا، هەرچی تایبەتە بە بواری دەریاوانی، ئەمەشیان دادەنرێت بە کەلەپورێکی پرشنگدار بۆ جیهان لەو بوارەدا[1].

لە لایەکیتر فراوانبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئیسلامی و، پێویستیە جۆراوجۆرەکانی موسڵمانان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و بەرگری و نامەبەری .... وا پێویستی دەکرد کە بایەخ بدەن بە وەسفی هەرێمەکان و توێژینەوەیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دەکرێ بگوترێ: سەدەی چوارەمی کۆچی دادەنرێت بە سەدەی گەورەبوون و پێگەیشتنی ڕۆڵی زانستەکانی جوگرافیا لە لای موسڵمانان[2]. تێبینی دەکرێ دانراوە جوگرافیەکان ئەم ئاڕاستانەی خوارەوەی وەرگرتووە:

١. گرنگی پێدان و چاودێریکردنی هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامی و، هەروەها ئەو هەرێمانەی کە لە جیهانی ئەودەمانەدا ناسرابوون .

٢. پسپۆڕی پەیداکردن لە تاکە هەرێمێك.

٣. دانانی فەرهەنگەکانی جوگرافی.

٤. دانانی ئینسایکلۆپیدیای (دەریای زانیاری) جوگرافی.

## گرنگی پێدان بە نەخشەکان

ئەوانەی لە پێشەنگی بەشداریبووان وەستاون لە پێشخستنی بیری جوگرافیدا لای موسڵمانان بریتین لە زاناکانی وەك : (بەڵخی، یەعقوبی، ئوسترخی، مەسعودی، کوڕی حەوقەل، بەیرۆنی، مەقدسی، کوڕی خوردذابە، ئیدریسی، کوڕی بەتوتە، کوڕی جوبەیر، کوڕی ماجد ... جگە لەوانەش زۆریتر .. گرنگیان بە زانستی جوگرافیا داوە زیاتریان خستۆتە سەر زانستەکە وە گەلێك لە زانیاری و نەخشەکانی پێشە خۆیان ڕاست

[1] أنظر عبدالعال الشامي، جهود الجغرافيين المسلمين في رسم الخرائط، الكويت، ١٩٨١، ص ١٠، و زكي محمد حسن، الرحلة المسلمون في العصور الوسطى، بيروت، ١٩٨١، ص ٨.

[2] خليل إسماعيل محمد، تطور فكر الجغرافي عند المسلمين، مجلة البلاغ عدد (٣)، ١٩٦٦، بغداد، الكاظمية.

کردۆتەوە)[1]. لە نێوانیاندا (ئیدریسی) دادەنرێت بە لوتکەی نەخشەکێشەران لە سەدەکانی ناوەڕاست، نەخشەکانی ئەو، بوونە خاڵی وەرچەرخان لە پێشخستنی زانستی نەخشەسازی لەم سەردەمەدا. هەروەها (کوڕی ماجد و سلێمان میهری)، "وێژەی کەشتیوانی دەریيان" پێشکەش کردووە، لەم بواردا بەدرێژی باسیان لە زانیارییەکان کردووە دەربارەی ڕێگاکانی کەشتیوانی و گرفتەکانی، بەندەرکان و گرنگیان .. باکان و ئاڕاستەکانیان، تەنانەت بە هۆنراوە وەسفیانکردووە کە پێیان دەوترا (الأراجين)[2] .. خستنەسەر بۆ سەر ئەمانەش گەشتەکانی (کوڕی بەتوتە)یە کە تێیدا ئامازەی کردووە بۆ چوونی بۆ (هیند و چین) لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەمی زایینی، دەڵێ لە هەموو شارێکی چینی گەڕەکێکی تایبەت بە موسڵمانان هەیە، هەروەك کەشتیە چینیەکان دەگەیشتنە کەنارەکانی شاری بەسرا[3]. (بەیرونی)یش زۆر باسی هیندی کردووە، بازرگانە موسڵمانەکان بەبەردەوام دیدەنی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایان دەکرد، بازرگانیەکانیان لەگەڵ ڕوس و بولگار دەگەیشایەوە، درێژەپێدانی گەشتەکەی (کوڕی فەزلان) زانیاری تەژیمان پێدەدات دەربارەی ئەم ناوچانە[4].

(کراتشوفسکی) وای دەبینێت: ئەم "وێژە جوگرافیە"، دادەنرێت بە سەرچاوەیەکی بنچینەیی و باوەڕپێکراو، نەك تەنها لە بۆ توێژینەوە لە ڕابردووی جیهانی ئیسلامی، بەڵکو

---

(1) أنظر: شفيق عبدالرحمن علي، مدار الجغرافيا عند المسلمين، من بحوث المؤتمر الجغرافي الاسلامي الاول، الرياض، ١٩٨٤، ص ٢٣٩ ، ص ٣٠١.

(2) أنظر: أحمد سوسة، الشريف الادريسي في الجغرافية العربية، مكتب صبري، بغداد، ١٩٧٤، المقدمة/ و أيضا حسن صالح شهاب، فن الملاحة عند العرب، مركز الدراسات و البحوث اليمني، صفاء، ١٩٨٢، ص ٦١-٧٤.

(3) شوقي عبدالقوي عثمان، تجارة المحيط الهندي في عصر السيادة الاسلامية، سلسلة عالم المعرفة (١٥١)، الكويت، ١٩٩٠، ص ٤٨ – ٤٩.

(4) محمد رشيد الفيل، المصدر السابق، ص ٣٩.

زانیاری گرنگمان پێدەدات بە پلەی یەکەم لە بارەی سەرجەم ئەو وڵاتانەی کەموسڵمانان پێی گەیشتوون، یاخود زانیاریان لەبارەیەوە هەبووە[1].

[1] كراتشوفسكي، تأريخ الادب الجغرافي العربي، ج١، ترجمة صلاح الدين عثمان، مطبعة لجنة التأليف القاهرة، ١٩٦٣، ص ١٧٧.

## کاریگەری ئیسلام لە پێشکەوتنی بیری جوگرافی

بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی کە عەرەب لە دوورگەکەیان ژیاون، ساڵانێکی هەژاری و نەداری زۆریان بەسەربرد لە بیابانەکەیان .. لەوێدا ئیسلام سەریهەڵدا نەخشە ڕێگای بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کێشا لە پێناو ڕێنوێنکردن و ڕێ نیشاندانیان. عەرەبەکان جێ پێی ئەم پەیامە زیندووەیان هەڵگرت .. ئەمەش گەشانەوەیەکی بەخشی بە گەلانی ناوچەکە .. پەیامی ئیسلام لە ڕێگاکەیدا و لە نێو تاریکیەکی بێ وێنەدا هەنگاو بە هەنگاو توانی بەرزبێتەوە، بە لەخۆوەگرتنی یاسا و دەستور دانانێکی بەرز و بنەماکانی مرۆڤایەتی بە تەواوی، وە سامانێکی هزری گشتگیر، تێگەیشتنەکانی ژیان لەم سۆنگەیەوە گەشەیان سەند، هۆشیاریەکی ڕەگەز چاکی دروستکرد بۆ ناسنامەکەیان. لێرەوە هەست بە پێ زانینی گەورەیی ئیسلام دەکرێت. شکۆی ڕێنماییە چاکەکانی و بنەماکانی شکۆمەندیان بوونە کۆتا دەستوور و یاسا لە نێو دەستور و یاساکان. ئاینی خوا لەسەر زەوی بۆ خەڵکی بە تەواوەتی و بۆ جیهان بە گشتی پەخشکرا وەك خودای گەورە دەفەرموێت ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَ أَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإسلامُ دِيناً﴾ (**سورة المائدة**).

بەم شێوەیە ئیسلام تۆوی چاکەخوازی و ڕێنومایی و بەخشندەیی داچاند بۆ نەوەکان بە دێژایی سەردەمەکان ... لەوکاتەی ئیسلام چاودێری لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی بە گشتی گرتە ئەستۆ، بۆ هەریەکەیان ڕێگایەکی ڕوون و گەشاوەی وێناکرد، پشکێکی باش و بەختێکی گەورەی بۆ فەراهەمکردن، وە زانست و زانیاریەکی پر بە خۆیانی پێبەخشین هەروەك دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ(١٦٤)﴾ (**سورة آل عمران**). ئیسلام هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بانگەوازی بۆ زانست کردووە و خەڵکی بۆ ئەو بوارە ڕاکێشاوە، یەکەم سروشی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوای ئەوەمان لێدەکات و دەفەرموێت ﴿اقرأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقرَأْ وَرَبُّكَ

الأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤)﴾ (**سورة العلق**)، هەروەها فەرموودەکەی (صلًى الله عَلَيه وَسَلَمْ) : ﴿ يوزن مداد العلماء ودماء الشهداء يوم القيامة فلا يثقل أحدهما على الآخر﴾. بەم شێوەیە فەرموودەی خودا و ڕێنمایەکانی پێغەمبەری میهرەبان (صلًى الله عَلَيه وَسَلَمْ) فێرمان دەکات کە ڕێگای بەهەشت بریتیە لەڕێگای بەدەستهێنانی زانست و زانیاری. بە جەختکردنەوەیان لەسەر ئەو بابەتە دەرخستەی گرنگی زانست و زانیاری وە زانایانی هەڵگری ئەو ڕێبازە بەدیاردەخات کە ئەمەش لە پەیامی بەرزی ئیسلامیدا و لە دەستووره زیندووەکەی کە (قورئانی پیرۆزە) ڕەنگی داوەتەوە.

موسڵمانان هەر لە بەرەبەیانی ژیانیانەوە .. بە تەنگ ئەرکی ئەم بانگەوازەوە چوون و بیابان و دۆڵەکانیان بڕی .. سەرکەوتن بەسەر تەوژم و شەپۆلی دەریا و زەریاکان بۆ گەڕان و شوێن پێ هەڵگرتنی ڕاستیەکان، جا بۆ کۆکردنەوەی فەرموودەکان بێت، یان بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەسەر وڵات و هەرێمەکان یاخود ناسینی نەتەوە و گەلانیتر، لێرەوە جوگرافیا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، وایکرد ڕووناکی بە ڕەگی ئەم زانستەدا بچێت و ژیان تێیدا هێدی هێدی دەست پێ بکات، دوای ئەوەی خەریك بوو لە بیر دەچوویەوە، هێز و تواناى بە بەرداکرایەوە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەکردنی بوو.

ئیسلام داوای تێ ڕامانی دەکرد لە جیهانی ئاسمانەکان و زەوی و بیرکردنەوە لە دروستکردنی ئەستێرە و هەسارەکان و خۆر و مانگ ... شەو و ڕۆژ ، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنْ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (١٦٤)﴾ (**سورة البقرة**).

بەم شێوەیە ئیسلام کلیلەکانی ژیانمان پێ دەبەخشێ و ڕێگا ڕۆشن دەکاتەوە بۆ جوگرافیای ئیسلامی و عەرەبی. لە خودی موسڵمانان لایەنی بیرکردنەوە و ووردبوونەوە دەوروژێنێ و، هەروەها هانیان دەدا بۆ گەڕان و پرسیارکردن لە ڕەسەنایەتی ئەم گەردوونە و ڕاستی بوونەکەی؟، لەگەڵ ئەمانەشدا زیاتر هانی دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە دەوروبەرەکەی

و بوونی خودی مرۆڤ خۆی؟، وێنەی هەندێ لە وێکچوونی دیاردەکان دەهێنێتە بەردەمی کە کاری تێدەکات و کاریگەریشی لەسەر دەبێ، بەئامانجی پێیەوە بەستنەوەی بۆ ئەوەی کاربکات لەسەر لێکۆڵینەوە و بەدواداگەڕانی زانینیەکان و گەیشتن بە ڕاستیەکان کە نیشانەیەکن بۆمەزنی خودای گەورە. گوێ ڕابگرە دەفەرموێت : ﴿ أَلَمْ تَرَى أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَاباً ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَاماً فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالأَبْصَارِ، يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لأُوْلِي الأَبْصَارِ (٤٣) ﴾ (**سورة النـور**). **هەروەها دەفەرموێت** : ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَنْ يَكُونَ قَدْ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ (١٨٥)﴾ (**سورة الأعراف**). بەم شێوەیە موسڵمانان ڕووچوون لە دەریای زانستەکانی جوگرافیا و گەردونزانی، دەستیان گرت بە ڕێگاکە بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە کەنارەکانی پەی پێبردنی ڕاستیەکان، هەر بۆیە ئیسلام بووە ووزەیەکی بزووێنەرو هێزێکی پاڵنەر بۆ ئەم زانستە و زانستەکانی تریش.

لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا ئیسلام ڕووناکی و ڕێنیشاندانی خۆی بلاوکردەوە و هەموو ئاوەدانی ئەو ناوەی گرتەوە، گرنگیدان بە بلاوکردنەوە و گەیاندنی ووشەی ﴿الله﴾ وای لێهات ببێت بە ئەرکێکی پێویست و داواکاریەکی ئایینی، هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی زانست و زانیاری وەك خۆراکی لێهات بۆ پەروەردەکردنی دەروونیان، موسڵمانان ئاسۆیەکی فراوانیان لێ بەدیارکەوت و هەستیان بە دووربینی دەکرد، ئەمەش هەمووی بە هۆی بوونی بڕوایەکی بەتین بوو بەوەی کەوا هەر کەسێك ڕێگای زانستی گرتەبەر ئەوا ڕێگای بەهەشتی گرتۆتەبەر، هەروەکو پێغەمبەر(صلَّى الله عَلَيه وَسَلَّمْ) دەفەرموێت : ﴿ من سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهل الله له به طريقاً إلى الجنة﴾. لەو ڕێگا نەبراوەیەی کە گرتیانەبەر وەك ئەستێرەکان ڕێ ڕۆشنکەرەوەیەك بوون بۆ تاریکاییەکانی وشکانی و دەریاکان. گەیشتن بە ولاتانی هەمەڕەنگ و چەندین ڕێگای جۆراوجۆریان بڕی و، ئاشنایەتیان لەگەل نەتەوەی نوێدا پەیداکرد، بەپێی سروشتی خۆیان و حەزو ئارەزوویان ئەو شتانەی کە دەکەوتە بەرچاویان تۆماریان دەکرد و پرسیاریان دەربارەیان دەکرد. یەکەم کاریان کە بە

بەوێنەیەکی ڕوون بەدیارکەوت بریتی بوو لە دانراوەکانیان (پەرتوکەکانیان) دەربارەی ڕێگاکان و وولاتان و نامەبەری. هەندێ کەس زیاتر بە قوولّ داچوون و لێکۆلینەوەیان کرد دەربارەی ژیانی ئەو نەتەوانە و بازرگانیان و کشتوکالّیان و شێوەی ژیانیان و ڕۆشنبیریان، زۆر هەنگاوی گەورەیان بڕی لە جوگرافیادا و سەرکەوتنی چاك و پێشکەوتنی زۆریان وە دەست هێنا لەبواری زانستدا و زانیاریدا.

باوەڕی موسلّمان بەوەی کە چاکە و خراپە لە چارەنووسیدا نووسرایە، پێی دەگات هەرچەندە هەولّی دواکەوتن و ڕاکردنی لێ بدات، تەنانەت ئەگەر هاتوو مرۆڤ لە نێو قەلایەکی توندوتۆلّ بێت و یان لە نێو شوورەیەکی پەرژین بۆکراو بێت، ئەم باوەڕە زۆرێك لە مەترسی و ناخۆشیەکانی بۆ ئاسان کرد بوو، بە پێچەوانەوەی نا موسلّمانێك کە هەزار خەملّاندن و ئەگەری بۆ دادەنیّ، لەبەرئەوە مرۆڤ چارەنوسی لەگەلّ خۆیەتی ناتوانیّ لەبەری ڕابکات و بۆی دیاریکراوە لە پێشەوەدا، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرمویّ﴿ وَإذا جاء أجَلُهُم لا يَسْتَأخرونَ ساعةً ولا يستقدمون﴾، ئینجا با بڕواو بکەوێتە ڕێگا لە ژێر پارێزگاری خودای پەروەردگاردا، دەبا چۆلّی و بیابان و ناوچە جیاوازەکانی سەر زەوی ببڕیّ، سەرکەویّ بەسەر مەترسی و دەریاکان ... بەم هۆیەوە شەپۆلّی کۆمەلّخوازانی زانست و زانیاری و پەیامنێرانی هزر و ڕۆشنبیری ئەم ڕێگەیان هەلّگرت و لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا وە بە پێچەوانەوە لەو نێوانەدا دەکەوتنە ڕێ دەردەچوون لە ئەندەلوسەوە بۆ بوخارا و لە بەغداوە بۆ قورتوبە، وە چەندەها پەرتوك و دانراو و فەرهەنگیان دانا، ڕوانگەکانی گەردوونی و ئامێرەکان و نەخشەکانی جوگرافیا بەووردی بەدیارکەوتن. زانستی جوگرافیا ڕوویّکی تامەزرۆیی و شەیداییانەی فراوانتری بەخۆیەوە پێشکەش کرد، پیاوانی زانست و هونەر بلیمەتیان نواند لە گۆڕەپانی ئەم بوارەدا، لە سەر کاروانی ئەم گەریدەوانانەدا وەك : ( کوڕی جوبەیر و کوڕی بەتوتە و کوڕی سەعیدی مەغربی) بوون، وە لە بواری ڕێگاوبان و وولاتانیشدا (کوڕی خوردادبە و کوڕی حەوقەل و مەسعودی و مەقدسی) بوون، وە لە بواری نەخشە و وێنەکێشانی جوگرافیا ( خوارزمی وئیدریسی) بوون، بەلام لە زانستەکانی دەریاکاندا (کوڕی ماجدی دەریاوان)ە کە بەڕێبەری "فاسکودی گامای" گەریدەوانی

پورتوگالی بەناوبانگ دادەنرێت. بەم شێوەیە "جوگرافیا" شوێنی خۆی لەنێو زانستەکاندا وەدەستهێنا، تەختی زێڕینی بە دەستی موسڵمانەکان وەرگرت.

وە لە بیریشمان ناچێ ڕزگارکردنەکانی ئیسلامی کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە لە بەرفراوانکردنی پێ زانینەکانی موسڵمانان و پێشکەوتنی جوگرافیای ئیسلامی، بەو پێیە موسڵمانان هەرکاتێك لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر دەڕۆیشتن چاوکراوەتر دەبوون و ڕووخساری نوێیان دەدی. هەروەها جەنگاوارانی گەڕاوەی موسڵمانان لە وڵاتانی دوژمن چاکەیەکی گەورەیان هەیە بەسەر جوگرافیاناسانی موسڵمانان، چونکە ئەوان ببوونە سەرچاوەی چیرۆکی ئەو نەتەوانەی کە ناسیبوویان، وە ئەو شوێن و شار و ئاوەدانیەی کە ئازادیان کردبوون، وە ئەو ڕێگایانەی کە پێیدا ڕەت ببوون، ئەوەی بینیبوویان لەو سەیرو سەمەرانەی گەشت و گەڕانەکانیان (وەك خۆی دەیانگێرایەوە) .. دوای ئەم ڕزگارکردنان و جێگیربوونی موسڵمانان لە وولاتە ئاوەدانکراوەکاندا، بووە هۆکارێکی دەرکەوتنی جوگرافیای کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی .. هی تر. سەرباری ئەمە .. فراوانبوونی ناوچەکانی ئیسلامی لەژێر فەرمانڕەوایەتی یەك دەوڵەتدا هاتوچۆکردن و گواستنەوە و گەڕان و گەشتکردنی بۆ جوگرافیەکانی ئاسانکرد بوو، دەردەچوون بۆ بە دواداگەرانی ناوچە نادیارەکان (ئەوانەی هیچ زانیاریەکیان لە باریانەوە نەبوو)، ڕێگایان دەگرتەبەر بۆ ئەو هەرێمە نەزانراوانەی ئەفریقیا و ئاسیا کە لەمەوبەر چاوی جوگرافیا پەی پێنەبرد بوو .. موسڵمانەکان گەیشتنە ناوەڕاستەکانی ئاسیا و، بەکەنارە ئاویەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی سوڕانەوە و هەتا گەیشتنە کۆریا و ژاپۆن، لێکۆڵینەوەیان کرد دەربارەی ژیانی دانیشتوان و هۆزەکانیان، گەشتەکەی (کوڕی فەزڵان) بەڵگەیە بۆ ناوەڕاستەکانی ئاسیا، هەروەها بە زۆربەی ئەورووپادا گەڕان، ڕووەو باشوور ڕۆیشتن و گەیشتن بە شوێن و جێگە بزرەکانی دوورە دەست لە ئەفریقیا وە هەتاوەکو ناتاڵ و مۆزەمبیق چوون، لەبارەی ئەمەو ئەوەیان نووسی و باسی جۆراوجۆریان کرد و وەسفی زۆر ووردیان پێشکەشکرد، وێنەی زیندوویان بەخشی سەبارەت بەو نەتەوانە و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان و شێوەی ژیان و گوزەرانیان، کەموکوریەکانی جوگرافیای یۆنان و ڕۆمانیەکانیان تەواوکرد، نەتەوەکانی پێشووتر

نەیانتوانی بگەن بە ئاستی ئەو پێ زانینە نوێیانە، بەڵکو جوگرافیای ئیسلامی بە زانیاری تازەی بەرفراوانەوە زۆر زیاتری خستەسەر، بۆیە ئەمڕۆ بە لامانەوە سەرسوڕمان نیە کە ئاماژە و بەڵگەکان ئەوەمان بەرگوێ دەخەن و جەخت لەوە دەکەنەوە کەوا موسڵمانەکان بە پێش ئەوروپیەکان کەوتوون لە گەیشتنیان بە جیهانی نوێ،، لەوکاتەی ئەوروپیەکان بە بەکارهێنانی تەوژمی کەمەرەیی لەئیسپانیاوە ڕێگایان بڕی بۆ ئەمریکا، تێبینی ئەوەکرا کە ناوی ڕووەك و ئاژەڵە عەرەبیەکان بوونیان هەیە، هەروەها لەوێدا ئەوە دۆزرایەوە کە گیراوەی کانزایی ئاوێتەیان بینی کە بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کە عەرەب و موسڵمان بەکاریان دەهێنا دەگیرێتەوە.

پاشتر ئێمە پێویستە لەسەرمان لە بەرامبەر بابەتی ئیسلام و کاریگەریەکانی لەسەر زانستی جوگرافیا لە دەرگای گرنترین ئەرکەکانی ئیسلامی بدەین و بۆی بچین کە زۆرترین کاریگەریان هەبووە و گەورەترینیانە لە جوگرافیا، وە پێشکەوتنەکانی بەرچاو بخەین ئەویش لە **"ئەرکی نوێژەوە"** دەست پێدەکەین: نامەوێت لێرەدا باسی چۆنیەتی و گرنگی و ئامانجەکانی نوێژ بکەم بەڵام دەڵێم: زانینی کاتەکانی نوێژ، پێویستی بە زانیاریە دەربارەی جووڵەی ئەستێرەکان و خۆر و مانگ، هەروەها زانینی ڕووگە (قیبلە)، پێویستی بە شارەزایی و سەرلێ دەرچوون هەیە لە هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی و پێوانەکانیان، لەوکاتەی پێویستە لەسەر موسڵمانان ڕوو لە (مزگەوتی حەرام) بکەن لە نوێژەکانیاندا: ﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِ وَجْهَكَ شَطْرَ المسْجد الحرامَ وَحَيثَما كُنْتُم فوَلوا وجوهَكم شَطرَه﴾.

هەربۆیە موسڵمانان لەو پێناوەدا هەڵسان بە گەڕان بە دوای ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە زانینی ئەم کارانەیان بۆ دەستەبەردەکات، ئامێرانێکی وورد و کاتژمێرانێکی خۆری تایبەت و ئامێری ڕوانگەی گەردوونی گەورەیان دروستکردن، سەرباری ئەوەی بوونیاتنانی مزگەوت پێویستی بە دیاریکردنی ئاڕاستەکان و دەست نیشانکردنی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی هەیە بۆ "مەککەی پیرۆز"، شوێنی مەبەست دەستکەوێ کە بینای مزگەوتەکەیە تاوەکو بەرامبەر ڕووگەی موسڵمانان بێ. هەروەها **"ڕۆژی"** ئەو ئەرکەی کە خوای گەورە پێویستی کردووە لەسەر بەندەکانی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، پێوانەی سەرەتا و کۆتایی

ڕۆژووگرتن بینینی مانگە .. ﴿ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَهْرَ فَلْيَصُمه﴾ موسڵمانان سوورن لەسەر زانینی کاتەکانی وە بە هەڵەداوان دەکەون بۆ ئەو مەبەستە، بە ڕێگای جۆراوجۆر و ئامرازی جیاوازەوە هەوڵ دەدەن، هەربۆیە ئامێری تایبەت دروستکرا بۆ زانینی جووڵەکانی مانگ و شوێنەکانی و کەلووەکەی.

**"حەجکردن"** .. ئەو ئەرکە پیرۆزەیە کە خودای گەورە پێویستی کردووە لەسەر شانی موسڵمانان بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی لە تواناییان داهەیە ﴿ وَللهِ عَلَى الناس حِج البَيتِ مَنِ اسْتَطاع إلَيه سَبيلا ﴾، ئەم ئەرکە گەورەترین شوێنەواری هەبووە لە جوگرافیا و گەشەکردنی زانستی جوگرافی، هەر لەوکاتەی کە وادەی حەج دێتە پێش موسڵمانان دەبینیت هەموو گرنگیەکیان بۆ ئەو گەشتە دەردەخەن .. بۆ زەوی پیرۆزی خودا .. بۆ مەککەی پیرۆز .. بەم پێیە نێردراوانی ئیسلامی کۆدەبنەوە لە هەموو شوێن و جێگایەکی سەر زەوی بە لێشاو دێن تا سودەکان ببینن ﴿ وَأذِنْ في النَاسِ بالحَجِ يأتوكَ رِجالاً وَعَلَى كُلِ ضَامِرِ يأتينَ مِنْ كُلِ فَج عَمِيٌق لَيَشْهَدوا مَنافَعَ لَهُمْ وَيَذكُروا اسم الله في أيام مَعلومات﴾.

بەم شێوەیە موسڵمانان لە هەموو لایەکانی جیهانی ئیسلامی و ئاوەدانیەکانی، ڕێگاوبان و وولاتانیان دەبڕی و، ڕێگای بیابان و زەویە وشك و بێ ئاوەکانیان دەگریەبەر، پێك دەگەیشتن بە میللەتانێك کە لە پێشتر نەیان بینیبوون، دادەبەزین بۆ وولاتانێك کە لەمەوبەر پێی نەگەیشتبوون، هەتاوەکوو بارو بارگەیان لەسەر زەوی نیمچە دوورگەی عەرەبی دابنێن کە لە پێشان ئەم ناوچەیە لە وێنەی ئەم کۆمەڵە زۆرەی نێردراوانی بەخۆیەوەی نەبینیبوو، وە ئەم شەپۆڵە گەورەی لەخۆوە نەگرتبوو، بانگەوازی (ئیبراهیم پێغەمبەر – سلاوی خودای لێبێت) هاتەدی ﴿ رَبَنا إني أسْكَنْتُ مَنْ ذُريتي بواد غَير ذي زَرْع عَنْدَ بَيْتِكَ المُحَرَم رَبَنا لَيقيموا الصَلاةَ فاجعَلْ أفْئدةً مَنَ الناسِ تَهوي إلَيهِ وارزقْهُم مِنَ الثَمراتِ لَعَلَهُم يَشكرون ﴾.

بەم شێوەیە حاجیان لە ماڵی خوا (بیت الحرام) ڕوویان تێدەکرد بۆ ژینگەیەکی نوێ و نەتەوانێکی جیاواز لە نەتەوەی خۆیان، وە زمانێك جگە لە زمانەکەیان ... هەروەکو کاروبارەکانی ژیان و بازرگانی و ڕووداو و فەرمانە ئایینی و دونیاویەکانیان ئاڵوگۆردەکرد.

هەتاوەکو پەیوەندیەکانیان بەهێزدەبوو، وای لێهات ویستی گەشتکردنیان پەیدادەبوو بۆ ئەم ولآتانە بە پاڵنەری حەزی زانین و هەواڵ پێگەیشتنیان، یان بە ئارەزوومەندی کارکردن لەو ولآتانە یاخود بۆ بەدەست خستنی زانست و زانیاری .. ئەمەش بە ڕاست دانەرەوەی ئایەتی خودای پەروەردگارە کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْناكُم شُعُوباً وَقَبائلَ لِتَعارفوا ..﴾، وە هەروەها **دەفەرموێ**﴿ واسْعوا في مَناكِبها، وَكُلُوا مِنْ رِزقه ..﴾.

لەلایەکی ترەوە، ماڵی خودای گەورە بە بەردەوامی ببووە گۆڕەپانی گفتوگۆ و یەکتر ناسین، حاجیەکە ئەوەی دەیبینی پیشانی دەدا لەو زانستانەی کە دەیزانی یان ئەو زانیاریی و دیمەنە سەیرانەی کە بەرچاوی دەکەوت، هەروەکو گوێی دەگرت بۆ هاوتا حاجیەکانی تری وەك خۆی .. ئەم حاجیانە هەستێك لە لایان دروست دەبوو ئەویش هەستی بینین و سەردانیکردنی ئەو وولآتانەیە کە حاجیەکانیتری لێوە هاتوون .. بۆئەوەی ئاشنایەتی پەیدا بکەن دەربارەی ئەو هەوالآنەی بەرگوێیان دەکەوت سەبارەت بەو ولآتانە.. بۆیە بێ ئاگانەبوون کاتێك لە جەرگەی مەککە دەردەچوون وەك زانایەکی شارەزا وابوون بە گەشت و گەران .. ئەوەی بینیبوویان و بەرچاویان کەوتبوو دەیانووسیەوە لە وێنەیان وەك: کوڕی بەتوتە و، کوڕی سەعیدی مەغریبی و، کوڕی جوبەیر ...

پشت بەست بەوەی لە پێشووتر باسکرا، دەتوانرێ بگوترێ ڕۆڵی ئیسلام چ وەك ئایین یاخود دەوڵەت زۆر بە شکۆمەندیەوە ڕوون دەبێتەوە لە زیندووکردنەوەی بیر و هزری جوگرافیدا بە هەموو گۆڕانکارییە سروشتی و ئابووریەکانی وە دانیشتوان و پێشکەوتنەکانی ... لە ماوەی بانگەوازی موسڵمانان بۆ بیر و زانیاری، وە هەوڵ و تێکۆشانیان لەسەر ئەم زەویە خوداییەی کە ئاوەدانی بەخۆیەوە بینی بە هۆکاری ڕزگارکردنەکانی ئیسلامی، کە ئەم فراوانبوونەش زۆر پێویستی بە زانیاریەك هەبوو تایبەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەسەر ئاستی زەوی و مرۆڤدا.

# ئاڕاستەكانی گەشەسەندنی بیری جوگرافی نوێ

زانست و زانیاریەكان هەتا سەردەمانێكی نزیكیش وا نەبوون وەك ئەوەی ئیمرۆ لەسەری دەڕۆین لە ڕووی دیاریكردنی چەمكەكانیان، وە لە ڕووی ڕێبازەوە پەرش و بڵاوبوون و، تەنانەت لە ناساندنی شێوازەكانیان و هۆكارەكانیان ... لە نێوانیان (جوگرافیا) خۆی دەنواند لە بوونی تێكەڵەیەك لە وێژەی گەشتەكان و ئەو كتێبانەی كە نوسرابوون دەربارەی ڕێگاوبان و وڵاتەكان[1]، هەتاوەكو خودا بۆی گونجان و هێنایە سەربار زانایان و بیرمەندانێك كە بنەمایەكانی تایبەتیان بۆ دامەزراند، وە بەرنامەیەكی دیاریكراویان بۆ دانا كە جیاكردنەوەیەكی پێبەخشێت لەگەڵ زانستەكانی تر. تێبینی دەكرێت كە سەردەمی نوێ بووە مایەی بەدەست هێنانی دیاردەی (پسپۆری) لە زانیاری زانستی، كۆمەڵەی توێژەران پۆلێنكران بۆ[2]:

١. زانستە ڕاستەقینەیەكان (العلوم الواقعية): ئەو زانستانەن كە پشت دەبەستن لەسەر ڕاستیەكان و ڕاستیە بەرجەستە و هەست پێكراوەكان لەوانە: زانستەكانی فیزیا و زیندەوەرزانی و جوگرافیا.

٢. زانستە سەرزارەكیەكان (الصورية): خۆی دەنوێنێت لە زانیاریەكانی هزری وەكو ژیربێژی و (علم المنطق) و زانستی گوفتار، و بیركاری، كە دەوەستێت لەسەر پەیوەندی و ئەژماردە.

دەستەی پۆلێنەكەی تر سێ كۆمەڵەن ئەوانیش :

(١) مینورسكس م.ف، الجغرافيون و الرحالة المسلمون، ترجمة عبدالرحمن حميده، مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٧٣)، الكويت، ١٩٨٥، ص ٩.

(٢) محمد علي الفرا، علم الجغرافية، دراسة تحليلية نقدية، ، مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٢٢)، ١٩٨٠، ص ٩.

١. زانستە سروشتیەکان: زانستەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی... لەخۆوەدەگرێت.

٢. زانستە مرۆییەکان: لە نێوانیان زانستەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ....

٣. زانستە سەرزارەکیەکان (الصورية): هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا وەکو ژیربێژی و بیرکاری...

کۆمەڵەی یەکەم جیادەکرێنەوە بە پەیرەوکردنیان بۆ پێوانە و تاقیکردنەوە و ووردبینی لە ئەنجامەکان. دووەمیان پشت دەبەستن لەسەر یاساکان (ئەگەرەکان)، خۆیان تەواو دەکەن بە کۆمەکخوازی لە کۆمەڵەی سێیەم بە سەلماندن و پشکنینی ئەنجامەکانی زانستەکانی تر. دەبینرێت هەروەکو چۆن زانست و زانیاریەکان جیاوازن لە ڕووی پۆلێن کردنیانەوە بەهەمان شێوە جیاوازن لە ڕووی ڕێبازیانەوەن لێرەدا ئاماژە بەدوو ڕێباز دەکەین بۆ گەیشتن بەڕاستیە زانستیەکان ئەوانیش:

١. **ڕێبازی هەڵێنجان** ( المنهج الاستنباطي) deduct method: لەم ڕێبازەدا توێژەر پشت دەبەستێ بە دەرئەنجامی عەقلی (بیری) بۆگەیشتن بەڕاستیەکان، توێژەر پابەند دەکرێت بە تواناکەی بۆ پێشبینی کردن و خەملاندن. ئەم ڕێبازەش لەسەر پێوانە دەوەستێت، وە بیردۆز بۆ ڕاستی دەگوازێتەوە، وە لە لە گشتیاتەوە بۆ بەشەکان دەچێت.

٢. **ڕێبازی خوێندنەوەیی** (المنهج الاستقرائي) Inductive method: ئەم ڕێبازە دادەنرێت بەوەی کە چاودێری و تێبینی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەکات، بابەتەکانی توێژینەوە و پێکهاتەکانی پێش چاودەخات، مەبەستی گەیشتنە بە پێکهێنانی بە دواداچوونێکی گشتی بۆ گۆڕاوەکان، توێژەر لە ژێر سێبەری ئەم ڕێبازە تیشك دەخاتە

سەر ( هەستەکان ) و (ئەزموونەکان ) زیاتر لە ( گوومانبردن ) و ( پێش بینیکردن ). هەروەها دەوەستێت لە سەر بەشەکان و چوونیان بۆ یاسایەکی گشتی[1].

هەروەها زانستی جوگرافیا هاوشانی زۆرێك لە زانستەکانی تر، لەگەڵ هاتنی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕانکاریەکی جۆری گشتگیری بەخۆیەوە بینیووە، نەك تەنها لە چەمك و ڕێبازدا، بەڵکو لە ئامانج و ئامرازەکانیشیدا، بەتایبەت دوابەدوای هەوڵە جیاکەرەوەکانی هەریەکە لە زانایانی (ڕیتەر Ritter ( ١٧٦٩ – ١٨٥٩) و، هامبۆڵت Humboldt). توێژینەوە یەکەمیەکان دەخولانەوە دەربارەی زەوی وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە جوگرافیا زانستێکی ( گۆڕەپانیە)، لەمەوە پاشان جوگرافیەکان دەکرێ بگەن بە بیردۆز و یاساکان لە ماوەی کۆکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی کە پەیوەندیان بە ڕەگەزە جیاوازەکانی جوگرافیاوە هەیە، وە لەمەوە دەستکەوتنی پەیوەندیەکانی نێوانیان. زانا "هامبۆڵت" ئاڕاستەی توێژینەوەکانی بۆ یەکبوون بوو لە جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان، سوور بوو لەسەر جوگرافیای گشتی ( الأصُولية systemtics)، بە پێچەوانەی هاورێکەی کە جەختی لەسەر جوگرافیای هەرێمی دەکردەوە، لەو نێوانەدا ئەو شێوازەی کە زانا "ڕیتەر" گرتبوویە بەر بریتی بوو لە : بوونیاتنان و شیکاری، خۆی دەنواند لە باسکردنی پێکهاتە هەرێمایەتیەکان و ڕەگەزەکانی بە گەیشتنیان بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی جوگرافیا[2].
وە ئاڕاستەکانی هامبۆڵت شیکردنەوە و بوونیاتنان بوو، تیشکی دەخستە سەر پەیوەندی نێوان دیاردە جوگرافیە جیاوازەکان. لە ماوەیەکی دواتردا هەریەکە لە (ڕاتزل و ڤیدال دی

---

[1] محمد علي الفرا، علم الجغرافية، التنظير في الفكر الجغرافي الحديث، مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (١٣٩)، ١٩٩٠، ص ٦ – ٧.

[2] محمد علي الفرا، علم الجغرافية، اتجاهات الفكر الجغرافي الحديث، مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٤٩)، ١٩٨٣، ص ١٥ .

لابلاش) بەشداریانکرد یەکەمیان ڕاتزل Rattzel بە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی ( ئەنثرۆجیۆگراف Anthrogeography) (١٨٨٢ن) کە دادەنرێت بە قۆناغێکی گرنگی زانیاریە جوگرافیەکان[١]، وە دووەمیانی (ڤیدال دی لابلاش V.De la blash) کتێبێکی دانا بە ناونیشانی بنەماکانی جوگرافیای مرۆیی (١٩٩٢)[٢].

بەڵام زانا هتنەر (١٨٥٩ – ١٩٤٢) گرنگیدا بە جوگرافیای هەرێمی و جوگرافیای گشتی بەیەکەوە، وە جەختی لەسەر لەیەکتر جیا نەکردنەوەیان دەکرد: بە بیروڕای ئەو دەکرێت توێژینەوە بۆ توێژینەوە هەرێمایەتیەکان بکرێت لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەی جیاوازیەکانی نێوانیان. وە دەتوانرێت توێژینەوە هەرێمایەتیەکان بکرێت لە ژێر سێبەری توێژینەوەی جیاواز یە شوێنیەکان، هەروەکو توێژینەوە گشتیەکان بە پێویست دادەنرێت بۆ هەر دیاردەیەکی جوگراف کە پەیوەندیە هەرێمایەتیەکان لە خۆوەدەگرێت[٣]. لەگەڵ ئەمانەدا خاوەنانی قوتابخانەی شوێنی (Location) تێگەیشتن لە چەمکی جوگرافیایان وا ناساندووە کە بریتیە لە زانستی دابەشبوونە شوێنیەکان، وە "شوێن" دانراوە بە بنەمای توێژینەوەکانی جوگرافیا[٤] .... هارتشوۆن Hartshorne وای دەبینێت گرنگیدانی جوگرافی خۆی دەنوێنێت لە ڕاڤەکردن و جیاوازیەکانی Differentiation دیاردە جوگرافیەکان لەسەر ڕووی زەوی، هەرێم دەمێنتەوە بە تەوەرەی توێژینەوەکانی جوگرافیا.

---

(١) ج.ر كرون، اعلام الجغرافية البشرية، ترجمة شاكر خصباك، دار المعارف ، بغداد، ١٩٤٦، ص ٧٤.

(٢) فیدال دی لابلاش، أصول الجغرافية، ترجمة شاكر خصباك، مطابع جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٤.

(٣) محمد علي الفرا، علم الجغرافية، اتجاهات الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص ٢٤.

(٤) د.م. سميث، جغرافية الرفاه الاجتماعي، منهج جديد في الجغرافية البشرية، تعريب شاكر خصباك، الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد ( ٢٣)، ١٩٨٠، ص ١٤.

بیری جوگرافی گۆڕانكاری بەخۆیەوە بینی نەك لە مانا و ناوەڕۆكدا بە تەنها، بەڵكو لە چەمكی زانستی جوگرافیا هەروەها لەو كاتەی كە ژمارەیەك لە جوگرافیەكان سووربوون لەسەر ئەوەی كە پێویستە پێناسەیەكی دیاریكراو بۆ زانستی جوگرافیا دابنرێت، بۆئەوەی پارێزگاری لە هەبوونی خۆیان بكەن، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا هەندێكی تر لە جوگرافیەكان پێیان وابوو كە ئەم دیاری كردنە بۆ جوگرافیا دەبێتە هۆكاری ڕاگرتنی (تجمید)ی بیری جوگرافیا و لە قاڵبگرتنی ڕۆڵی جوگرافیەكان لە كارلێككردنی لەگەڵ ئەو شۆڕشە زانیاریەی كە جیهان بەخۆیەوە دەبینێت لە كاتی ئێستادا، هەروەها ئەوانەشی كە ئارەزوویان بە لای ئەوەوە بوو كە دەبێ چەمكی زانستی جوگرافیا دیاری بكرێت جیاواز بوون لەنێوخۆیاندا، بۆنمونە (هارتشۆرن) پێی وایە: "كە جوگرافیا بریتیە لە توێژینەوە لە كاری جوگرافیەكان لە ڕابردوو". ئەمەش بە مانای ڕۆیشتن دێت لەسەر هەمان ڕێبازی كۆن لە توێژینەوەكانی جوگرافیا، وە پشت بەستنە بە ڕێبازی خوێندنەوە. بەڵام هەندێكی تر لە جوگرافیەكان لەوانە (بەنج Bunge) وای دەبینێت : فەرامۆشكردنی ئەوەی كە نووسراوە لە ڕابردووی جوگرافیەكان، وە جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كە پێویستە و جوگرافیا لەسەری دەبێت و بە دەستی دێنێت، ئەمەش واتە پەیرەوكردنی ڕێبازی دەرئەنجامی (المنهج الاستنتاجي) یە[1]. لە لایەكی ترەوە ماوەیەك كە ئەم ماوەیەش كەم نەبوو جوگرافیا دەیناڵاند بە دیاردەی ( تێكەڵبوون – إزدواجية) لە نێوان توێژینەوە سروشتیەكان و توێژینەوە مرۆییەكان[2]. پێشكەوتنی زانیاریە جوگرافیەكان و فراوانبوونیان، بەشداریكرد لە تێپەڕاندنی ئەم

(١) ر. هارتشون، طبيعة الجغرافية، ترجمة شاكر خصباك، الجزء لاول، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٥، ص ٢٩٠.

(٢) محمد علي الفرا، علم الجغرافية، اتجاهات الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص٢٨، و ايضا ر. هارتشون، طبيعة الجغرافية،، المصدر السابق ، ص ٣٢٧.

دیاردەیە ئەمەش بە تیشك خستنەسەر (پەیوەندیەکان) و (بەیەکەوە لکاندنەکان) لە نێوان ڕەگەزەکانی جوگرافیا ( سروشتی و مرۆییەکان)، ئەم کارە وایکرد ببێتە مایەی ئەوەی توێژینەوەکان دەرئەنجامێکیان هەبێت هەروەکو ڕەگەزێکی تەواوکار (متكامل)[1]. توێژینەوەکانی ئاوهەوا و دەرامەتە ئاوییەکان (مرۆڤ) وەکو هۆکارێك و ئامانجێك جیاناکاتەوە، هەروەکو لە توێژینەوە تایبەتیەکانی تر بەشەداری دەکات وەك کشتوکاڵ و گواستنەوە و دانیشتوان .... کە ئەمانەش ڕۆڵی هۆکارە سرۆشتیەکان و گۆڕانکاریەکانیان نادیدە ناگرن.

دەکرێ بگوترێ: بیری جوگرافی نوێ، گرنگی زیاتری بە مرۆڤ و چالاکیەکانی بە دیارخست لەگەڵ پارێزگاری لەوەی کە "شوێن – Space" بنچینەیەکە لە توێژینەوەکانی جوگرافیا. ئەمانە جوگرافیایان برد بە ئاڕاستەی لە (قەبارەدان – تحجيم) بە تایبەتی بۆ شێوەی ئەم توێژینەوانە ( واتە خستنە خزمەتی نێوانی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی – وەرگێر) هەروەها ئاڕاستەیەکی فراوان پەیدابوو کە جەختی دەکردەوە لەسەر لایەنی "ستونی" لە چالاکیەکانی مرۆڤ زیاتر لەلایەنی "ئاسۆیی"، لێرەوە توێژینەوە لە (یەکەکان – الوحدات) لە کاری لە پێشینەیی دانرا بۆ جوگرافیەکان، چیاکان و، دەشتەکان و، ڕووبارەکان، وە هەروەها کەڤرەکان ... (یەکە)ی سروشتین، هەروەکو گوند و، شار و، ڕێگای گواستنەوە و، ... (یەکە)ی مرۆیین، هەربۆیە جوگرافیەکان ئەمانە وەکو هەمووەکی تەواوکاری وەردەگرن، نەوەك بە تەنها بەشێکی دابڕاو، هەروەکو دەکرێ جوگرافیەکان توێژینەوە لە (دارستان) بکەن

---

[1] د. عبدالرزاق عباس حسين، تحليل بعض خصائص الفكر الجغرافي السوفيتي و مقارنته بالفكر الجغرافي الامركي، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، المجلد التاسع، ١٩٧٦، مطبعة العاني، بغداد، ص ١١٣.

نەوەك بە تەنها دار چونکە ئەمە لە پسپۆری (زانستی ڕووەکناسی)یە، وە هەروەها توێژینەوە لە (گیانەوەران) لە پسپۆری زانایانی گیانەوەرزانیە، وە هەروەها جوگرافیا توێژینەوە دەکات لە کەڤرەکان لە بابەت پێکهاتن و دابەشبوون و پەیوەندیان بە ڕەگەزەکانی تری سەر زەوی، بەلام توێژینەوە لە (کەڤر) بە تەنها لە پسپۆری زانستی جیۆلۆجیایە. وە هەروەها جوگرافیا ڕۆڵی خۆی دەگێرێت لە زانستی دانیشتوان بەلاّم زانستی تر هەیە تایبەتە بە توێژینەوە لە مرۆڤ[1].

[1] محمد علي الفرا، مناهج البحث في الجغرافية بالوسائل الكمية، وكالة المطبوعات الكويت، ط ٢، ١٩٧٥، ص ٤٨.

## ئامرازی چەندایەتی لە توێژینەوەی جوگرافیادا

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشکەوتنانەی کە هاودەم بوو لەگەڵ سەدەی ڕابردوو، جا چ لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی جوگرافیا بێت یان ئامراز و شێوازەکانی، ڕێگای (چەندایەتی) شوێنێکی زیاد لە گرنگی وەرگرت لە نێو لقە جیاوازەکانی جوگرافیا، وە گەیشتن بوو بەو ئامانجە ڕازیکەرەی کە باس و توێژینەوەکان مەبەستیانە و پەیوەندی بەو زانستەوە هەیە.

زاراوە گشتگیرەکان، کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت زۆرێك لە جوگرافیەکان دەستاو دەستی پێدەکەن، وەکو زۆر، زۆرتر، یاخود خێرا، خێراتر، ... سیفەتێکی گشتیان وەرگرتووە و، وە کەمتر ووردبینی پێوە دیارە، وە هەڵگری زیاتر لە ڕاڤە و بەڵگەیەکن[1]، بە تایبەت لەم کاتەدا کە داتا و ژمارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هاتونەتە نێو جوگرافیای هاوچەرخ، وە شوێنێکی گرنگیان وەرگرتووە، ئەوەندەی نەماوە زاڵ بێت بەسەر زۆربەی بەشەکانی جوگرافیا.

ئامرازە چەندایەتیەکان جۆراوجۆرن و جوگرافیەکان لە نێوان ڕێگا بیرکاریە سادە و ئاڵۆزەکان بەکاریان دەهێنن، ئامێرە پێشکەوتووەکان یارمەتیدەری بەکارهێنانیانن. تەنانەت (نەخشە) بە هەمان شێوە، لە زۆرێك لە توێژینەوەکان گۆڕدراوە بە ئامرازی (ژمارەیی) کە ئەمەش خزمەتی باسی جوگرافی دەکات، کارکردن لەم بابەتەش توێژەرەوەکان بۆ لای ئەوەدا بانگهێشت دەکات کە زیادەڕەووی لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەدا نەکرێت[2].

جوگرافیناسان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ دەبنەوە لە بەکارهێنانی ئامرازی چەندایەتیەکان و ئەم ئاستەنگانەش لەم چەند خاڵەدا دەخرێنەڕوو :

---

(١) طه محمد جاد، نظرات في الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص ٧٨.

(٢) المصدر نفسه، ص ٨٠.

١. دەگمەنی دەستکەوتنی داتای پەیوەندیدار بە توێژینەوەی ڕەگەزە جوگرافیەکان، توێژەر ناچاردەکات پەنابەرێ بۆ ئامرازی تر، وەکو توێژینەوەی گۆڕەپانی.

٢. زۆرێك لە داتا ژمارەییەکان بەشێوەی خەملاندنە، بەمەش ڕاستی و دروستیان وە لە بەهای زانستیان کەم دەبێتەوە.

٣. بەکارهێنانی ئامرازە چەندایەتیەکان پێویست بەوە دەکات توێژەر زانیاری تەواوی هەبێت بە ئامێر و ڕێگا ئامارییەکان کە گونجاو بن لەگەڵ توێژینەوە جوگرافیەکان.

٤. لە وێنەی ئەم ئامرازانە دەکرێت فەراهەم و بەردەست بن لە هەندێك لە لقەکانی زانستی جوگرافیا لە نموونەیان وەك "ئاووهەوا و دانیشتوان و کشتوکاڵ .." ، بەڵام بەم شێوەیەش نیە لە توێژینەوە هەرێمیەکان[١].

٥. ژمارە و داتاکان تەنها هۆکار و ئامرازێکن، ڕۆڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە سەر توانستی توێژەر لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و شیکردنەوەیان، وە دەرچوون لێیان بە دەرئەنجامی داواکراو.

وە ئەگەر جوگرافیەکان پەنابەرنە بەر داتا تایبەتیەکان بۆ ڕەگەزە سروشتیەکان، وە ئامرازە چەندایەتیەکان زیاتر بەکاربهێنن، ئەوا سەبارەت بە هەندێك بواری وەك "ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە مرۆڤ" ئاسان نیە چوونە ژێرباری داتا و ژمارەی ئاماری[٢].

وە لەگەڵ ئەو کێشانەی هاوڕێیە لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازە چەندایەتیەکان، جا چ لە ڕووی زیادە ڕەویکردن بێت لە سوود لێوەرگرتنی یاخود مامەڵەکردن بێت لەگەڵی،

---

(١) عبدالرزاق عباس حسين، تحليل بعض خصائص الفكر الجغرافي، المصدر السابق، ص ١٢٠ – ١٢١.

(٢) محمد عبدالرحمن الشرنوبي، الجغرافيا بين العلم التطبيقي و الوظيفية الاجتماعية، مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٣١) ، ١٩٨١، ص ٥.

دەبێ توێژینەوەکان بە ئامانجەوە لێی دەرچن. هەر بۆیە ئامرازە ئاماژە پێکراوەکان سەرەڕای ئەم ئاستەنگانەش لە بەکارهێنانیان، ئەم ئامرازانە بەشداریان کردووە لە پێشکەوتن و بەرەوپێش بردنی بیری جوگرافیا و یارمەتیان داوە بۆ دەربازبوون لە قۆناغی بە تەنها "وەسفی" و مانەوە لە یەك شوێن. هەروەها گرنگیان هەبووە لە کەم کردنەوەی کات و پەیوەست بوون بە ووردی و ڕێکی[1]. وە لەگەڵ ئەمانەشدا گرنگیدان بە بە ئامرازە چەندایەتیەکان بە پلەی یەکەم تیشك دەخاتە سەر ڕێبازی توێژینەوە زیاتر لە بابەت.

[1] طه محمد جاد، نظرات في الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص ٨٥ و .محمد علي الفرا، مناهج البحث في الجغرافية بالوسائل الكمية، المصدر السابق ١٩٧٥، ص ٥٤.

# یاسا لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا

ئاڕاستە نوێیەکان لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا لەبەر ڕۆشنایی سوود وەرگرتن لە ئامرازە چەندایەتیەکان بەشداریەکی تاڕادەیەك گەورەییان کرد لە بەهێزکردنی هەوڵە جوگرافیەکان لە داڕشتنی بیردۆز و یاساکان لەجوگرافیادا، وە بوونیاتنانی نموونەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕێگا بیرکاری و ئاماریەکان[1]. تا ئێستاش ئەم بابەتە بووەتە جێگای مشتومڕێکی زۆر، کە ئایا جوگرافیەکان دەتوانن بیردۆز و یاسای تایبەت بەخۆیان دابرێژن لەم بوارەدا؟. لەم ڕوانگەیەوە (هاریس Harris) وایدەبینێت: "ئەگەر جوگرافیا بیەوێت بیردۆز و یاسای خۆی هەبێت ئەوا دەبێت دەستبەرداری توێژینەوە لە تاکە دیاردە بهێنێت و، ڕووبکاتە توێژینەوەی دیاردە گشتییە ئاڵۆزەکان". وە هەروەها (هارتشۆرن Hartshorne) پێی وایە: "جوگرافیا زانستێکی وەسفیە زیاتر لەوەی کە زانستێك بێت بەدوای یاساکاندا بگەڕێت". بەڵام (شیفر Schaefer) "جەخت لەوە دەکات کە جوگرافیا زانستێکە کاردەکات بۆ بەکارهێنان و بەدەستهێنانی ئەو یاسایانەی کە کاردەکەن لە سەر دابەشکردنی شوێنی دیاردە جوگرافیەکان"[2]. لە لایەکیتر (دەیڤید هارڤی David Harvey) "هانی جوگرافیەکان دەدات لەسەر بەردەوامبوونی بەکارهێنانی بیردۆزەکان لە توێژینەوەکانیاندا، بیردۆز لای ئەو وەکو بەربەستێکە بۆ زاڵبوون بەسەر ئاوی بەنداوەکان"[3]. لەگەڵ ئەمانەشدا لە دواتردا جوگرافیەکان هەوڵی داڕشتنی بیردۆز و یاسا جوگرافیەکانیاندا بە ئامانجی دۆزینەوەی دیاردەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکانیان. بەڵام لەم هەوڵانەیاندا ڕووبەڕووی گرفتی ئاڵۆز بوونەوە کە خۆیان دەنواند لە زۆری و هەمەجۆری

---

[1] حرب عبدالقادر الحنيطي، الارتباط المكاني تطويره و برمجته، مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٢٦) ، ١٩٨١، ص ٥.

[2] محمد علي الفرا، نظرات في الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص ١٩.

[3] المصدر نفسه، ص٣٣.

هۆکارە کاریگەرەکان بە پێی کات و شوێن. بیردۆزیش وەك ناسراوە بریتیە لە "بیرێکی ڕێکخراو" یارمەتی ڕاڤەکردنی کۆمەڵێك دیاردەی هەبوو دەدات بۆ ئەوەی ببێتە بنەرەتێك بۆ پێشبینی کردن. هەر بۆیە پێویستە لە سەر جوگرافیەکان کە خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە بۆئەوەی بتوانن بگەن بەگشتاندن و یارمەتی بونیاتنانی گریمانە بدات، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە یاساکان بە بێ تیشك خستنەسەر تاکە دیاردەیەك[1].

لێرەدا و سەبارەت بە بەکارهێنانی بیردۆزەکان و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێو دیاردە جوگرافیەکان ئەوا توێژەرەوانی جوگرافیای هەرێمی لە پێشەکی ئەوانەدا بوون کە پێیان وابوو جوگرافیا پێویستی بە داڕشتنی یاساکان نیە. ئەم بۆچوونەی توێژەرەوانی جوگرافیای هەرێمی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی توێژینەوەکانیان کە زیاتر پشت دەبەستێ بە تایبەتمەندی تاکایەتی هەرێمەکان کە ئەمەش هۆکارە بۆ دروست نەبوونی خاڵی هاوبەش و نە گەیشتنیان بە گشتاندن یاخود گشتاندنێکی یارمەتیدەربێت بۆ داڕشتنی بیردۆزەکان[2]. دواتر توێژینەوەکانیان پشت دەبەستێت لەسەر بە دواداگەڕانی توێژەر و هەستی جوگرافیەکەی و توانای کەسایەتی لە سەر بریاردان و جیاکردنەوە.

جوگرافیزنانی هەرێمی تیشك دەخەنە سەر ڕاڤەکردنی پێکهاتەی بوونیاتنانی هەرێمەکان، ئەمەش بە ئامانجی ناسینی تایبەتمەندیەکانیانە، کە هەندێکیان لە هەندێکیتریان جیادەکرێنەوە، ئەم کارەیەش بە بێ پەنابردنە بۆ ئەو گشتاندنەی باسمان کرد. لەم نێوەندەشدا ئاڕاستەیەك سەریهەڵدا کە داوای جەختکردنە سەر ئەو ئەرکەیەی دەکرد کە هەرێمەکە لەسەری دەوەستێت، وەکو هەرێمەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی ...... وە لە هەوڵدانی دۆزینەوەی خاڵێکی هاوبەشی نێوان هەرێمەکان و، دۆزینەوەی پلەیەکی بەستنەوە و پەیوەندی بوون لە نێوانیاندا.

(١) طه محمد جاد، نظرات في الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص ٨٣.

(٢) هارتشون، طبيعة الجغرافية، الجزء الثاني، المصدر السابق، ص ٢٩٧.

یاساکان کۆمەڵێك ئاستەنگن بۆ جوگرافیا و ئەم ئاستەنگانەش زیاتر لایەنی مرۆیی دەگرنەوە لە جوگرافیادا. بەڵام گرنگی یاساکان لە جوگرافیای سروشتی گومانی تێدا نیە، بەڵام لەلایەنی مرۆیی دا کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە یاسایەك نیە شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بکات. چونکە ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندیدارە بەلایەنە مرۆییەکان دووبارە نابنەوە ئەگەرچی بارودۆخی هاوشێوەش هەبێت ئەمەش بەهۆی جیاوازی خەڵك و جیاوازی لە بیروبۆچونیان.

بوونیاتنانی گریمانە کارێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە بیردۆزی جوگرافیا، وە گریمانەش دادەنرێت بە خاڵێکی بە یەکگەیشتنی نێوان بیردۆز و ڕاستی سەلمێنراو. وە گریمانە جەخت لە بیردۆز و ڕەتکردنەوەی دەکات، بەم شێوەیە وا دەکات هەریەکە لە بیردۆز و گریمانە لە کارلێکی بەردەوامدابن. لەگەڵ سەرکەوتنی گریمانە و سەلمێنراو وادەکات بگشتێنرێت، وە گشتاندنیش بابەتێکە کە جێبەجێدەکرێت لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو یان کۆمەلێکی دیاریکراو وە لە کاتێکی دیاریکراو، هەروەکو دەڵێین: هەرێمێك بەناو و دەنگ دەبێت بە چاندنی میوەجات، یاخود چاڵاکی لە بەریتانیا وابەستەبووە بە کانیەکانی خەڵوز لەگەڵ دەرکەوتنی شۆرشی پیشەسازی.

لەلایەکیتر هەندێك لە جوگرافیەکان وایدەبینن کە بەشێکی گەورەی گریمانە جوگرافیەکان پەیوەندیان نیە  بە هیچ بیردۆزێك، هەربۆیە زۆربەی گریمانە جوگرافیەکان بە گشتاندن کۆتاییان پێدێت، وە جوگرافیەکان ئەم گشتاندنانە بەکاردەهێنن، وە بەو دەرئەنجامانە دەریدەبرن کە پێی دەگەن. وە هەیانە وایدەبینێت کە ئەم گشتاندنانە یاسان، وە ئەوانەش  تێکەڵی نێوان گشتاندن و یاساکان دەکەن. لە ڕاستیدا یاساکان پەیوەندی نێوان دوو دیاردە یان زیاتر لە هەموو کاتێك و شوێنێك شیدەکەنەوە. ئەگەر یاساکان بەشێك لە گرفتەکان یان  دیاردەکان بدۆزنەوە، وە مامەڵە لەگەڵ دوو گۆڕاو بکەن، وە پلەی پەیوەندی نێوانیان بدۆزنەوە، ئەوا بیردۆز ژمارەیەك لە گۆڕاو لە خۆوەدەگرێت، لەبەرئەوە دەگوترێ کە بیردۆز ژمارەیەك لە یاسا بەستراوەکان بە یەکتری لە خۆوەدەگرێت.

گرنگی یاساكان لە جوگرافیای سروشتی شتێكی ڕوونە، بەڵام گرفتەكە دەستكەوتنی یاسایەكە كە ڕەفتاری مرۆڤ شی بكاتەوە. ئەوەی زانراوە ئەو ڕووداوانەی كە پەیوەندییان بە ڕەگەزەكانی مرۆڤەوە هەیە دووبارە نابنەوە هەرچەندە بارودۆخەكان لە یەكتری بچن، ئەمەش بەهۆی جیاوازی مرۆڤ و ئارەزوویان. بۆیە ئەو یاسایانەی كە پشت دەبەستن لەسەر پێش بینیەكان، ڕەفتاری مرۆڤ زیاتر نین جگە لە گشتاندنێكی سادە. واباشترە پێیان بگوترێت (گریمانە). لێرەوە جوگرافیەكان زاراوەی (یاسا ئەگەریەكانیان) [1] ناوناوە لە وێنەی ئەم پێش بینانە، ئەمەش ئەم جۆرە یاسایانە نین كە جیابكرێنەوە بە جێگیری كات و شوێن. سیفەتی یاسای تەواویان نیە بەڵكو زیاتر لەگشتاندن نزیكە. بەڵام گۆڕاوەكان لە دیاردە سروشتیەكان كەمن و دیاریكراون وە ئاڵۆز نین. بۆ نمونە لەیاسای ئەو تەنانەی دەكەونە خوارەوە "هەوا" تاكە گۆڕاوە هەڵاوێردكراوە، بەڵام لە بیردۆزی (فۆن تۆنن) زیاتر لە ژمارەی دە گۆڕاو كراونەتە جێگیرەكان. هەروەها جێبەجێكردنی ئامێرە تەكنەلۆجیەكان و ئامرازەكانی لەسەر كردەوەكانی مرۆڤ و ڕەفتارەكانی كارێكی زەحمەتترە لە توێژینەوە سروشتیەكان، چونكە ناكرێت هەستەكانی توێژەر و ڕێككارە شاراوەكانی پەیوەست بە مرۆڤ فەرامۆش بكرێت لە شیكردنەوەی دیاردەكانی تایبەت بە مرۆڤ، كە تەكنەلۆجیا ناتوانێت پێی بزانێت. یاساكان لە توێژینەوەكانی پەیوەست بە ڕەگەزەكانی مرۆڤ دادەنرێت بەوەی بە شێوەیەكی وورد بە ڕاستەقینەی خۆی دەرنابردرێت، چونكە گەلێك جار تێروانینی خاوەنەكەی پێچەوانە دەكاتەوە.

بە ( تەنهایی) بوون "واتە خۆ جیاكردنەوە" لە توێژینەوەی ڕەگەزەكانی مرۆڤ دادەنرێت بە بەربەستێك لە ڕێگەی گەیشتن بە یاساكان لە بیری جوگرافیدا، وە ئەم گرفتەیەش زیاتر قورس دەبێت لە زۆری ژمارەی گۆڕاوەكان و هاتنە ناوەوەی هۆكارەكان. لەم سۆنگەیەوە، (هارڤی)[2] وایدەبینێت: لەسەر جوگرافیەكانە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بكەن كە یاسای

---

(١) محمد علي الفرا، التنظير في الفك الجغرافي، المصدر السابق، ص ٣٠.

(٢) المصدر السابق، ص ٣١.

بنچینەیی لە ڕەفتاری مرۆڤ بەردەستبێت، وە وا چاکترە بۆ جوگرافیەکان (گشتاندنەکان) بەکاربهێنن لە جیاتی یاساکان:

وە لەبەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەی پێشوو، دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. سەرەڕای جۆراوجۆری ئەو تێگەیشتنانەی کە تایبەتە بەوەی کە جوگرافیا چی دەگرێتەوە ؟ بەڵام خاڵی هاوبەشی کۆکەرەوە لە نێوانیاندا بریتیە لەوەی کە ڕەهەندی (شوێن) دادەنرێت بە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی زانستی جوگرافیا، وە ڕەگەزەکانی سەر زەوی و بابەتەکانی دەگرێتەوە.

٢. ناکرێت بۆ جوگرافیەکان پەیڕەوی لە یەك شێواز یاخود یەك ئامرازی دیاریکراو بکەن لە هەموو لقەکانی جوگرافیا، وە مەرج نیە کۆی توێژینەوە جوگرافیەکان پەیوەست بن بەیەك ڕێباز.

٣. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی جوگرافیا دەدات بریتیە لە پاراستنی لایەنی زانستیەکەی، لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ زۆرێك لە ڕاستیە بەرجەستەکراو و داتاکان دەکات کە شیکردنەوە جوگرافیەکانی لەسەر دەکرێت. وە نابێ جوگرافیا وەك کەرەستەیەکی خاو تەنها بریتی بێت لە کۆکردنەوەی زانیاری و ژمارەکان بۆ توێژینەوەی جوگرافیا.

٤. هەندێ بابەت بەکارهێنانی ئامرازە چەندایەتیەکانی تێدا گونجاوە، بەڵکو پێویستە ئامرازی چەندایەتی تێدا بەکاربهێنرێت. وە هەندێك بابەتی تریش هەیە بە ڕێگای لاسایی چارەسەر دەکرێت وەکو بابەتەکانی جوگرافیای گشتی و جوگرافیای هەرێمی.

٥. بوارێکی فراوان ڕەخساوە بۆ توێژەرەوانی جوگرافیا کە سوود وەربگرن لەو پێشکەوتنانەی کە هاوشانە لەگەڵ شۆڕشی زانیاریەکان لە ڕێگای نوێکردنەوە و پەرەپێدانی توێژینەوەی جوگرافی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازە تەکنیکیەکان

Technique و نموونەکان Models و سیستەمەکان Systems و بەکارهێنانیان لە توێژینەوە جوگرافیاکاندا بە بێ دەست خستنە نێو کرۆك و بنچینەکانی زانستی جوگرافیا.

# ڕێباز .. لە توێژینەوەکانی جوگرافیای نوێدا

توێژینەوە جوگرافیەکان گۆڕانکاریان لە ناوەڕۆکەوە بە خۆوە بینی، وە پێشکەوتنێکی گرنگیان تێدا ڕوودا، ئەمەش چ لە شێواز و ڕێبازەکانی بێت یاخود لە ئامانج و ئامرازەکانی بێت، بێگومان دوای ئەوەی (ڕیتەر و هامبولت) بنەمای جوگرافیای سەردەم و شێوازەکەیان دامەزراند و وە بەرەوە پێشەوەیان برد تاکو گەیشتە ئاستی زانستی تەواو و ڕێك و پێك دوور لە توێژینەوەی جوگرافیای وەسفی و لاسایی کردنەوە.

(ڕیتەر) دووپاتی کردەوە کە ئەم زەویە یەکەیەکی سەربەخۆیە، وە جوگرافیاش زانستێکی پراکتیکی (گۆڕەپانیە)، وە دەتوانرێ یاساکانی جوگرافیا بدۆزرێتەوە لە میانەی کۆکردنەوەی ڕاستیەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان. لەوکاتەوەی (هامبولت) کارەکانی بەرەو زانینی جیاوازی نێو ئەو یەکەیە چڕکردبۆوە، وە تیشکی دەخستە سەر دیاردە سروشتیەکان لە جوگرافیای گشتی. ڕیتەر بە ئاڕاستەی توێژینەوەی مرۆیی دەچوو لە میانەی ئەم دیاردانەدا بەپشت بەستن بە ڕێبازی هەرێمی لە خوێندنی جوگرافیادا.

وا دەردەکەوێت کە "ڕێباز لە توێژینەوەی جوگرافیادا لە لای (هامبولت)" بریتی بووە لە (شیکردنەوەیی و بوونیاتنان)، گرنگی داوە بە شیکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان دیاردە جیاوازەکان، بەڵام (ڕیتەر) پلانی ڕێبازەکەی کە (شیکردنەوەیی و بوونیاتنان) بوو خۆی دەنواند لە وەسف کردنی پێکهاتەکانی هەرێمی و توخمەکانی، و پاشان شیکردنەوەی دیاردەکان لەمیانەی هۆکارە پەیوەندارەکان[1].

دەرکەوتنی پەرتوکی (ڕاتزل) کە ناونراوە بە "ئەنثرجیۆگرافیا" لە ساڵی (١٨٨٢ز) کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە پێشکەوتنی ڕێبازی زانستی جوگرافیا بە بەستنەوەی پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ. لەگەڵ ئەمانەش (هتنر) گرنگی دەدا بە جوگرافیای

---

[1] محمد علی الفرا، اتجاهات الفكر الجغرافي الحديث والمعاصر، نشرة رقم (٤٩)، قسم الجغرافية، جامعة الكويت، ١٩٨٣، ص ١٥.

هەرێمی بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەبەردەم گرنگیدانی بە جوگرافیای گشتی، هەروەك ئاماژەی بەوە کرد بوو کە ناتوانین لە یەکتریان جیابکەینەوە. لە توێژینەوە هەرێمیەکان دەتوانین بە دوای پەیوەندییە شوێنیەکان (هەرێمیەکان) دا بگەڕێین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو هەڵسەنگاندنە جیاوازە بەردەوام بوو لەخوێندنی جوگرافیادا، ئەمەش بەوەرگرتنی دوولایەنی سەربەخۆ تا ڕادەیەکی زۆر، هەتا وای لێهات هەندێك بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە جوگرافیا زانستێکی سروشتیە، بەڵام هەندێکی تر لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دایاندەنا. وە لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوە سروشتیەکان لایەنێکی زیاتری گرنگیدانیان بەخۆوە بینی لەگەڵ دەرکەوتنی زاراوەی جوگرافیا، وە دواتریش توێژینەوە مرۆییەکان بوارێکی گەورەتریان گرتەخۆ.

لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشوو، دوو قوتابخانە لە جوگرافیا سەریان هەڵدا، کە هەردووکیان ڕۆڵێکی گرنگیان لە دەرکەوتنی توێژینەوەی جوگرافیای نوێدا بینی، ئەمەش چ لە لایەنی ڕێبازەو بێت یاخود شێوازەوە، ئەم دووانەش بریتین لە:

**١. قوتابخانەی ناچاری (الحتمية):**

خاوەنانی ئەم قوتابخانەیە کۆمەلێك بەڵگەیان لەسەر توانا و هێزە لە ڕادەبەدەرەکەی سروشت پێشکەشکرد، کە ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە ئاڕاستەکانی توێژینەوەی زانستی جوگرافیا. ئەم کۆمەڵەیە لە جوگرافیناسان ڕۆڵیان هەبوو لە ئاگادارکردنەوەی مرۆڤ لە ڕووداوە سروشتیەکان، وە ئەو کاریگەریانەی هەیەتی و دەیسەپێنێ لە هەر کاتێك و شوێنێك. (ڕاتزل) جەختی لەسەر (حتمية)ی هێزی سروشت کردۆتەوە، وە کاریگەریەکانی لە سەر چالاکیەکانی مرۆڤ و شێوەی ژیانی ڕوونکردۆتەوە. وە نە توانستی کەمی مرۆڤی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سروشت ئاماژەپێکردووە، (سمبل) پشتگیری لە بۆچونەکانی (ڕاتزل) کردووە کە دەڵێ "مرۆڤ زادەی ژینگەی سروشتیە"، یان خۆڵێکە لە خۆڵەکەی هەروەك (دی مولان) دەیلێت[١].

[١] صلاح الدين الشامي، الندية بين الانسان والطبيعة، نشرة رقم(٨٧)، قسم الجغرافية، جامعة الكويت، ١٩٨٥، ١١.

**٢. قوتابخانەی (الإمكانية) تواناداری :**

دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە پێچەوانەی بۆچوونەکانی قوتابخانەی پێشوون، ئەمەش لەبەر هۆی بوونی باوەڕی ڕەها بە توانستەکانی مرۆڤ و تواناکانی لە بەرەنگاربوونەوەی سروشت. هەرچەند ئەم قوتابخانەیە توانای سروشت بەکەم نازانێ بەڵام هێزی مرۆڤی زیاد لە خۆی گەورەتر کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سروشت. لێرەدا (لوسیان شیڤەر) پەنای برد بۆ هێنانەوەی چەند بەڵگەیەك لەسەر لایەنگرانی قوتابخانەی ناچاری جوگرافی و وە بیروبۆچونەکانیانی بە ناڕاست دانا.

پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیەکان کە مرۆڤ بە دەستی هێنان، بەمە توانی بەسەر زۆر لە بەربەستە سروشتیەکاندا زاڵ بێت، بواری ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی ئەم بۆچوونە لەخوێندنی جوگرافیا، کە بۆ یەکەمجار ڕەگی ئەم تێروانینە لای (ڤیدال دی لابلاش) دانراوە، دوای ئەویش لەلایەن (لوسیان شیڤر) و (جین برین و کارل ساور)[(١)].

لێرەدا ڕوو لێوەرچەرخان بنچینەی کۆمەڵەی قوتابخانەی یەکەم بووە لە سەر دەرخستنی تاك لایەنانەی سروشت، وە لە بەرامبەردا دەرخستنی هێزی تاك لایەنانەی مرۆڤ لە لای کۆمەڵەی دووەم دەرکەوت.

بۆیە وا دەردەکەوێ کە پێشبڕکێیەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو قوتابخانەیەدا هەبووە، ئەمەش بەشداریکرد لە زیادکردنێکی زۆری لایەنی زانست و هەمەجۆری لە بیری جوگرافیای سەردەم. بەڵام لە ڕاستیدا لەدوای ئەمانە و لە ڕێرەوی توێژینەوەکانی زانستی جوگرافیادا، جوگرافیا ئاڕاستەیەکی نوێی لە باوەش گرت کە بێ لایەنی خۆی پاراست لە نێوان هەردوو جەمسەرەکە: "سروشتی و مرۆیی"، ئەویش ناسرا بە ئاڕاستەی "ڕێککەوتن" یان "قوتابخانەی ڕێککەوتن"، ئەم ئاڕاستەیە بوونیاتنرا لە سەر بنچینەی توێژینەوە بۆ پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ، هەروەها شێوەی ڕاڤەکردنێکی زانستی قووڵی لە خۆیدا بەرجەستەکرد، بەبونی بڕوایەکی تەواو کە گۆڕانکاری جوگرافی ئەنجامی ئەم دوو جەمسەرەیە، هەریەکیان بەمەودای کارو کارتێکردنەکانی.

---

(١) محمد علی الفرا، المصدر السابق، ٣٦.

دەتوانین بڵێین ئەم ڕێبازە نوێیە لە بیری جوگرافیادا، ڕامانێکی جوگرافی نوێی لە خۆیدا نواند، وە هەوڵێکی گەورەیدا بۆدۆزینەوەی تواناکانی مرۆڤ لە کاریگەریەکانی لەسەر سروشت، وە لە بەرامبەردا ڕۆڵی ژینگەی لە وەستاندنی مرۆڤ و سنوور بۆدانانی خستەروو، لە هەموو ئەمانەشدا بەشی هەڵبژاردنی شوێنی ڕووبەرووبوونەوە و ڕێگاکان و هۆکارەکانی کە پشتی پێدەبەستێت بۆ مرۆڤ جێ هێڵراوە [1].

گومانی تێدا نیە کە تواناکانی مرۆڤ لە کۆنترۆڵکردنی لافاوی ڕووبارەکان و سنوردارکردنی تەوژمە بەهێزەکان و دامرکاندنەوەیان، یان کشتوکاڵکردن لە دامێنی چیاکان و شوێنە بەرزەکان، وە دروستکردنی بەست و بەنداوەکان و پرد و تونێلەکان .... هەروەها هونەری بەکارهێنانی درامەتەکانی زەوی، ئەوەی کە بە دەستی دەخات لە ئامرازەکان و تواناکانی جیاوازی بە مرۆڤ دەبەخشێت بە پێی کات و شوێنەکان.

[1] انظر صلاح الدين الشامي، المصدر السابق، ٣٠.

# پێشکەوتنی ڕێبازی جوگرافیا

پەیدابوونی زانیاریە جوگرافیەکان بە پێویست زانرا هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤ لە سەر ڕووی زەویی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژینگەکەی، ئەمەش ڕێگا خۆشکەرێك بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو ژینگانەی کە مرۆڤ تیایدا دەژی و ژینگەکانی دەوروبەری. دوابەدوای ئەوەی کە مرۆڤ توانی بازنەی گواستنەوەو و پەیوەندیەکانی بەرفراوانتر بکات وە کارایی بەدەست بهێنێ لەم ژینگانەدا ئەمەش بەگوێرەی زیادبوون و جیاوازی پێداویستیەکانی.

پێشکەوتنی زانیاریە جوگرافیەکان هاتەکایەوە بەهۆی قووڵایی پەیوەندیەکانی مرۆڤ بە ژینگەکەیەوە، پاشان جۆراوجۆریەتی لە ڕێگاکانی توێژینەوە، وە بە جیاوازی ژینگەکانیش ڕێبازەکانی توێژینەوەش جۆراوجۆر بوون، وە چۆنیەتی خوێندنەوەی جوگرافیناسان بۆیان، یان ئامرازەکانی ئامادەکراو بۆ توێژینەوەکانیان.

سەرنج دەدرێ کە سەرجەم یاساکانی ڕێبازەکان لە توێژینەوەکانی جوگرافیا بەر لە (ڕیتشهوفن) جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە تەواوی زەوی گۆڕەپانێکە بۆ زانستی جوگرافیا، بەڵام، پاشان، تەنها توێکڵە تەنکەکەی سەر ڕووی زەوی گرتەخۆ بۆیە ئەمەش گۆڕانکاریەکی هێناکایەوە لە"چەمکی زانستی جوگرافیا" بەوەی لە بوونی وەك توێژینەوە لە (زانستی زەوی) گۆڕا بۆ توێژینەوە تەنها لە (ڕووی زەوی)، دواتریش تێگەیشتنی نوێتر بەدیارکەوتن لە دیارترینیان: زانستی جوگرافیا توێژینەوە دەکات لە پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و زەوی، وە ئەم جۆرە پێناسەیە ڕێبازی جوگرافی سنووردارکرد لە پەیوەندی نێوان ژینگە و یەکێك لە توخمەکانی کە ئەویش "مرۆڤە". کەچی (هتنر) جەختی لەسەرئەوە کردەوە کە توێژینەوەکانی جوگرافیا بوونیات دەنرێ لەسەر ئەو پەیوەندیانەی کە ئاماژە پێکراون لە سەرەوە، ئەمەش هەردوولایەنی یەك شوێنی و جۆراوجۆرێتی شوێنی لەخۆوە دەگرێت. بەڵام کۆمەڵێکی تر لە جوگرافی ناسان بۆچوونیان وایە: کە جوگرافیا لەکاتی توێژینەوەکانیدا وابەستە نابێت بە دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی بەگوێرەی ئەو

پەیوەندیانەی کە هەن لە نێوانیاندا، بۆیە جوگرافیا لەدیدی ئەواندا زانستی (پەیوەندیە شوێنیەکانە) [1].

وە چەمکی جوگرافیا لە لای خاوەنانی (قوتابخانەی شوێنی) بریتیە لە "زانستی دابەشبوونی شوێنی" واتا توێژینەوەیە لە (کام شوێن؟) یان شوێنی ڕەگەزەکان و جێگاکانیان، بەڵام ئەمانە زیاتر گرنگیان داوە بە (شوێن) وەکو چەقی توێژینەوەکانی جوگرافیاو تەوەرەکانی[2].

بەڵام "هەرێمیەکان" لە توێژینەوەکانی جوگرافیادا وای دەبینن کە جوگرافیا بریتیە لە زانستی (جیاوازییە شوێنیەکان)، بۆیە جوگرافیناسی ئەمریکی (هاڕتشون) جەختی لەوە کردۆتەوە کە گرنگیدانی جوگرافیناس خۆی دەنوێنێت لە "وەسفێکی وورد و ڕێك و پێك و گونجاو وە ڕاڤەکراو، بۆ تایبەتمەندی گۆڕانکاریەکانی سەر ڕووی زەوی". بۆیە پەیڕەوانی قوتابخانەی هەرێمی، "هەرێمیان" وەك بنچینەیەکی توێژینەوەی زانستی جوگرافیا بە پەسەند زانیووە.

وە هۆکارێکی تر کە ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی ڕێبازەکە لە بیری جوگرافیای نوێدا، ئەویش بریتی بووە لە سروشتی چارەسەرکردنی کێشە جوگرافیەکان. هەروەك لە پێشووتردا ئاماژە بەوە کرا کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە لایەنێکی گەورەی گرتۆتەخۆ لەم چارەسەرکردنەدا، وە دواتر، ئەو هەرێمانەی کە لەم جۆرە پەیوەندیەیان تێدا نەبووە، دوورە دەست بوونە لە توێژینەوە جوگرافیەکان، هەربۆیە جوگرافیەکان دوور بوونە لە توێژینەوە لەبارەی دەریاکان و زەریاکان و شوێنە بیابانیەکان و شوێنە جەمسەریەکان (بەستووەکان) بە پێوانەکردن بەشوێنەکانی ئاوەدانکراو بە دانیشتوان، بۆیە ئاڕاستەکانی جوگرافیا لێرەدا لەگەڵ ئەو هەرێمانەدا ڕۆیشتووە کە قورساییان هەبووە لە ڕووی دانیشتوان و ئابووری و ... لێرەوە ئەوە بەرچاودەکەوێت کە لقەکانی جوگرافی ئەوانەی

---

[1] راجع محمد علی الفرا، علم الجغرافیا، نشرة رقم(٢٢)، قسم الجغرافية، جامعة الكويت، ١٩٨٠، ٢٨.

[2] المصدر نفسه، ص ٦٦، ٢٨.

تایبەتن بە وشکانی زیاتر جۆراوجۆرن و ژمارەیان زیاترە بە بەراورد بە بابەتەکانی دەریا و زەریاکان[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشوو دەتوانرێت بگوترێت کە توێژینەوەی جوگرافیەکان دەڕۆن بەرەو ئاڕاستەی:

١. توێژینەوە لە مرۆڤ و چالاکیەکانی بەشێوەیەکی زیاتر بە بەراورد لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە سروشت لەخۆیەوە دەگرێت، بەو پێیەی کە "شوێن" بە تەنها بوارێکی بچوکی ڕێژەیی لە توێژینەوەکان لە خۆوە نەگرتووە.

٢. گرنگیدان بە توێژینەوەی بەشە ئاوەدانەکانی زەوی، زیاتر لەو شوێنانەی کە کەمتر ئاوەدانن، وە گرنگی دان بە وشکایی زیاتر لە دەریا و زەریاکان.

٣. ئاڕاستە وەرگرتن بەرەو توێژینەوەی درێژە باسی و دیاریکراو، وازهێنان تا ڕادەیەك لە توێژینەوەی گشتی و گشتگیر، بەتایبەتی لە باسی زانستیدا. ئەمەش بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێنەوە.

أ- گرنگی دان بە لایەنی ستونی لە شیکردنەوەدا، زیاتر لەلایەنی ئاسۆیی کە دەبێتە هۆی ڕواڵەتی و گشتگیری.

ب- دۆزینەوەی دیاردەکان و گۆڕاوە نوێیەکان.

ت- کەمکردنەوەی هێزو توانا و تێچوو (الكلفة).

پ- زیادبوونی ژمارەی توێژینەوەکان و باسە جوگرافیەکان ڕێگا خۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی ئەم ئاڕاستانە (ڕێبازانە).

بە پشت بەستن بەم بنەمایانە، پێناسە کلاسیکیەکانی زانستی جوگرافیا، وای لێهات کە نەتوانێت بگونجێت لەگەڵ ڕێبازی داواکراو لە جوگرافیای نوێدا، وەکو ئەو

---

[1] طه محمد جاد، نظرات في الفكر الجغرافي الحديث، نشرة رقم (١٩)، قسم الجغرافية، جامعة الكويت،١٩٨٠، ص٦٣.

زانستەی کە گرنگیدەدات بە پەیوەندیە شوێنیەکان، یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکار و دەرئەنجامەکان، هەروەها ئەمە زیاتر ڕوویکردە شیکردنەوە بۆ توێژینەوەی شوینگەیی. هەر بۆیە توێژینەوە لە "یەکەکان" بوو بە بنەما و بنچینەیەك لە بیری جوگرافیای نوێدا (چیاکان، دەشتەکان، ڕووبارەکان) ئەمانە یەکەی سروشتین، هەروەك (گوند و شارەکان) یەکەی مرۆیین، جوگرافیەکان مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا دەکەن وەکو یەکەیەکی تەواو نەوەك بەشە جیا جیاکان. شار یەکەیەکە دەتوانرێ دابەش بکرێ بۆچەند یەکەیەکی قەبارە بچوکتر وەکو گەڕەك و ناوچەکان، هەروەها گوندەکان بە هەمان شێوە. هەروەها گەڕەکێك دەتوانرێ وەکو یەکەیەکی جوگرافی بگونجێ بۆ توێژینەوە لەبەرئەوەی پێك دێت لە "کۆمەڵێك داتا" و باڵەخانە و ڕێگاکان، هەریەکێك لەمانە یەکەیەکی سەربەخۆیە بۆ خۆی، دەتوانرێت ببێت بەیەکەیەك بۆ توێژینەوە، باڵەخانە لە نێوخۆیدا کۆمەڵە ژوورێك و شوێنگەی تری پەیوەست پێیەوە لە خۆوە دەگرێت، بەڵام ژوورێك بە تەنها دابەش ناکرێ بۆیە یەکەیەکی تایبەت نیە بۆ توێژینەوەی جوگرافی. هەروەها جوگرافیناس دەتوانێ توێژینەوە بکات لە دارستان کە ئەویش پێکدێت لە دار و درەخت و گژوگیا ... بەڵام درەختێك بە تەنها ناتوانرێت جوگرافیناس توێژینەوەی لە بارەیەوە بکات لەبەرئەوەی لە پسپۆری ئەو نیە و دەچێتە بواری ڕووەکناسەکان، بە نموونە. جوگرافیەکان گرنگی دەدەن بە توێژینەوە لە "مرۆڤ" بە پێی دابەشبوون و بڵاوبوونەوەیان وە چالاکیەکان و کردارەکانیان، بەڵام توێژینەوە لە مرۆڤ وەکو تاك لە دەرەوەی پسپۆڕیەکەیانە[1].

---

[1] محمد على الفرا، مناهج البحث في الجغرافيا بالوسائل الكمية، وكالة المطبوعات، الطبعة الثانية، الكويت، ١٩٧٥، ص ٤٨.

لە گرنگترین ئەو جیاکاریانەی کە ڕێبازی جوگرافی جیادەکاتەوە لە زانستەکانی تر ئەوەیە:

١. **فراوان بوونی شوێنی (ئاسۆیی):** چەمکی جوگرافیا ئەوەی کە پەیوەستە بە ڕووی زەوی پێوەرێکە بیری جوگرافی پێ جیا دەکرێتەوە، بۆ ئەمە جەخت لە شوێن دەکاتەوە گەر شارێك بێ یان گوندێك ، یان فراوان بێت وەکو کیشوەرێك لەکیشوەرەکان یان هەموو کیشوەرەکان .. .. .

٢. **فراوان بوونی شوێنی (ستوونی):** مەبەست لەمە ئەم توێژینەوانەیە کە پەیوەستن بە دەرەوەی توێکڵی زەوی، ئەمانەش توێژینەوە ئاووهەواییەکان دەگرێتەوە بە نموونە، کە کاریگەری ئاووهەوا درێژدەبێتەوە لەسەر ڕووەکە سروشتیەکان و خاك و سەرچاوە ئاوییەکان. بەڵام گرنگیدانی جوگرافیەکان بە توێژینەوە لە گەردوون بابەتێکی ئارەزوولێکراو نەبوو هەتاوەکو سەردەمێکی نزیك، تەنها مەگەر ئەوەی پەیوەندی بەڕووی زەوی هەبێت. هەروەها گرنگیان دەدا بەو توێژینەوانەی کە پەیوەندیان هەبوو بە قوڵایی زەویەوە، وە ئەوەی پەیوەست بوو بە بەرزی و نزمی و شوێنی ئاوی ژێر زەوی و سامانە کانزاییەکان یان پەیوەست بوون بە مرۆڤەوە.

٣. **فراوان بوونی کاتی:** ئەوەی گرنگە لە توێژینەوەی جوگرافی دەست نیشانکردنی "کاتە" بۆ هەر توێژینەوەیەك، بە تایبەت کە پەیوەندی هەبێت بە دانیشتوانی زەوی یان ناوچەیەك یان گۆڕانکاریەکان لە پلەکانی گەرما و باران بارین و...هتد. پێویستی بەدیاری کردنی ماوەیەکی کاتییە، بۆیە ئەو ماوەیەش بە گرنگ لە بەرچاو دەگیرێ، وەکو ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەرچاو خوێندنەوەیەکی مێژوویی بێت بۆ دیاردە دیاریکراوەکە.

٤. **گرنگی ڕێژەیی بۆ بابەتەکە:** ئەم بابەتانە زۆرن کە جوگرافیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات یان توێژینەوەیان لەبارەیەوە دەکات، بەڵام هەندێ دیاردە یان گرفت هەن کە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی کە پەیوەندی و بەستنەوەی شوێنیان هەیە، بە مرۆڤ و زەوی، بێگومان ئەو پەیوەندیانە یان پابەندبوونە شوێنیانەی نێوان زەوی و مرۆڤ کە جوگرافی ناسان هەڵی دەبژێرن وەکو ناوەندێکە بۆ توێژینەوە لەوکاتەی کە دیاردەکانی تر ئەم جۆرە گرنگیە تایبەتە بەدەست ناهێنن .

# جوگرافیناسان و داڕشتنی یاساکان

لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ شوێنێکی گەورەی گرتووە لە ڕێبازەکانی بیری جوگرافی نوێدا، وە شوێن (لە کوێ؟) وەکو بنەمایەك دەمێنێتەوە کە توێژینەوە جوگرافیەکان لەسەری دادەمەزرێن بەمەش جیا دەبێتەوە لە زانست و زانیاریەکانی تر. لەگەڵ پێشکەوتنی جۆری و چەندایەتی لەم شێوە توێژینەوانە، زانستی جوگرافیا لە توێژینەوەی وەسفی گۆڕا بۆ توێژینەوەیەك کە گرنگی دەدات بەشیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و هۆکار و دەرئەنجامەکان .... ، بێئەوەی وازبهێنێ لەچۆنیەتی (چۆن؟) کە دادەنرێت بە تایبەتمەندیەکی پێویست، لەگەڵ بوونی هەمەجۆری هۆکارەکانی توێژینەوە و شێوازەکانی[1]. ئەوکاتەی کە دیاردە جوگرافیەکان بە زۆری کەوتنە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری کاریگەرو کارتێکراو Influence and effects وەڵام و ڕوونکردنەوەی زیاتریان هەڵدەگرت، هەر بۆیە جوگرافیناس جەختی لەسەر پرسیاری بۆچی؟ (لەبەرچی ؟) دەکردەوە، وە لێرەشدا پشتی بە وەرگرتنی وەڵام وەردەگرت لە ڕێباز و ڕێگا و هۆکارەکانی توێژینەوەی جوگرافی ... زۆربەی جاریش ڕێگا شیکاریەکان بە چاکتر دەزانران لە ڕێگا ئەگەریە جۆراجۆرەکان، چونکە ڕێگاکانی دووەم نا ڕوونیان زیاتر بوو تا ڕادەیەکی زۆر، بە تایبەت کاتێك دیاردە جوگرافیەکان "پێکهاتەیەك" بن بە گشتی، کە ئاسان نەبێت لە یەکتر جیا بکرێتەوە. بۆنمونە لەبەر ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبار دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێك نەك یەك هۆکار نموونەیەکیتر هۆکاری باران بارین بە تەنها، هەروەك خێراییی تەوژمی ڕووبار چەند هۆکاری تر لە خۆوە دەگرێت .. هەروەها هۆکاری جیاوازی لە هۆکارە جوگرافیەکان دەبێتە هۆی جیاوازی لە ڕووبەرە چێنراوەکان و بەرهەمە کشتوکاڵیەکان[2]. لە پاڵ پێشکەوتنەکانی

---

[1] طه محمد جاد، المصدر السابق، ص ٧١.

[2] المصدر نفسه، ص٨٠.

ڕێبازی جوگرافیا، چەند پێشکەوتنی تر ڕوویدا لە ڕووی گرنگیدان بە هۆکارە چەندایەتیەکان کە ئەمانە ڕێگایەك بوون بۆ گەیشتن بە ڕاستیە جوگرافیەکان، بە تایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

زاراوە گشتیەکان کە پێشتر هەبوون و وە تا ئێستاش لە نێو جوگرافیەکان لێرە و لەوێ بەکاردێت لەوانە "زۆر"، "زۆر زۆر"، بە زۆری"، "بە گشتی"، "خێرا"، بە خێرایی زیاتر"، ئەم زاراوانە بە گشتی و بە ڕێژەیی دەناسرێن، وە زیاتر لە یەك مانا و مەبەست و هەڵدەگرن.

هۆکارە چەندایەتیەکان کە لەم دواییانەدا بەربڵاو بەکاردێن بە شێوەیەکی وورد لە زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بە توێژینەوەکانی جوگرافیای نوێ، ئەمانە ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی ئەم زانستە، ئەم هۆکارانە هەمەڕەنگن لە بەکارهێنانیان لە نێوان ڕێگای بیرکاری سادە و ئەوەی کە داواکاری ئاڵۆزی لێدەکرێ کە ئەمانەش پێویستی بە ئامێری پێشکەوتوو هەیە، بگرە نەخشەکانیش بوونەتە نموونەیەك بۆ هۆکارە ژمارەییەکان، کە لە خزمەتی توێژینەوە جوگرافیاکاندان، بەڵام هەندێك وای دەبینن کە ئەم هۆکارە چەندایەتیانە بەشێوازێکی لە ڕادەبەدەر بەکارنەهێنرێن[(١)]. لەم ئاستەنگانەی کە بەرەو ڕووی توێژەرەوان دەبێتەوە لە کاتی بەکارهێنانی هۆکارە چەندایەتی ئەمانەن:

١. فەراهەم نەبوونی یان دەست نەکەوتنی داتا بۆ هەموو دیاردە جوگرافیەکان توێژەر ناچار دەکات شێوازی جێگرەوە بەکاربهێنێت.

٢. زۆرێك لە داتا ژمارییەکان خەملێنراوین، کەم دەستن لە ڕووی ووردی و لایەنی زانستی.

٣. پێویستیان بە زانیاری تەواو هەیە لە بوونی و ئامێر و ئامرازی ئاماریی کە بگونجێت لەگەڵیدا، وە لەگەڵ داواکارییەکانی توێژینەوەکەدا.

---

(١) انظر المصدر نفسه، ٨٠.

٤. ڕەنگە هۆکارە چەندایەتیەکان ببێتە مایەی ئاسانکاریەك بۆ لقەکانی وەك: "ئاووهەوا، دانیشتوان، ئابووری" بەڵام ئەمانە نابن بۆ توێژینەوەکانی پەیوەست بە خاك بۆ نمونە جیۆلۆجیا، یاخود لایەنی توێژینەوە هەرێمیەکان بە گشتی.

٥. ژمارەکان تەنها ئامرازێکن کە لە ڕێگای ئامێرەکانەوە بەکاردەهێنرێن، ئەوەی دەمێنێتەوە لە سەر توێژەرە کە توانای شیکردنەوەیانی هەبێت، دواتریش بە دەرئەنجامی داواکراو لێیانەوە دەرچێت.

ئەگەر جوگرافیناسانی سروشتی پەنا ببەن بۆ بەکارهێنانی هۆکارە چەندایەتیەکان لە چاودێریکردنی گۆڕاوەکانی (المتغیرات) پەیوەست بە توێژینەوە سروشتیەکان، ئەوا بەکارهێنانی گۆڕاوەکان لە بابەتەکانی وەك ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، لە توێژینەوە مرۆییەکان و، چوونە ژێرباری بەکارهێنانی ژمارەکان و داتا چەندایەیەتیەکان تێیاندا وادەکات کارێکی گران بێت[1].

هەرچەندە لایەنە نەرێنیەکان هاوڕێ بوون لەگەڵ بەکارهێنانی هۆکارە چەندایەتیەکان جا چ لە ڕووی زیاد لە پێویست بەکارهێنرانیان کە دەبووە مایەی دەرچوونی توێژینەوەکە لە ئامانجەکەی، یان جێهێشتنی هۆکارە کۆنەکان کە ئەمان گرنگیان هەبوو لەشیکردنەوەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارە چەندایەتیەکان بەشداربوونە لە پێشکەوتنی بیری جوگرافی، وە یارمەتی دەربووە بۆ دەرچوون لە خۆیەتی و دوورکەوتنەوە لە لایەنگیری، هەروەها گرنگی هەبوو لە کورتکردنەوەی کات و پابەندبوون بە ووردی و ڕاستی و دروستی[2].

---

(1) انظر محمد عبدالرحمن الشرنوبي، الجغرافيا بين العلم التطبيقي والوظيفة الاجتماعية، نشرة رقم(٣١)، جامعة الكويت، ١٩٨١، ٥.

(2) راجع محمد على الفرا، مناهج البحث، المصدر السابق، ٥٤.

ئاڕاستەکانی توێژینەوە جوگرافیەکان لە پابەند بوون بە هۆکارە چەندایەتیەکان بەشداریەکی گەورەی کرد لە بەهێزکردنی هەوڵی جوگرافی ناسان بۆ داڕشتنی بیردۆزە و یاساکانی جوگرافی، وە دروستکردنی نموونەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بیرکاری و ڕێگا ئامارییەکان[١]، ئەم کارە بووە هۆی پەیداکردنی گفتوگۆیەك کە هێشتا بەردەوامە لەوەی کە ئایا جوگرافیناسان دەتوانن یاسای تایبەت بەخۆیان دروست بکەن؟، (هاریس) پێی وایە: کە ئەگەر جوگرافی ناسان بیانەوێ بیردۆزەکان و یاساکانی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن ئەوا لەسەریان پێویستە دەست هەڵگرن لە توێژینەوە بۆ دیاردە تاکیەکان وە ڕووبکەنە توێژینەوەی گشتیە ئاڵۆزەکان بۆ دیاردەکان. لە کاتێکدا جوگرافیناسی ئەمریکی (هارتشون) وای دەبینێت کە جوگرافیا زانستێکی وەسفی یە زیاتر لەوەی کە زانستێك بێت بە دوای یاساکاندا بگەڕێت، (شیڤر) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە زانستێکە بە دوای ئەو یاسایانەدا دەگەڕێت کە فەرمانبەری دابەش بوونی شوێنی بۆدیاردەکە دەکات[٢]. هەروەها (دەیڤید هارڤی) هەمیشە جوگرافی ناسانی هاندەدا بۆ بەکارهێنانی بیردۆزەکان لە توێژینەوەکانیاندا. بیردۆز لای ئەو وەکو بەنداوێکە کە بەکاردێت بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئاوی لافاوەکان بەڵام پاشان پاشگەز بووەوە لەسەر بانگەشەکارەکانی چەندێتی لەدواییدا[٣].

جوگرافی ناسان هەوڵی داڕشتنی بیردۆزە و یاساکانی جوگرافیاندا بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو دیاردانەی کە پەیوەستن بە توێژینەوەکانیان، بەڵام دووچاری کێشەی ئاڵۆز بوونەوە کە خۆیان دەنواند لە زۆری و جۆراوجۆری هۆکارە کاریگەرەکانی کات و شوێنەکان. بیردۆزیش هەروەك وا ناسراوە بیرۆکەی ڕێکخراون یارمەتی دەرن بۆ ڕاڤەکردنی

---

(١) انظر حرب عبدالقادر الحنيطي، الارتباط المكاني تطويره و برمجته، نشرة رقم (٢٦) جامعة الكويت، ١٩٨١، ص ٥ .

(٢) انظر محمد على الفرا، التنظير في الفكر الجغرافي الحديث، نشرة رقم (١٣٩) جامعة الكويت، ١٩٩٠، ص ١٨ – ١٩ .

(٣) المصدر نفسه، ص ٣١.

کۆمەڵێك دیاردەی هەبوو، بۆئەوەی ببێتە بنچینەیەك بۆ پێشبینی کردن[1]. بۆیە لەسەر جوگرافیەکانە دابەشکارییە هاوبەشەکانە بدۆزنەوە، وە بە ڕێنماییەکان لێی دەرچن، بۆئەوەی یارمەتی دەربێ لە بوونیاتنانی گریمانەکان و گەیشتن بە بیردۆزەکان و یاساکان بەبێ ئەوەی جەخت بکەنەوە لەسەر دیاردە تاکیەکان وەك هەرێمەکان بە نمونە. هەر بۆیە جوگرافی ناسانی هەرێمی لەسەرەتادا داوایان دەکرد کە داڕشتنی یاساکان دانەنرێن لە جوگرافیادا هیچ سوودی نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی توێژینەوەکانیان کە پشت دەبەستێ بە تایبەتمەندییە هەرێمیە تاکیەکان وە ڕێگە نادات بگەن بە ڕێنماییەکان کە دادەنرێن بە بنچینەیەك بۆ داڕشتنی بیردۆزە و یاساکان، وە پاشان لە توێژینەوەکانیان پشتیان دەبەست لەسەر ئەوەی کە توێژەرەکە چ توێژینەوەیەکی پێ خۆشە لەو هەستە جوگرافیەی کە هەیەتی یاخود توانای کەسێتی بەسەر چ دەشکێ و دەتوانێت جیای بکاتەوە و بیتوێژێنێتەوە.

جوگرافی ناسە هەرێمیەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر شیکردنەوەی پێکهاتەکانی بوونیاتنانی هەرێمەکان بە ئامانجی ناسینەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەرێمەك لە هەرێمەکانی تر جیای دەکاتەوە، ئەوکارە بووە هۆی نەگەیشتن بە گشتگیرییەکان هەروەك ئامارەمان بۆیکرد، هەربۆیە ئاڕاستەیەکی نوێ سەری هەڵدا کە بانگەشەی دەکرد بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو ئەرکانەی کە هەرێمەکان پێی هەڵدەستن، وەکو هەرێمە کشتوکاڵیەکان و هەرێمە پیشەسازییەکان و هەرێمە گەشتیارییەکان[2]. لە هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی دابەشکارییە هاوبەشەکانی نێوان هەرێمەکان و دۆزینەوەی پلەی ئەو پەیوەندیانەی کە پەیوەستە پێیانەوە، وە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان هەنگاوی یەکەمە بۆ داڕشتنی گریمانەکە و دروستکردنی پێشبینیەکان ڕێگەیەکن بۆ گەیشتن بە بیردۆزەکان.

---

(1) محمد علی الفرا، مناهج البحث، المصدر السابق، ص ٣٠٣.

(2) محمد علی الفرا، علم الجغرافیا، المصدر السابق، ص ٨٨.

هەر بۆیە دروستکردنی گریمانە کارێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە بیردۆزی جوگرافی، وە گریمانەکان دادەنرێن بە هۆکاری بەیەك بەستنەوەی نێوان بیردۆز و ڕاستیە بەرجەستە کراوەکان، وە هەر ئەمە جەخت دەکاتەوە لە بیردۆزەکە یانیش ڕەتی دەکاتەوە. بەم شێوەیە وای لێدێت هەریەك لە بیردۆز و گریمانەکە بە بەردەوامی کار لەیەکتری بکەن. لەگەڵ سەرکەوتنی گریمانەکە و بەڵگەکان لەسەری، دەبێتە گشتگیری، وە گشتگیری کێشەیەکە (بابەتێکە) جێبەجێ دەبێت لە سەر ناوچەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵێك لە ڕەگەزی دیاریکراو، ئەمەش تایبەتە بە ماوە و کاتێکی دیاریکراو، بە نمونە دەڵێین: هەرێمێك بەناوبانگە بە چاندنی میوە یان چالاکی پیشەسازی لە بەریتانیا بەستراوەتەوە بە کانەکانی خەڵووز کە لە ماوەی شۆڕشی پیشەسازی بە دیارکەوت.

لەلایەکی ترەوە هەندێك لە جوگرافی ناسان وادەبینن کە بەشێکی گەورەتر لەم گریمانە جوگرافیانە پەیوەست نین بە هیچ بیردۆزێك، هەر بۆیە زۆربەی گریمانە جوگرافیەکان کۆتاییان دەڕوات بەرەو گشتگیرییێتی. جوگرافی ناسان ئەم شێوە گشتگیریانە بەکاردێنن و ئەو دەرئەنجامانەی پێدەبرن کە پێی دەگەن. بەڵام هەندێك ئەم گشتگیریانە وەکو یاسا دەناسێنن، ئەوانە گشتگیریەکان و یاساکان تێکەڵ دەکەن. یاسا ڕاڤەی پەیوەندی نێوان دوو دیاردە یان زیاتر دەکات لە هەموو کاتێك یان لە هەموو شوێنەکان ... ئەگەر یاساکە بووە مایەی ئەوەی بەشێك لە کێشەکە یان دیاردەکە  بدۆزێتەوە لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ دوو گۆڕاو دەکات (دوو دیاردە) وە ئەندازەی پەیوەندیەکانی نێوانیان دەردەخات، ئەوا بێگومان بیردۆز مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەك لە گۆڕاوەکان دەکات، بۆیە هەندێ کات دەڵێین بیردۆز پێکدێت لە کۆمەڵێك لە یاسای بەیەکەوە بەستراو.

بێگومان گرنگی یاساکان لە جوگرافیای سروشتیدا بابەتێکی ڕوونە، بەڵام کێشەکە لە دۆزینەوەی یاساکاندایە بۆ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتە مرۆییەکان، هەروەك زانراوە ڕووداوەکان لە دیاردە مرۆییەکان وەك خۆی دووبارە نابێتەوە هەرچەند بارودۆخ و شوێنەکان وەکو یەك بن، ئەمەش بەهۆی جیاوازی نێوان خەڵکی و جیاوازی ئارەزووەکانیان.  بۆیە ئەو یاسایانەی کە پشتی پێ دەبەسترێ لەسەر پێشبینیەکان زیاتر

نابێت جگە لە گشتگیریەکی سادە، بەڵکو وا باشترە کە ناوی گریمانەکانی بەسەردا ببردرێ، وە لێرەدا جوگرافیەکان ناوی زاراوەی "یاسا گریمانەییەکان"[1] یان بەسەر ئەم جۆرە پێشبینیانەدا برد کە ئەمانەش یاسا نەبوون. بەڵام گۆڕاوەکان لە دیاردە سروشتیەکان کەمن و دیاریکراون، وە ئاڵۆز نین، لە کاتێکدا لە بیردۆزی "فون تونن" زیاتر لە دە گۆڕاو بە دی هێنراون و بە جێگیری ناسراون. هەروەك جێبەجێکردنی ئامێرە تەکنەلۆجیەکان و ئامڕازەکانی لەسەر کارەکانی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکەی قورسترە زیاتر لە توێژینەوە سروشتیەکان. بۆیە ناکرێت هەستی توێژەر و توانا خودییەکەی لە شیکردنەوەی دیاردە مرۆییەکان ڕەت بکرێتەوە، یاخود دەرخستنی ڕێکخستنە شاراوەکانی کە هۆکارە تەکنەلۆجیەکان پێیان نەزانیووە[2]. هەروەها یاساکان لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە جوگرافیای مرۆیی بە شێوەیەکی وورد دەرنەبڕدراون، لەبەرئەوەی بە زۆری بیروڕای دانەرەکەی پێچەوانە دەکاتەوە.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١. ناکرێت بۆ جوگرافیا پەیڕەوی یەك بەرنامە یان یەك هۆی دیاریکراو بکات لە هەموو لقەکانی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی. بەڵام پێویستیش ناکات هەموو توێژینەوە جوگرافیەکان پابەندبکرێن بە یەك بەرنامەی دیاریکراو.

٢. بابەتانێك هەن زۆر گونجاو نین، بەڵام پێویستە بە هۆکارە چەندایەتیەکان چارەسەربکرێن، هەروەك هەندێ بابەتیش هیچ چارەسەریان نیە بۆیە دەبێ بە ڕێبازە لاساییکراوەکان بتوێژرێنەوە وەکو توێژینەوەکانی پەیوەست بە جوگرافیای گشتی و جوگرافیای هەرێمی.

---

(١) محمد على الفرا، التنظير في الفكر الجغرافي الحديث، المصدر السابق، ص ٣٠.

(٢) المصدر نفسه، ص ٤١.

٣. ئەوەی گرنگە بۆ جوگرافی ناسان ئەوەیە کە خۆیان بە جێبجێکاری  یاساکان دانەنێن بە هەمان ڕێگەی ئەو جێبەجێکردنەی کە توێژەروەی زانستە سروشتیەکان دەیکەن. (هارڤی) پێشنیاردەکات پەلە نەکرێت لەمەدا هەتاوەکو ئەوکاتە دێت تیایدا یاساکانی پەیوەست بە هەڵسوکەوتی مرۆیی فەراهەم دەکرێت ... وە تاوەکو ئەوکاتە چاکترە بۆیان گشتگیریەکان بەکاربهێنن لەجیاتی یاساکان.

## زەریای هیندی لەپەرتوکەکانی کوڕی ماجد و سولێمان میهری

زەریای هیندی دادەنرێت بە ڕووبەرێکی ئاوی قەبارە فراوان لە نێوان هەردوو زەریای هێمن و ئەتڵەسی، درێژدەبێتەوە لەسەر شێوەی ڕووبەرێکی لەبزینەیی لاربووەوە، شەپۆڵەکانی لە باکووریدا لێکدەدەن، کەنارەکانی ئێران دەڕوانێت بەسەریدا و درێژدەبێتەوە بۆ ولاّتی هیند، دوورگەکانی ئەندەنوسیا و ئوستڕالیا لە لای ڕۆژهەلاّتی و کەناراوەکانی ئەفریقیا لە لای ڕۆژئاوایەوە سنوورەکەی دیاریدەکەن. دوو دەریای گەورە لقیان لە زەریای هیندی دەبێتەوە هەروەکو ٠قەلقەشەندی) وا دەڵێت [1]، یەکەمیان لە بەسرەوە درێژدەبێەوە هەتاوەکو ناوچەی لاکانی هیند لە ڕۆژهەلاّت و یەمەن لە ڕۆژئاوا، وە دووەمیان لە دەریای هیندیەوە درێژدەبێەوە بۆ باشووری  وولاّتی حەبەشە هەتا شاری بەڕبەڕ، (مەسعودی) ناوی ناوە (دەریای زەریایی) [2]، لە ئاوەدانیدا دەریایەکی وا گەورە نیە، وە (کوڕی ڕستە)ش بە (دەریای هیندی) ناوی بردووە، وە هەردووکیان وای دەبینن لە بەسڕاوە بە چینەوە بەستراوە – گەلێك دوورگەی تێدا هەیە کە هەندێك لەم دوورگانە ئاوەدانن و هەندێکیان ئاوەدان نین، ژمارەیان هەزار و سێ سەد و حەفتا دوورگەیە.

شوێنی جوگرافی زەریای هیندی و، پەیوەندی بە ناوچە درێژبووەکانی سەری و ناوچەکانی نزیك لێی، وایکردووە ببێتە  شانۆیەکی چالاکیە بازرگانیە جیاوازەکان بە درێژایی سەدەکانەوە، وە لەبەرئەوەی ئەم زەریایە دەکەوێتە نێوان نیمچە دوورگەی هیندی و نیمچە دوورگەی عەرەبی بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەیەکەوە بەستنی چالاکی بازرگانی دەریای

---

[1] خصباك، كتابات مضيئة في التراث الجغرافي العربي، مطبعة دار السلام، بغداد.

[2] الالوسي، تجارة العراق البحرية مع اندنوسيا، دار الحرية، بغداد،ص٨٣.

نێوان هەر دوو ناوچەکە، وە کەنداوی عەرەبی یەکێکە لە دیارترین دەروازە دەرياييەکانی ئەم زەریایە، زەریایەکە ڕۆلێکی سەرەکی دەگێڕێت لە چالاکی بازرگانی ئاماژەپێکراو[1].

وا دیارە کە ڕێگەی دەریایی درێژبوەوە لە کەنداوی عەرەبی بۆ کانتۆن، یەکەم ڕێگای مرۆڤە بەرەو ڕێکخستنی گەشتە بازرگانیەکان، هەروەها بازرگانە عەرەب و موسڵمانەکان بە کەنارەکانی چینی لە باکور زانیویانە لە کانتۆنەوە[2]. هەروەها مامەڵەیان کردووە لەگەڵ ڕەش پێستەکانی (مۆزەمبیق) و دانیشتوانی کەنارەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەلات، زمانی ئاماژە و دەست لە یەکدانیان بەکارهێناوە لەگەڵ ئەوانەی زمانی عەرەبیان نەزانیووە.

هاتووچۆکردنی عەرەب و موسڵمانەکان لە زەریای هیندی دیاردەیەکی جیاکراوەیە لە مێژووی دەریاگەری عەرەبیدا، دەریاوانەکان زۆر سەرسوڕمان بوون بە دلڕفێنی ئەم ناوچە دوورانە، لە پاڵ وێژەی گەلی و چیرۆکەکانی ئەلف لەیلە وە لەیلە و گەشتەکانی سیندبادی دەریایی، دانراوی ڕێك و پێك هەن کە دەچنە نێو زانیاریە دەريايیەکان. (کوڕی ماجد و سلێمان میهری) بە دامەزرێنەرانی وەسفی گەشتە دەریایەکان دادەنرێن، ئەوان بە بەیتی شعری باسیان لە دەریاوانی و کارەکانی کردووە ... وە لە ڕووی سروشتی و گۆڕانکارییە دەرياييەکان، و مەترسییە دەریاوانیەکان چوونەتە نێو بواری ڕێنمایيە دەرياييەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی نایابی کوڕی ماجد و سلێمان میهری لە ماوەی نێوان هەردوو سەدەی پازدەهەم و شازدەهەمی زاینی لە زەریای هندیدا، کە گەورەترین دەریاگەری عەرەب و موسڵمانەکانە بوون و بەناوبانگ بوون لە گۆڕەپانی ڕێنماییەکانی دەریاوانیدا، هەتاوەکو سەردەمانێکی نزیك، یارمەتیدەرێکی بەهێز بوون لە سەرکەشیەکانی بڕینی زەریای هیندیدا، وە ڕێگای سەرەکی بۆ دۆزینەوە جوگرافیەکان لەم زەریایەدا.

---

(١) عبدالملك التميمي، تأريخ العلاقات التجارية بين الهند ومنطقة الخليج العربي ، الكويت.

(٢) محمد صديق حسن، تجارة العراق مع البلدان الشرق، رسالة ماجستير، ١٩٨٥، ص١٠٥ – ١٠٦.

# ڕەهەندی مێژوویی بۆ دەریاوانی لە زەریای هیندی

عەرەبەکان بەر لە مەسیحیەکان بە ماوەیەکی زۆر زووتر ڕابەرایەتی دۆزینەوە جوگرافیەکانیان کردووە لە زەریای هیندیدا، چیرۆکەکانی دەریاوانی عەرەبی بەشێکی کاریگەری لە خۆوەگرتووە لە هەوڵەکانیان بۆ سەرکەوتن بە دەریاکان و دەست گەیشتن بە زەریا و گەیشتن بە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا و هیند .. لە هەمان کاتدا ئەوانی تر نەیان وێراوە سنووری باب المندب ببڕن[1]. لەلایەکی تر، ئامادەبوونی عەرەبی لە زەریای هیندی، گرنگیدانی ڕۆمانیەکانی بە گەرووی بابولمەندەب هەتاوەکو سەدەی یەکەمی زایینی وەستاند، لەو باریەوە پێشبرکێی ڕۆمانیەکان لەگەڵ عەرەبەکان تونتربوویەوە لە زەریای ناوبراو، لەگەڵ فراوانبوونی جووڵەی بازرگانی، پەیوەندیەکانی عەرەبی زیادیانکرد لەگەڵ کەناراوە درێژبووەکانی سەر بەشی ڕۆژئاوا لەزەریای هیندی، وەکو کەناراوەکانی هیند و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا و دوورگەکانی دراوسێی، وە هەروەها زیادکردنی چالاکیە دەریاگەریەکان لەم زەریایەدا.

تێبینی دەکرێت کە شوێنی جوگرافی عێراق، یارمەتیدەر بووە بۆ زاڵبوون لە سەر دەریاوانی دەریایی لەگەڵ ڕۆژهەڵات لە ماوەی سەدە کۆنەکان. لەسەدە یەکەمەکانی زایینی، شاری ئەبلە وای لێهات ببێت بە سەرچاوەی سەرەکی بازرگانی عێراق و کەنداوی عەرەبی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات، مەسعودی ئاماژەی بەوە کردووەکە کە کەشتی چینی و هیندی بۆ عێراق لە کاتێکی زووەوە گەیشتوون[2]. هەروەها بەحرێن بە دیارکەوت وەکو ناوەندێکی بازرگانی گرنگ بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی لە نێوان عێراق و دەروازەکانی کەنداوی عەرەبی، بەو پێیەی کە شوێنی بەیەکگەیشتنی کەشتیە هاتووەکانی بارکراوەیە بە

(١) صلاح الدين الشامی، الفكر الجغرافي، منشآة المعارف، الاسكندرية، ص٢٢١.

(٢) صلاح الدين الشامي، الرحلة عين الجغرافية المبصرة، منشآة المعارف، ص ٧٣.

کاڵا عێراقیەکان و کەشتیە هاتووەکان لە عوممانەوە کە بارهەڵگرتوو بوون بە کاڵا هیندییەکان[1].

هەروەها خەڵکی یەمەن بازرگانیان کردووە لەگەڵ وڵاتانی ئەریتریا و سۆماڵ و میسر و حەبەشە، ئەوان بەسەر دەریادا ڕۆیشتوون بە درێژایی کەناراوەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات. دەریاوانەکان وایان لێهات ببن بە دەوڵەمەندترینی عەرەبەکان کە ئیش و کاری بازرگانیان کردووە، چاکەی زانینی ڕێگاکانی دەریایی بۆ ئەم ناوچە و هەرێمانە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە[2].

لەلایەکی تر، کۆچی (الحضارمة)ەکان لە یەمەن، دادەنرێت بە گەورەترین کۆچی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات، هەروەها کۆچبەرە عەرەبەکان لە (کوجرات) نیشتەجێبوون، هیندییەکان ناویان نابوون (عەرەبتو)، وە هەندێك لەوان بەرێکەوتن بۆ لای دوورگەکانی ئەندەنوسیا و فلیپین و چین[3].

[1] أنظر كوبر، جغرافية النقل البحري، ترجمة محمود الملط، القاهرة، ١٩٧٧، ص ١٣.

[2] مصطفى الشهابي، الجغرافيون العرب، ص٢٢.

[3] أنظر جواد علي، تأريخ العرب قبل الاسلام،ج٨، بغداد، ١٩٧٩،ص ٧٦.

# پێشکەوتنی زانیاری دەریاوانی لە زەریای هیندی

درێژبوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ماوەی هەردوو سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم گەشتی دەریایی، وە بووە هۆی بووژانەوەیەك لە ژێر سێبەری گۆڕانکارییە ڕامیاری و ئابورییە نوێیەکاندا، وە زەریای هیندی بووە ناوەندێکی کارا بۆ زۆرترینی ئەم گەشتە دەریاییانە. وە کەنداوی عەرەبی و دەریای سوور ڕۆڵی زەریای هیندییان لە جووڵەی بازرگانیدا بەهێزکرد، دوای جێگیربوونی پەیوەندییە بازرگانی و ڕامیارییەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆیەتی ئیسلامی و چینی[1]. دەریاوانەکان هەمان ڕێگاکانی ناسراوی کۆنیان بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە بەندەرەکانی هیندی ڕۆژئاوا و باشوور و بەندەرەکانی چینی. کەشتیە بازرگانیەکان ڕاهاتن لەسەر تێپەڕین بە دەریای هیندی لە گەرووی (سلت) لە نێوان دوورگەی سۆمەترە و نیمچە دوورگەی مەلایۆ، بۆ دوورگەکانی نیکوبار ( ئەندامان) و (مالّدیف) و (کالّدیف). ئەوەبوو کەشتیە چارۆگەدارەکان تاریکی دەریاکانیان دەبڕی و دەگەیشتنە سەیلان و نیمچە دوورگەی مەلایۆ لە لایەك و دوورگەی سۆمەترە لەلایەکی تر، پاشان ڕوویان دەکردە دوورگەکانی فلپین و دەریای چینی باشوور[2]. پێویست بوو بۆ گەشتە دەرياييەکان لە وێستگەکاندا بوەستن کە وەکو شوێنی حەسانەوە و ئارامی دادەنران و تێیدا پێداویستی گەشتیارەکان دابین دەکرا. لەم وێستگانەدا، لە لای سیراف الدیبل (کەڕاتشی)، مەسعودی ئاماژەی بەوە کردووە کە کەشتییە چینیەکان دەهاتن بۆ وولاّتانی عوممان و سیراف و کەناراوەکانی وولاّتی فارس و بەحرێن ئەبلە و بەسرە. هەروەکو چۆن عەرەبەکان ناوەندی بازرگانیان هەبووە لەسەر کەنارەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەلاّت و کەنداوی عەرەبی و لە (کلکتا)

---

(١) أنظر القوصي تجارة الخليج بين المد والجزر، نشرة دورم، جامعة الكويت، ص٦ ، ص ٣٣.

(٢) السامر، فيصل، الاصول التاريخية للحضارة العربية الاسلامية، بغداد، ١٩٧٧، ص١٥.

و کەنارەوەکانی ملیبار و سەیلان و بۆرما و مەلەگا و بنادر و سۆمەترە وە هەروەهاش لە جاوەوە، لە ڕێگەی ئەم جوڵە بازرگانیە نشتەجێبووە عەرەبیەکان بڵاوبوونەوە بە درێژایی ڕێگای دەریایی بەتایبەتی لەسەر کەناراوەکانی هیند[1].

(کوڕی ڕستە) ئەوەمان بیردەخاتەوە کە کەشتیەکانی زەریای هیندی لە وولاتی هیندەوە دەهاتن و دەچوونە ناو دیجلەوە لە بەسڕەوە، بەندەری سیرافیش لەنگەرگای کەشتیە هیندی و چینیە گەورەکان بوو، هەر بۆیە وایلێهات ببێتە دەوڵەمەندترین بەندەر و زیاترین گرنگی پێبدری[2]. وەکو چۆن عەدەن بوو بە ناوەندێکی بازرگانی گەورە لە نێوان ئەفریقیا و وولاتانی عەرەبی، وە خاڵی چڕبوونەوەی بازرگانی بوو لە نێوان هیند و چین و میسڕ، (مەقدسی) بە (دهليز الصين) ناوی بردووە وە زۆرێك لەم کەشتیانەش دەگەیشتنە بەسڕەش[3].

بەم شێوەیە عەرەب و موسڵمانەکان چوونە نێو زەریای هیندی، وە گەیشتن بە ڕێگاکان و گەلەکانی سەر زەریاکە، زانیارییە دەریاوانیەکانیان درێژبوویەوە و هەموو دووریەکانیان تێپەڕاند لە کەنارەکانی ئەفریقیاوە هەتاوەکو کەنارەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵات، ئەمە جگە لە گەڕیدەوان و وڵاتناسەکانیان کە تێبینی و بینراوەکانیان لە پەرتوك و توێژینەوە گرنگەکانیان نووسیوەتەوە، تۆمارکردنی گەشتەکانیان، بۆ وێنەی ئەم دیمەنانە شوێنەواری هەستێکی جوگرافی بە خێرایی لە لای گەشتیار یان گەڕیدەوانەکان دروست دەکرد و دەیکردن بە جوگرافی و زێدە خستنەسەرێکیش بوو بۆ بیر و زانیاری جوگرافی، هەربۆیە ( وێژەی جوگرافیای گەشتیاری ) و ( ئاکاری ڕێنماییە دەریاییەکان) دەرکەوتن،کوڕی ماجد و

---

[1] السامر، المصدر نفسه، ص ١٤.

[2] الصقار، جغرافية التجارة الدولية، نشأة المعارف،١٩٧٣، ص ٦٤.

[3] محمد رشيد الفيل، اثر التجارة والرحلة في تطور المعرفة الجغرافية عند العرب، الكويت، ١٩٧٩، ص٢٧.

[*] لە گەورە پسپۆڕانی جوگرافیای مێژووین بۆ زەریای هیندی کە شارستانیەتی عەرەبی و هەردوو شارستانیەتی هیندی و مەلاویان بەیەکەوە بەستەوە. انظر: كراتشوفسكي، تأريخ الادب العربي الجغرافي، ص ٥٦٩.

سولێمان میهری[*] گەورەترین گەڕیدەوان بوون لە ماوەی هەردوو سەدەی پانزەم و شانزەمی زایینی.

## کوڕی ماجد و زەریای هیندی

ناوی (شەهابەدین ئەحمەد کوڕی ماجدی سەعدی نجدیە)، خەڵکی نەجد بوو، وە لە خێزانێکی دەریایی بووە و باوکی و باپیری مامۆستا بوونە، ناوی خۆیان لە زانا دەریاوانیەکان لە زەریای هیندی جێهێشتووە، ئەوکاتە باوکی نازناو کرا بوو بە (ریان البرین).

کوڕی ماجد دادەنرێت بەوەی کە باشترینی ئەو کەسانە بووە کە پەرتوکی هونەری دەریایی نووسیبێت. بەهۆی ئەو و سولێمان میهریەوە زانستەکانی دەریایی گەشەی سەند، و پلەیەکی بەرزی پێشکەوتنی بە دەست هێنا کە بووە مایەی جێهێشتنی کەلەپوورێکی گەورە لە زانستی دەریاگەری دەریاییدا، لە مێژووی کتێبە دانراوەکانیدا بەهۆی ئەم زانستەوە ڕێنمایی و چاوساغی پێدرا، چالاکیەکانی کوڕی ماجد دەکەوێتە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەهەمی زاینی. بۆ خۆی دەڵێت کە ئەزموونی (٤٠) ساڵی هەیە لە دەریادا، هەر ئەم هۆیە بوو پاڵی بە ڕۆژهەڵاتناس (فیران) دوە نا، کە مێژووی لە دایکبوونەکەی بۆ سییەکانی سەدەی ناوبراو بگەڕێنێتەوە، کوڕی ماجد لە پاڵ ئەمەدا مامۆستایەکی کارامە بووە، وێژەوان و شاعیر بووە، وە زۆر سەیری ئەستێرەکان و جوڵەکانیانی دەکرد کە ئەمەش هیوایەکی گەورەی پێ دەبەخشی، وە شارەزایی زۆری هەبووە لەسەر پێوەرەکان کە پێش ئەو کەسی تر ئەو شارەزاییەی نەبووە، سوودی لە زانستەکان و ئەزموونەکانی کەسانی پێش خۆی وەرگرتوبوو[1].

---

(1) حسن صالح شهاب، فن الملاحة عند العرب، صنعاء، ١٩٨٢، ص ٦٤.

وە (ئەحمەد کوڕی ماجد) بە تاکە جوگرافیناسی عەرەبی دادەنرێت کە دوای ڕێبازی (بەتلیموس) نەکەوتبێت لە دابەشکردنی هێڵی یەکسان و لاربوونەوەی (٣٦٠) پلە، ئەو بە (٢٢٤) پەنجەی داناوە ( کە ئەمەش یەکسان بووە بە یەك پلە و ٣٧ خولەك) ، وە کەلەپورێکی گەورەی هەبووە لە کارەکانی کە خۆیان بە چل ژمارە دەبوون، وە زۆربەیان هۆنراوەکانی بوون کە داڕشت بوون لەسەر شێوەی (أراجیز : واتە وەسفی گواستنەوە دەریاییەکان بوون بە شێوەی بەیتی شعری – وەرگێڕان)، ئەمە جگە لە دانراوە سەرەکیەکەی کە کتێبێك بوو دەربارەی (الفواید في أصول علم البحر و القواعد)، وە پەخشانێکی نووسی کە هەردوو ڕووی بیردۆزەیی و کردارەکی بۆ بابەتەکانی دەریاوانی بە درێژی خستەڕوو پشت بەست بەوەی ڕابردووی، وە بە خستنەسەری ئەزموونە کەسیەکانی و سووڕانەوە دەریاوانیەکەی. ئەو ڕووبەرەی کە کتێبی ئاماژە پێکراو دەریخستووە فراوانە و هەریەکە لە دەریای سوور و کەنداوی عەرەبی و زەریای هیندی و ئەرخەبیل و ملایو لە خۆوەدەگرێت، مێژووی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆماوەی سالآنی نێوان (١٤٧٥ – ١٤٨٩ز)، لە دوانزە بەشدا پەرتوکەکەی تەواوکرد، ناوی هەر بەشێکی ناونا (سوود)، سوودی یەکەم باس لە دروستبوونی دەریاوانی دەکات، سوودی دووەم پێویستە کارەکانی دەریاوانی بزانرێت چ لە ڕووی ڕێگاکانی دەریاوانی یان ناوەندەکانی دابینکردن و بە بازاڕکردن و حەسانەوە و ناسینی ڕێگا چاکەکان و مەترسیدارەکان کە بازرگان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ... وە سوودی سێیەم باس لە شوێنەکانی مانگ دەکات، وە چوارەم باس لە بایەکان دەکات، وە پێنجەم باس لە جوگرافیناس و گەردوون ناسە یەکەمینەکان دەکات. وە دوا بەش مۆرکێکی زانستی زیاتری بەسەردا زاڵە، گەڕان لە زەریای هیندیدا لە خۆوە دەگرێت، کە دەست پێدەکات لە (رأس الحد) لە نیمچە دوورگەی عەرەبی و دوورگەکانی قەمەرەوە هەتاوەکو سۆمەترە و جاوە و فەرموزا و سەیلان و بەحرێن و زنجبار و ئیبن جاوان و دوورگەی سەقتەرە لە پاڵ دوورگەکانی دەریای قلزم[1]. بەڵام دانراوەکانیتری، کە بە هۆنراوە ڕێکی خستوون، کە لە زۆبەیاندا ڕێگا دەریاوانیەکانی چارەسەرکردووە، بەو

[1] کراتشوفسکي، المصدر السابق، ص ٥٧٥.

پێیەی کە ئاگاداری بە ڕێنماییەکانەوە داوە کە دادەنرێن بە بەڵگەی دەریاوانی و بازرگانی زۆرباش ... لەوانە: [1]

١. أرجوزة : (بمعنى وصف التنقلات البحرية بأبيات الشعرية) : واتە وەسفی گواستنەوە دەرياييەکان بە بەيتە شعريەکان) : لەوانەی کە دایناوون (حاوية الأختصار في أصول علم البحار) کە پێکهاتبوو لە (١٠٨٢) بەيتی شعری، ئاماژەی بە نيشانەکانی نزيك بوونەوەی ووشکانی کردووە لە دەريادا لەگەڵ زانينی شوێنەکای مانگ، وە باسی لە وەرزی دەرياکان و ڕێگاکانی دەکات لە زەريای هيندی و کەنداوەکانی.

٢. أرجوزة : کە (٦٠٠) بەيتی شعريە کە باس لە ڕێگاکانی دەريايی دەکات لە نێوان ملبار و سفاله زنج لەسەر کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفريقيا.

٣. منظومة: کە (٢٩٥) بەيتی شعری.

٤. أرجوزة: کە (٢٨٠) بەيتی شعريە وەسفی ڕێگاکانی نێوان هيند و سيلان و جلوە دەکات.

٥. أرجوزة: کە (٢٢١) بەيتی شعريە.

٦. أرجوزة: کە (١٧٨) بەيتە وەسفی ڕێگای دەريايی نێوان جدده و عەدەن دەکات.

٧. کنز المعالمة و ذخيرتهم کە (٧٢) بەيتە.

٨. ميمية الابدال کە (٦٤) بەيتە. ( شيعرەکە بە پيتی ميم کۆتايی دێت).

٩. مخمسة أرجوزة.

١٠. أرجوزة: کە (١٠٠) بەيتە باس لە دەريای عەرەبی و کەنداوی عەرەبی دەکات.

١١. شرح مائيته المسماة الذهبية.

---

[1] أنظر: المصدر نفسه، ص٥٨ و حسن صالح شهاب، المصدر السابق ،ص ٦٧.

ئەمە سەرەڕای ئورجوزەی حیجازی کە باوکی داینا بوو، کوڕەکەی هەستی بە پێزانینی هەندێك ڕاستکردنەوە کرد تێیدا پشت بەست لەسەر تێبینیە کەسیەکانی بە ڕێگەیەکی ڕێکخراو (منظم).

وە جوگرافیناس کوڕی ماجد زانیاری وێژەی جوگرافی کەمتر نەبووە لە زانستی وێژەی دەریاوانی، جوگرافیای بیرکاری لە پلەی یەکەمدا دانا بوو، دانراوە تەواو وێژەییەکانی فەرامۆش نەکردووە، ئاماژەشی بە کتێبی ( الفواید) ی (فیران) یش کردووە و لە پێی خۆی دەرنەچووە و ئەگەرچی کاریگەریشی بەسەردا هەبووە بەڵام ئەو دادەنرێت لە لوتکەی دانەران لەسەردەمی خۆیدا کە کتێبی گەردووناسی داناوە و هەروەها دادەنرێت بە یەکەم کەس کە ڕێنمایی دەریاگەری دەریایی نوێی داناوە.

## کوڕی ماجد و فاسکۆدی گاما

زیاتر لە شوێنیك و پەرتوکێکدا هاتووە کە فاسکودی گامای پرتوگاڵی سوڕاوەتەوە بە دەوری کیشوەری ئەفریقیا، وە بە هەنگاویش بە دەروازەکانی هیند گەیشتووە، کاتێك چووە نێو (ملندا) پێیان گووتوە مامۆستا کاناکا یان کانا کە کەوتۆتە سەر کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لە ساڵی (١٤٩٨ز) وە گەیشتە بەندەری قەلیقوت لەسەر کەناری ملیبار[١]. قوتبەدین نەهر والی لە ساڵی (١٥١١ – ١٥٨٢ز) نوسیوویەتی کە کوڕی ماجد یارمەتی پرتوگالیەکانی داوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای هیند بە تێپەڕین بە زەریای هندی[٢]. لە گێڕانەوەیەکی (فرامورو) لە سەرچاوە جوگرافیەکەیدا هاتووە کە فاسکودی گاما کەشتیەکی عەرەبیی بینیووە بۆ باکوور ڕۆیشتووە لە مۆزەمبیقەوە، دەرزی موگناتیسی و نەخشەی

(١) لفظة تحريف اللفظ العربى(معلم) بلغة السواحيلي السائدة في افريقية، ويقصد بها ذو الخبرة الملاحية والفلكية.

(٢) انظر مينورسكي، الجغرافيون والرحالة المسلمون، جامعة الكويت، ص ٢٥.

دەریاوانی هەڵگرتبوو [1]. گاما دەستنووسی عەرەبی دۆزییەوەتەوە و بۆ پاشا (مانویل) ی ناردووە. فاسکۆ دی گاما بەو شوێنانەی کە ڕەت بووەو دەستی بە گەشتەکەی کردووە پێی خۆش نەبووە هەر لە ناوچەکانی عوممان و کەنداوی عەرەبی هەتاوەکو گەیشتن بە نەخشە دەریاییەکانی کاری کەشتیوانی عەرەبی کە ناوی (عمر) بووە[2] .

وەکو پێشووتر باسکرا، دەتوانرێت بگوترێت کە قوتەبەدینی نەهری والی بە تەنها کاری کردووە لە نێو سەرچاوە مێژووییە نوێیەکاندا لە گێڕانەوەی ڕابەرایەتیکردنی کوڕی ماجد بۆ دی گاما لە گەشتەکەیدا بەرەو هیند[3]. ئەگەر وامان دانا کە کوڕی ماجد تەمەنی (٧٤) ساڵ بووە کاتێك کە دی گاما سەرکەوتوو بووە لە سووڕانەوە بە دەوری (رأس رجاء الصالح)، بۆیە گونجاو نیە کەسێك بتوانێت لەم تەمەنەدا ڕابەرایەتی کەشیگەلیەك بکات لە زەریای هیندی، ئەمەش گێڕانەوەیەی قوتبەدین والی زۆر بێهێز دەکات.

## سولێمان میهری

ڕەگ و ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ (میهرە) لەسەر کەناراوەکانی باشووری دورگەی عەرەبی کە (حضرموت) بە ناوبانگ بوو بەکارامەیی دەریاگەری. میهرە بە یەکێك لەو هۆزە بەناوبانگانە دادەنرێت کە بوێر بوونە لە ڕووی چوونە نێو دەریاکان و گەشتە درێژەکانیان، وە میهری لەگەڵ کوڕی ماجد لەساڵەکانی دوایدا کەوتنە ململانێ[4]. وە توێژینەوەکان پەیوەندی کوڕی ماجدیان بە سولێمان مهریەوە دیاریکردووە بە تایبەتی لە ماوەی چالاکیەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەم، ماوەی چالاکیەکانی لە نیوەی یەکەمی

---

(١) كراتشوفسكي، ص ٥٧.

(٢) المصدر نفسه، ص ٢٥.

(٣) انظر مينورسكي، ص ٢٥.

(٤) حسن صالح شهاب، ص ٧٦.

سەدەی شانزەهەم دابووە، ئەمەش دوای جێ پێ قایمکردنی پرتوگالیەکان لە زەریای هیندی.

ئەگەر زانستی دەریاگەری لەلای عەرەبەکان زانستێکی عەقڵی بووبێت، وەکو زانینی دووریەکان و پێوەرەکان، وە ئەزمونی بووبێت وەکو هێڵەکانی دەریایی و وەرزەکان و نیشانەکانی نامەبەری، وە بیردۆزیش بووبێت وەکو خوێندنەوە بۆ خولگەی هەسارەکان و وێنای بورجەکان و شوێنەکانیان، دەردەکەوێ کە سولێمان میهری بابەتیانە بووە لە ڕێبازەکەیدا، ئەو لە گەشتە دەریاییەکانیدا پشتی بەستووە لەسەر شێوازێك کە خۆی دەنواند لە لایەنی ئەزموونی و عەقڵی، وە ئەمانەش بنەڕەتی دەریاگەری بوون لە لای ئەو، لە کاتێکدا کە ماجد بە لای ئەزمونەکانیداوە[(١)]. وا دیارە کە دەریای ئەزمون لە لای میهری گەلێك فراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دانراوو دەستنووسەکانی هەژارترە بە بەراورد بە کوڕی ماجد لە ڕووی ئاگایی و ئاستی ڕۆشنبیری گشتی. وە لە شێوازەکانی میهری بەڵگەی زانینێتی لەسەر زمان و ئەدەب، وە هەردووکیان لە کۆتاییدا دەگەن بەیەك ئەنجام ئەویش زانینی کارەکانی نێو دەریایە ئەمەش دەکەوێت لەسەر بنەمایەکی دوو لایەنە کە بریتیە لە هزر ڕۆشنی و ئەزموونگەری زانستی. بە پێچەوانەی کوڕی ماجد، هەموو دانراوەکانی میهری ئەوانەی کە ماون بە پەخشان نووسیوویەتی لەمانەش[(٢)]:

١. العمدة المهرية في ضبط علوم البحرية (١٥١١ز): باس لە یاساکانی گەردووناسی دەریایی و ئەستێرەکان و دەریاوانی دەکات لەگەڵ ڕێگاکانی دەریاو بایە وەرزیەکان لە زەریای هیندی.

٢. المناهج الفاخر في علم البحر الزاخر: وەسفی کەناراوەکانی زەریای هیندی و بەندەرە بەناوبانگەکان و دوورگە ئاوەدانەکان لە خۆوە دەگرێت، وە ماوەی نێوان وڵاتە عەرەبیەکان و کەنارەکانی هیندی ڕۆژئاوا، وە بەندەرەکانی کەنداوی بەنگال و سۆمەترە

(١) انظر: كراتشوفسكی، ص ٥٧٨– ٥٧٩.

(٢) كراتشوفسكي، ص ٥٨١– ٥٨٩.

و جاوە، لە پاڵ کەنارەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات. هەروەها مەترسیەکانی دەریاوانی و بایەکان و گەردەلوولەکان لە خۆوە دەگرێت.

٣. تحفة الفحول في تمهيد الأصول: باس لە گەردوون و ئەستێرەکان و ڕێگا دەریاییەکان و هۆکارەکانی تێپەڕین بە دەریا دەکات.

٤. هەژمارکردنی ڕۆژ ژمێری مانگی و هەتاوی و ڕۆمی و قیبتی و فارسی.

٥. نامەیەك بە ناونیشانی(قلادة الشموس و إستخراج قواعد الأسوس).

باشەی دۆزینەوەی نووسراوەکانی کوڕی ماجد و میهری دەگەڕێتەوە بۆ (فیڕان) کە لە پێشتردا ئاماژەمان بۆی کرد، ئەمەش لە ڕێگەی کتێبی دەریاوانی تورکی (سیدی علی ریس)، ئەم چاکەیەش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە لە گرنگیدانی بە فەرمانگە زانستیەکانی ئەوروپی بۆ کتێبەکانی دەریاوانی ناوبراو لە ماوەی کرانەوەکانی سەدەی نۆزدەهەم.

لە پەرتوکی (المحيط) دا وا دەردەکەوێت کە بەر لە گەڕانی (فیران) بۆ کوڕی ماجد و میهری، پەرتوکەکە دادەنرێت بە گەورەترین وەسف بۆ دەریاوانی عەرەبی باشوو، بەڵام تاکە کاریگەر کە پێشکەوتنی زانستی جوگرافی دەریاوانی موسڵمانەکان پێچەوانە دەکاتەوە، ئەو توێژینەوانەن دەربارەی گومەزی ئاسمانی و دووریەکانی ئەستێرەکان و هەژماری کاتەکان و دابەشکاری بورجەکان و شوێنەکانیان و وەسفکردنی ڕێگا دەریاوانیەکان بۆ زەریای هیندی ، وە لە بەندەر و دوورگەکان و بایە بازرگانیەکان و گەردەلوولەکان .....

(توماشك) وایدەبینێت ئەم پەرتوکە شوێنەواری ناوازە و دانسقەی هەیە لە بابەتەکانی دەریایی، بە شێوەیەکی تایبەت سەرنج دەخاتە سەر لایەنی کەم دەستی لە ڕووی وێنەی نەخشەیی بۆ کەناراوەکانی زەریای هیندی. وە ئەوە دەبێتە گواستنەوەیەکی جەوهەری بۆ باسکردن لە کەناراوەکانی هیندی پێچاوپێچی بڵاوبوویەوە،

له سەرەدەمەکانی ڕابردوو بۆ  بواری زانیاریه خوێندراوەکان له سەردەمه نوێیەکان.
دیاره "فیران" له کتێبەکەی (المحیط : زەریا) جەختی تەواوی کردۆتەوه لەسەر ئەوەی
که پشتی بەستووه له سەر دانراوەکانی کوڕی ماجد و سولێمان میهری، بەو پێیەی که
نووسینەکەی تەنها وەرگێران نیه، هەروەکو (بیری ریس) دیاریکرد که محیەدین کوڕی
موحەمەد له ساڵی (١٥٥٤ ز) که نەخشەنامەی (أگلس)ی کەشتیوانی گەورەی داناوه که
بەناوبانگه به ناوی (دەریایی) و نەخشەی جیهانی گەوره، بۆ نەخشەنامەکه دوو دەست
نووس نووسراون یەکەمیا نووسراوه له ساڵی (١٥٢٣ز) وه دووەمیان نووسراوه له ساڵی
(١٥٢٦ز) له شێوازەکانی بەراوردکردن به نووسینی (دەریایی – بحرية) که ئەمه
ڕێکخستووێکی هۆنراوەییه، تێبینی دەکرێت ڕووکارێکی لێکچوو هەیه له نێوان ئەو
نەخشەنامەیه و  و بەیته شیعریەکانی کوڕی ماجد، زۆر ئاساییه ئەو پرسیاره له بۆ مرۆڤ
بێتن که ئەگەر "ڕیس" تەماشای ئەڕاجیزی کردووه له ماوەی نێوان هەردوو
دەستنووسەکاندا دەکرێ بگووترێ کوڕی ماجد و سولێمان میهری جێ پێی خۆیان به
دیارخستووه له ناوەندی ئەدەبی جوگرافیی دەریاوانی، وه به سەرچاوەی سەرەکی
دادەنرێن له گۆڕەپانی ئەدەبی ڕێبەره دەریاییەکان هەتاوەکو سەدەی بیستەم.

## ڕێبەرەکانی دەریایی

عەرەب و موسڵمانەکان گەشتیانکرد بۆ هەرێم و ناوچە ئاوەدانیەکان لە پێناوی دەستکەوتنی زانیاری و ویستی بازرگانی ... ئەوان هەروەك چۆن بە ناوچە وشکانیەکاندا ڕەتبوون ئاواش بە ئاوەکاندا گەڕان، سووربوون لەسەر تۆمارکردنی دیمەنەکان و نووسینەوەی تێبینەکان ..

دەکرێ بەرهەمی دروێنەی گەشتەکانیان لە دوو جۆردا جیابکرێتەوە ئەوانیش:

١. ئەو گەشتانەی کە خاوەنەکانیان گرنگیان پێداوە و تەواو تۆمارکراون.

٢. گەشتانێك کە پشکی فەرامۆشکردن و لە بیرچوونەوەیان بەرکەوتبوو.

گومانی تێدا نیە ئەو بەشەی کە تۆمارکراوە، یا ئەوە بووە کە لە کتێبێکدا بووە بە سەرەکی گرنگی بە گەشتەکەیداوە، یاخود کتێبێکی جوگرافی بووە کە وێنەی گەشتەکەی تێدا نووسراوە و گونجاو بووە لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە وەسفی جوگرافی دەیکات[1]. وا دەردەکەوێت لە ناوەندی کەشتیەوانی زەریای هیندی و لقەکانی لە کەنداوی عەرەبی و دەریای سوور نێوی (ڕابەرە دەریاییەکانی) ی بەسەردابراوە، وە لە هەمان کاتدا ناونراوە بە (راهناجع) یان (راهمانی)[2] ئەمەش خۆی دەنوێنێت لە ئەزموونگەری کەشتیەوانی بۆ بابەتەکانی تایبەت بە دەریاوانی و ڕێگاکانی، وە کوڕی

---

(١) الشامي، الفكر الجغرافي، المصدر السابق، ص٢٥٤.

(٢) الراهناج: ومعناه كتاب الطريق، ويلفظها العرب رهمانج. وقد تطورت الى (رهماني) او (رماني) و يقصد بها ضرب من المرشدات البحرية.

ماجدیش چاوی کەوتووە بە دەستنووسێکی یەکێك لە مامۆستاکانی تێیدا بەکارهێنانی زاراوەی (راهناجح)ی بینیووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(٥٨٠ك –١١٨٤ ن)[١].

(کراتشکوفسکی) پێی وایە کە نیشتمانی دروست بوونی وێژەی ڕابەرە دەرياييەکان و چیڕۆکەکانی دەریایی (سیراف) و عوممان بووە[٢]. وە ئەو گومانە زیاتر خۆی نواندووە کە ڕابەرە دەریاییەکان (رهنامجات) دەرکەتووە لەگەڵ دەرکەوتنی چیرۆکە دەریاییەکان لە هەردوو سەدەی نۆیەم و دەیەم.

زانا مەسعودی هەڵدەدات  بە کەشتیەوانانی کەنداوی عەرەبی و زەریای هیندی، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی گەشتە دەریاییەکانیان کردووە بە نێو دەریای چین و هیند و سند و زنج و یەمەن و قەزەم و حەبەشە لە سیرافیەکان و عوممانیەکان بوون[٣]، وە  باسیان لە دەریاکان و کارەکانیان کردووە، هەروەها (مەقدسی)ش هەمان ڕای هەیە[٤] لە ماوەی گەڕانی بە نێو دەریای عەرەبی و لە لای دەریاوانەکان کتێبی بینیووە کە ئەوان پشتیان دەبەست لەسەری و لە کاتی گەڕانیان بە نێو دەریادا. کوڕی ماجدیش ئاماژەی بەسێ کەسایەتی کردووە لە ئەدەبی جوگرافیدا ئەوانیش بریتی بوون لە : محمد بن شاذان ، سهل بن أبان ، الليث بن كهلان[٥]. چاکەی دۆزینەوەی کتێبی ڕێبەرە دەریایەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەریەکە لە "فیران" لە کتێبەکەی

---

[١] کراتشوفسکی، ص٥٦٧.

[٢] المصدر نفسه، ص٥٦٦.

[٣] مروج الذهب، ج١ ، المصدر السابق ، ص١٤٦–١٤٧.

[٤] محسن مال الله، ادب الرحلات عند العرب في المشرق، بغداد، ٩٧٨،ص٩٢–٩٣.

[٥] کراتشوفسكي، ص٥٦٤.

(*) المعالمة: في استطلاع الرجال البحر، هو امهر الملاحين.

(قصص الرحلات کتێبی (ڕێبەرە دەریاییەکان) دەگەڕێتەوە بۆ فیران لە کتێبی (قصص الرحلات و النصوص الجغرافیه) ١٩١٣ – ١٩١٤، وە لە دۆزینەوەکانی بۆ دانراوەکانی کوڕی ماجد و سولێمان میهری، "فیڕان" وای دەبینێت که ڕێبەرە دەریاییەکان و ڕێنماییەکانی دەریاوانی و گەردووناسی، کاری بۆ کراوە بە هۆی دەریاوانەکان لە پێناوی دەریاوانە هاوڕێکانیان، هەر بۆیە بە زمانێکی وا نووسراوە کە دەریاوانەکان لێی تێبگەن، هۆنراوە دانراوەکان لە هونەری دەریاوانی دەستاو دەستی کردووە و باو بووە لە نێوان دەریاوانە عەرەبەکان کە لە زیاترین ئەو هۆکارانە بوون بۆ گەشەسەندنی زانستی دەریاوانی، وە گواستراوەتەوە نەوە لە دوای نەوە، وە لەبەرکردنیشی ئاسان بووە، وە هەواڵەکانی ناوچە عەرەبیەکان بە هۆی هۆنراوە بلاْودەبوویەوە بە درێژایی ولاْتە عەرەبیەکان، وە هەروەها زانیاریە دەریاوانیەکان بلاْودەبوویەوە لە ڕێگای دانیشتنی بەردەوامی دەریاوانەکان کە بەیکدەگەیشتن لە بەندەرەکان وە گەورەی دەریاوانەکانیش (المعالمة: مەبەست پیاوە سووسەزانەکانی دەریا یاخود لەوانە بوون کە لە کارامەییتریەکان بوون) تێیدا ئامادە دەبوو لەگەڵ کەشتیوانەکان، وە گوێیان لە چیرۆکەکانی دەریاوانی و هونەرەکانی دەگرت، وە کوڕی ماجد جەختی کردۆتەوە لەوەی کە ئامادەبووە لە زیاتر لە بیست دانیشتندا [(١)].

ڕێبەرە دەریاییەکانی کوڕی ماجد جێگایەکی بەناوو دەنگی هەیە نەك تەنها لە وێژەی عەرەبی بە تەنها، بەڵکو لە هەموو مێژووی شارستانیەتی مرۆیی. وە بە شێوەیەکی ووردی سروشتیانە سەرنجی بارودۆخی دەریاوانی و ئۆقیانووسی داوە لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەم، وە هەروەها لە بواری دەریایدا لە کەناری ئەفریقیای ڕۆژهەلاْت دەسپێك لە نزیك (رأس الرجاء صالح) و لە نێوان بەندەری زەیتون لە چین، کە دەریای

[(١)] حسن صالح شهاب، ص٦٢.

سوور و کەنداوی عەرەبی و هەموو دوورگەکانی زەریای هیندی دەگرێتەوە، وە ئەرخەبیل لە ئاسیای ڕۆژهەلآت بێجگە لە فلیپین و یابان، لە پاڵ ئەمەدا دادەنرێت بە گرنگترین سەرچاوە بۆ زانیاریە جوگرافیەکان[1]. کوڕی ماجد دانی بەوە داناوە کە لەم ڕێبەرە دەریاییەدا پشتی بەستووە لەسەر ئەو ڕێبەرانەی کە باوك و باپیری وەسفیان کردووە لە پێشتردا، وە لەسەر بنچینەی زانیاری ئەو دەریاوانانەی کە لە سەردەمەکانی پێشووتردا ژیاون، هەربۆیە هەڵساوە بە چاککردن و خستنەسەری زیاتر بۆ سوود لێوەرگرتنی کەشتیەوانەکانی زەریای هیندی لە نێویاندا عەرەبەکان و ڕەش پێستەکان و هیندیەکان، و تەنانەت چینیەکانیش. لەسەر ئەمەدا ئەم دانراوەی دادەنرێت بە گرنگترین سەرچاوەی مێژوویی و بازرگانی لە دەریایی باشووردا لە ماوەکانی ڕابردوویدا بەتایبەت لە ماوەی داگیرکردنی پرتوگالیەکان ڕاستەوخۆ.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

گەشتی دەریایی بەشداریەکی کارای کرد لە دەوڵەمەندکردنی زانیاری جوگرافی لە لایەنەکانی سروشتی و مرۆیی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە زەوی و مرۆڤەوە. وە بە شێوەیەکی سروشتی ئەم گەشتە دەریاییانە لە زەریای هیندی و بۆ ماوەیەکی درێژ لە پشت پێشکەوتنی شێوازەکانی ڕۆیشتن بە دەریادا بووە وە لە پشت ئەو بەرەو پێش چوونە و باشترکردنەی بەکارهێنانی کەشتیەوە بووە بە مەبەستی ئامانجی ئابووری، لە پاڵ پێشکەوتنی پەیوەندیە بازرگانیەکان لە نێوان وڵاتاندا خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕۆشنبیریشی پێشکەشکردووە لە هەمان کاتدا. نموونەی ئەم گەشتە دەریاییانە لە زەریای هیندی وای لێهات شێوەیەك لەشێوەکانی توێژینەوەی گۆڕەپانی وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی جوگرافیای عەرەبی ئیسلامی. ئەوەبوو لە پێشەکیدا وێژەی ڕێبەرە دەریایەکان خستنەسەرێکی گرنگی جەوهەری خستەسەر وێژەی جوگرافیای گەشت و گوزاری. وە بە

---

(١) كراتشوفسكي، ص ٥٨٥.

زۆری دۆزەرەوەی جوگرافیای ئەوروپی پشتیان بەستبوو لە سەر ئەزموونی عەرەبی و ئیسلامی لە سەراپای زەریای هیندی، وە دەریاوانە ئەوروپیەکان ئەو نەخشانەیان بەکاردەهێنا کە بازرگانەکان لەگەڵی ڕاهاتبوون لە پانتایی زەریادا. لەم ڕووەوە (مینورسکی) ڕای وایە ئەگەر جوگرافیە موسڵمانەکان نەبوونایە لە نەزانیەکی تەواو دەمایەنەوە بۆ ڕێگاکانی بازرگانی و سیستەمی ژیانی ئابووری و بەڕێوەبردن کە گۆڕانکاری زۆریان لە دوایدا بەسەردا هات [(١)].

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە بگوترێ کە دانراو و دەستنووسە جوگرافیەکان دەستی پێکرد لە سولێمانی بازرگانەوە تێپەڕی بە یەعقوبی و کوڕی خوردازبە و کوڕی فەقیە و مەسعودی و ئوسترخی و کوڕی حەوقەل و مەقدسی وە کۆتای هات بە (کوڕی ماجد و میهری)، لێرەدا کەنداوی عەرەبی و زەریای هیندی ببوونە شانۆیەك بۆ بازرگانیەکی پشتێنە فراوان وە شاری ئەبلە و سیراف و بەسرە ڕۆڵێکی جیاکاریان بینی و بوونە ڕێگایەکی بازرگانی کە ئاسانکاریان تێدا فەرهەمکرا و وە ئەزموونی بەرزیان لەو بارەیەوە پێبەخشرا.

هەروەها کەشتیگەلی عەرەبی لە کەناراوەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواوە ڕێ ی دەکرد بەرەو کەناراوەکانی سیام و مەلەگا و جاوە لە ڕۆژهەڵات، وە لەبەسرە لە سەرەتای دوورگەی عەرەبیەوە بۆ سەری کەنداوی بەنگال لە باکوورەوە وە بۆ کەنارەکانی سفالە لە مۆزەمبیق و دوورگەکانی تەیمور لە باشوورەوە وە هەتاوەکو دوای دەرکەوتنی پرتوگالیەکان لە باشووری دوورگەی عەرەبی. پورتوگالیەکان هەڵە بوون لە خەملاندنیان بۆ داگیرکردنی دوورگەی (سەقترا) کە دابڕی ڕێگەی دەریای بوو لە نێوان هیند و دەریای سوور، عەرەب بەردەوامبوون لە دەریاوانی نێو زەریای هیندی، وە دەبینین کە زانیاری دەریایی وای لێهات بچێتە قۆناغێکی زۆر بەرزەوە لە لایان بە درێژایی سەدەی شانزەمی زاینی کە تێیدا کوڕی ماجد و سولێمان میهری بەدیارکەوتن.

(١) مینورسكي، ص ٢٨.

## جوگرافیای ڕزگاریخوازی ئیسلامی لە نێوان قوستەنتینیە و ئەندەلوس

ماوەیەکی درێژ تاریکی کیشوەری ئەوڕوپای داپۆشیبوو، خەڵکی وا گومانیان دەبرد کە لەم بارودۆخەیاندا هەرگیز بە ئاگا ناهێنەوە، لەو کاتەشدا بوو کە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی خەریکی بوونیاتنان و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بوو، هەموو جیهانی ئەوڕوپیش ئاگاداری ئەم ڕووناکیە بوو کە بەرەو سەرجەم ئاڕاستەکان دەچوو .. خۆزگە خواز بوون کە تروسکای هیوایەك بە وڵاتەکانیان بگات، ئەمەش بە کردار ڕوویدا، لەم ڕووە لی بۆن دەڵێت : ( کوڕانی دوورگەی عەرەبی گەیشتبوونە لوتکەی ئەو بانگەوازەی کە هەڵیان گرتبوو بۆ هەموو ناوچەیەکی جیهان کە ئەمەش بەرو ئاڕاستەی ئەورپا دەڕۆیشت، گەورەی ئەو نەتەوانە پێشبینیان دەکرد کە وڵاتاکەنیان دەبێتە پردێك بۆ تێپەڕبوونی سوپای عەرەبەکان وە بە دڵخۆشیەوە تامەزرۆبوون و چاوەڕێی ئەوکاتەیان دەکرد کە سەربازە سەرکەوتووەکان دەربکەون، ئەوان هەڵگری مەشخەڵی دادگەری و سۆز و میهرەبانی و شارستانی بوون، لەبەرئەوە ناوودەنگی خۆش و گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکان خێراتر بوون لە ئەسپی نەوەکانی عەرەب).

وە لەم چەند لاپەڕەیەدا، توێژینەوەیەك دەخرێتەڕوو لە بارەی جوگرافیای ڕزگاریخوازی ئیسلامی بۆ جیهانی ئەوڕوپی و، بەرەو پێشچوونی بیری ئەم ڕزگاریخوازە، مەبەستێتی قۆناغەکانی هەڵکشان و ئاڕاستەکانی پێشچاوبخات، وە بە جەختکردنەوەی پەیوەندی لە نێوان سووربوون لەسەر ڕزگارکردنی قوستەنتین و نێوان هەڵمەتەکانی سەربازی یەك بەدوای یەك بە ئاڕاستەی ئەوڕوپا لە ڕێگەی ئەندەلوس و وڵاتی فەڕەنسەوە.

### یەکەم قوستەنتینیە:

سوپای ئیسلامی ڕێگای خۆی بری بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ... ئەمەش ڕێباوەری ئەو کۆڵەگەیە بوو کە بانگەوازی ئیسلامی لەسەری بوونیاتنرابوو، کە ئاینێکە بۆ تەواوی خەڵکی

جیهانە بەگشتی .. دەسپێکی ئەم بانگەوازەش دەستی پێکرد لە سەردەستی خودی پێغەمبەری خودا ( دروودی خودای لەسەر بێت)، هەر بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوی نارد بۆ کیسرای پاشای فارسەکان، و هیرەقلی پاشای ڕۆمەکان و گەلێکی تر لە سەرۆك و سەرداری ولآتان ... بانگهێشتی دەکردن بەرەو ئیسلام، تیمێك لە سوپاکەی ئامادەکرد بۆ ڕزگارکردنی عێراق و ولآتی شام، هێرش بردنەکانی (دومة الجندل و موتة و تبوك ) لە پێشەکی ئەو ڕزگاریخوازیانەدا بوون، لە سەردەمی ئەبوبەکری ڕاستگۆ چوار کۆمەڵەی ئاڕاستەکرد بۆ ڕزگارکردنی ولآتی شام، جەنگی یەرموك لە ساڵی (٥١٥ – ٦٣٦ ز)، سەرەتای ڕزگارکردن بوو بۆ وولآتی شام بە تەواوەتی، وە جەنگی قادسیە ڕێگایەك بوو بۆ ڕزگارکردنی عێراق.

قوستەنتینیە یەکێك بوو لە چوار شارە گەورەکەی جیهان، هاوتا بوو لە ڕووی کاریگەریەوە وەك شارەکانیتری ئەسینا و ڕۆما و قودس، زۆر هۆکار هەبوون بەشداریانکرد بۆ بەدیارخستنی گرنگیەکەی لەوانە: سروشتی زەویەکەی، شوێنە جوگرافیەکەی، سێگۆشەیەك بوو ئاو لە لاکانی دەوری دابوو، لە باکووری ڕۆژئاوایەوەی بەندەرێکی درێژی کەوانەیی درێژدەبێتەوە کە ناسراوە بە شاخی زێڕینی بەناوبانگ، بۆ باشوری ڕۆژئاوایەوە دەکەوێتە سەر دەریای مەڕمەڕ وە لە نێوان هەردوو دەریادا ( دەریای فۆسفۆڕ) بە نێویاندا دەڕوات، شارەکە لەسەر حەفت گرد دروستکراوە چاودێریەکی سروشتی لە وشکانیەوە پێدەبەخشێت[1].

مەبەستیان بوو یەکێك لەم دوو بەربەستە لەبەردەم ڕزگاریخوازی ئیسلامی لادەن، دوای ئەوەی یەکێك لە پایتەختی فارسەکانیان لادا و زاڵبوون بەسەر دەوڵەتەکەیان[2]. قوستەنتینیە ببووە جێگای تێڕامانی سوپای ئیسلامی، وە جێگای دڵخۆشیان، کە ئەمەش باسی گێرانەوەی چیرۆکێکی گەورە دەکات، سوپای ئیسلامی تێکۆشانێکی زۆری دا لە پێناوی دەست گەیشتن بەم ناوچانە بە درێژای هەشت سەدە .. لە ڕاشیدەیەکان دەستی

---

(١) أنظر بوناردين كلتي، فتح القسطنطينيه، ص١٤.

(٢) المصدر نفسه،ص (ب).

پێکرد پاشان ئەمەوی و عەباسی و دواتر عوسمانیەکان ... بەڵام قوستەنتین خۆی ڕاگرت هەتا ساڵی (٨٥٧/کۆچی١٤٥٣ز)، کاتێك سوڵتانی عوسمانی محمدی دووەم (محمد الفاتح)، سنووره کانی شکاند و دەستی گەیشت بە شوراکانی.

هەروەها موسڵمانەکان زیاتر لە چەند هەڵمەتێکیان ئەنجامدا بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینیە، هەرچەندە، وڵاتانی پشت تۆڕۆس و قەفقاسیا گۆڕەپانێك بوون بۆ هێرشەکانی زۆری بێزەنتینیەکان بۆ سەر ناوچە و جێگاکانی موسڵمانان. وە بەشێك لە موسڵانەکان بەسەرکردایەتی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە ساڵی ( ٥٣٢ کۆچی / ٦٥٠ ز) خۆیان گەیاندە هەندێك لە لاکانی ئەم وڵاتانە لە ڕۆژانی خەلیفەی ڕاشیدی (عوسمانی کوڕی عەففان). بەڵام نەیانتوانی ڕزگاری بکەن و دواتر هێرشی دیکەی بەدوا داهات. تونترینیان گەمارۆدانی قوستەنتینیە بوو لە ساڵی ٤٨ کۆچی بە سەرکردایەتی (سوفیان بن عەوف) کە نزیکەی چوار ساڵ بەردەوام بوو، بەبێ دەستکەوت و بەهۆی بەهێزی شورەکانی و بەرگریکردنێکی سەرسەختانە، وە بەهێزی ئاگری ئیغریقیەکان کە کەشتیەکانیانی دەسوتاند، وە دوا هەڵمەتبردن لەسەردەمی خەلیفە هارونە رەشید بوو، کە ئەویش ڕێکەوتن لەگەڵ ئیمپراتۆی بێزەنتینی (نقفور) لەسەر سەرانەدان[١].

لە ساڵی ( ٩٠ کۆچی) (موسلەمەی کوڕی عەبدوڵا) گەیشت بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕۆم و، هەر پێنج قەڵاکەی لە سوریا ڕزگارکرد، وە لە ساڵی (٩٢ك) سەرکردایەتی هەڵمەتێکی تری کرد و، ئەمجارەیان سێ قەڵای گرت و خەڵکی سوسنە گەیشتنە زەوی ڕۆم، دوای سێ ساڵ (عەبباسی کوڕی وەلید) زاڵ بوو بەسەر هیرەقل و ئەوانیتر.[٢]، وە قوستەنتینیە بۆ جاری سێیەم گەمارۆدرا لە ساڵی (٩٨ك)، لە سەردەمی (سولێمانی کوڕی عەبدولمەلیك) وە بە سەرۆکایەتی (کوڕی عەبدولاً) وە سەرکەوتوو نەبوون، وە پاشای ڕۆمیش مرد، ئەمجارە موسڵمانەکان گەمارۆدران، دوای هەوڵێکی زۆر کە خەڵکی قوستەنتینیە داوای ئاشتیبوونیان کرد بەڵام (موسلەمەی کوڕی عەبدولاً) ڕازی

[١] المصدر نفسه،ص(أ).

[٢] ابن الاثير، الكامل المجلد الرابع، ص٥٤٧– ٥٩١.

نەبوو، وە لە ساڵی (٩٩ك) (عومەری کوڕی عەبەدولعەزین) نووسراوێکی ئاڕاستەی (موسلەمە) کرد کە ئەو لە زەوی ڕۆمەکان بوو، فەرمانی پێکرد ئەو و هەرکێ لەگەڵیەتی لە موسڵمانەکان بگەڕێنەوە[1]. بەم شێوەیە خودای گەورە ویستی لەسەر بوو کە ئەو سوپایە لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە، بەر لەوەی جارێکیتر ئەو بابەتەیە دوبارە ببێتەوە و کشانێکیتر بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینیە نوێ ببتەوە ئایا ئەم سووربوونە لەسەر ڕزگارکردنی قوستەنتینیە بۆچی یە؟.

گومانی تێدانیە کە دەوڵەتی فارس و ڕۆمەکان خاوەنی جڵەوگێری تەواوی جیهان بوون بەر هەڵکشانی دەوڵەتی ئیسلامی، وە لە دەستپێکەی ئەم هەڵکشانەیدا، شاری مەدائین کەوت و موسڵمانەکان بە دوای سوپای فارسەکان کەوتن و هەتاوەکو زاڵبوون لەسەر پاشاکەیان، بەم شێوەیەش کۆتایی بە دەوڵەتی فارسەکان داهات، وە ڕۆمەکان بەردەوام بوون لەسەر فەرمانڕەوایەتی خۆیان لە نزیك سنوورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی وە پایتەختەکەشیان "قوستەنتینیە" زۆر لێیان دوور نەبوو. وە دەگێردرێتەوە کە موسڵمانەکان زیاتر بە ئاگابوون و چاوکراوەتر بوون لەسەر پایتەختی ڕۆمەکان دوای کۆچی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لە سەر بێت)، وە ئەوان چاویان لە ڕزگاکردنی قوستەنتینیە بووە، لە سەر زمانی پێغەمبەردا هاتووە کە (قوستەنتینیە ڕزگاردەکرێ، لەسەردەستی باشترین ئەمیر و ، وە باشترین ئەو سوپایەی کە هەیتی) [2]. وە ئەوەشی لێ دەگێردێتەوە کە یەکەم سوپا کە گەمارۆی شارەکە دەدات خودا لە گوناهەکانیان خۆش دەبێت، وە لە گێڕانەوەیەکیتردا یەکەم سوپا کە شاری قەیسەر ڕزگاردەکەن خودا لێیان خۆش دەبێت[3]، وە ئەوەشی لێ دەگێردێتەوە کە قوستەنتینیە ڕزگاردەکرێ وە ئەوان دەستکەوتەکەی دابەش دەکەن، بە شێوەیەك دەجەنگن کە شمشێرەکانیان دەگاتە داری

---

(١) المصدر نفسه، المجلد الخامس، ص ٢٨، و أيضا إبن خلدون، ج ٣ ص ٧٢.

(٢) رواه ابن حنبل في مسنده، والحاكم في المستدرك.

(٣) أنظر: دحلان، الفتوحات الاسلامية، ج٢، ص١٤٤. وايضا: كلتي، المصدر السابقن، ص٣٧.

زەیتون. (کلتا) پێی وایە[١]: وە ئەگەر موسڵمانەکان سەرکەوتوو ببونایە لە ساڵی (٧١٧ز) ئەوا جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکی تەواو ئیسلامی دەبوو[٢]، وە (مەحمود نەدیم) وا وەسفی دەکات : کە هێرشبردنی سوپای موسڵمانان بۆ سەر قوستەنتینیە لە سەردەمی (موحەمەدی فاتیح) لە ژێر کاریگەری فەرموودەی پێغەمبەردا ( درودی خودای لەسەر بێت) بووە کە ویستوویانە ئەو فەرموودەیە ئەوان بگرێتەوە و خۆزگە خوازی هەڵگری ئەو پەیامە بووبن، هەروەکو پێغەمبەر دەفەرموێت: باشترین سوپا بە سەرکردایەتی باشترین ئەمیر، بەم شێوەیە عوسمانیەکان دەیان گواستەوە بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی یەك لە دوای یەك بەر لە ڕزگارکردنی قوستەنتینیە نەوە لە دوای نەوە کە هەر میللەتێك دەسهەلاتی بەسەر قوستەنتینیەدا بکشێت و ڕزگاری بکات ئەوا بەهەشت دەباتەوە[٣]. وە ئەم پیاهەڵدانەش ڕۆڵی بینی لە دەروونی سەرکردەکان و سوپاکەیان ... هیوا خواز بوون قوستەنتینیە ڕزگار بکەن. وە لە پێغەمبەردا ( درودی خودای لەسەر بێت) دەگێردرێتەوە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای زەوی بۆ من درەوشاوەتەوە، وە بە ئەمووتەکەم دەگەیتن کە دەکەوتە ژێر ڕکێفیان[٤]، ئەوان بە ڕزگارکردن و بە سەرکەوتنەکانیان بەهێز دەبن، هێرشی موسڵمانەکانیش تەنها بە یەك ئاراستە نەبوو، لە چەندین ڕێگای جیاوازەو هەڵمەتی ڕزگارکردنەکانیان دەست پێکرد بوو، لوتکەی هەندێك لە سەرکەوتنەکانی موسڵمانان گەیشتە هیند و ڕۆژهەلاتی چین، وە هەندێکی تریان گەیشتە چیای بڕانس لە ولاتی غال (ئەم ناچانە دەگرێتەوە کە لە ئێستادا دەکەوێتە فەڕەنسا و بەلجیکا – وەرگێران). وە توێژەرەواکان گرنگیەکی زۆریاندا بە ڕزگارکردنەکانی موسڵمانان بۆ ڕۆژئاوا لە ڕێگەی باکووری ئەفریقیا و گەیشتن بە ئەوروپا و قوستەنتینیە لە ڕۆژهەلات. وە لێرەدا ئەم باسە دەتوێژێنرێتەوە:

---

[١] کلتي، المصدر السابق، ص (ج).

[٢] المصدر نفسه،ص٤.

[٣] المصدر نفسه، ص ٧٢.

[٤] رواه مسلم وابن حنبل و النسائي، أنظر: رينو، تأريخ الغزوات، ص٢٧.

## باکووری ئەفریقیا:

مەبەست لە باکووری ئەفریقیا لەوکاتەدا، ئەو بەشە دەورەدراوە بوو لە نێوان دەریای ناوەڕاست لە باکوورییەوە، وە بیابانی درواسێ لە باشوورییەوە، وە زەریای ئەتڵەسی لە ڕۆژئاوایەوە هەتاوەکو میسڕ لە ڕۆژهەڵاتیەوە، میسڕ لە ڕۆژهەڵات دادەنرا[1] عەرەبەکان ئەم بەشەی جیهانیان بۆ سەر سێ بەش دابەش کردبوو: ڕۆژئاوای دوور لە مەڕاکیش و ریف، ڕۆژئاوای ناوەند لە جەزائیر و دەوروبەری، ئینجا مەغریبی خواروو، عەرەبەکان پێیان دەوت (ئەفریقیا)، کە درێژ دەبێتەوە لە میسڕ بۆ جەزائیر[2].

هەندێك وای دەبینن موسڵمانەکان پلانێکی بابەتیانەیان لە لانەبوو بۆ ڕزگارکردنی باکووری ئەفریقیا، ئەمە خۆی خزاند بە پێی ڕەخسانی بارودۆخەکە، وە هەندێك هۆکاری جیاوازیش خۆیاند سەپاند، ئەمەش دوای تەواو ڕزگاربوونی وڵاتی شام، موسڵمانەکان وا هەستیان دەکرد کە ئەم ڕزگارکردنە ناتوانرێت جێگیر بکرێت و بەردەوام بێت، تەنها ئەگەر مەترسیەکانی سەر ڕێگەکەی وەلاوەبنێرن و هەڕەشەکانی ئەو لایەی کە بێزەنتینیەکان لە میسڕ دەیکەن لەناو ببرێنرێت، ئەمەش بە ئەنجام گەیشت، کاتێك (عەمری کوڕی عاس) ڕای وابوو کە هیچ دڵنیایەك نیە هەتاوەکو بێزەنتینیەکان لە لای چەپەوە و لە باکووری ئەفریقیا هەڕەشە بکەن[3]. بەم شێوەیە باکووری ئەفریقیا پێشوازی لە هاتنی سوپای ڕزگارکەر کرد، وە گێڕانەوەکان وای دەگێڕنەوە کە یەکەم پلان بۆ ڕزگارکردنی ئەفریقیا لە سەردەمی خەلیفەی ڕاشیدین (عوسمانی کوڕی عەففان) بوو[4]، کاتێك (عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەراح)ی نارد بۆ ڕزگارکردنی باکووری ئەفریقیا، ئەمیش موژدەی سەرکەوتن بەروە ڕووی هات، و هەربەم هۆیەوە (عەبدوڵای کوڕی عەبدولقەیس و عەبدوڵای کوڕی نافیعی)

---

(1) لوبون، حضارة العرب، ص٣٠.

(2) درويش المقدادي، تأريخ الامة العربية، ص ٣٠٢.

(3) العبادي، المجمل في تاريخ الاندلس، ص ٣٠.

(4) يراجع : رينو، المصدر السابق، ص ٢٩٦.

ڕاسپارد كە بەرەو ئەندەلوس بە ڕێ بكەون، ئەمەش دەرخستەی ئەوەیە كە ڕزگاركردنی ئەندەلوس پلانێكی پێش وەختە بوو.

هەندێك لە توێژەرەوانی ڕزگاركردنەكانی ئیسلامی ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ئەم پلانە ئامانجی هێرش بردنە سەر كیشوەری ئەوروپا بوو لە باكووری ئەفریقیاوە و گەیشتن بوو بە قوستنەتین كە ئامانجی ڕزگاركردنەكە بوو، هەروەكو لە ڕاسپاردەی (عوسمانی كوڕی عەففان) دا هاتووە : (قوستنەتینە پێش ئەندەلوس ڕزگاردەكرێت، وە ئەگەر ڕزگارتان كرد بەشدار دەبن لە پاداشتەكەی)[1] .

ئەوەی ڕاستیە، عەرەبەكان پێشبینیان نەدەكرد بەم شێوە فراوانە لە ڕۆژئاواوە بەرەو پێش بچن، گەلەكان بە جیاوازیانەوە پێشوازی بكەن لە بەش بەشی ڕزگاركردنەكە، وە هەموو هەرێمێك یەك بەدوای یەك بێنە پاڵ دەوڵەتی ئیسلامی، وە دەتوانرێ بگوترێ كە هێرش بردنی ئیسلامی بۆ سەر باكووری ئەفریقیا لە ساڵی (٢١ك/ ٦٤٢ز) ئەنجامی دەست بەسەر داگرتنی یەكەم ویلایەتی لێكەوتەوە بە ناوی بەرقە، پاشان تەڕابلوسی ڕۆژئاوا ڕزگاركرا و وە شاری قەیروانیان لێ دروست كرد، هەروەها قرتاجینەش ڕزگاركرا، بەم شێوەیە سوپای ڕزگاركەر چووە نێو ڕۆژئاوا هەتا گەیشتنە دەریای تاریك (ئەتڵەس)، هەندێك لە مێژوونووسان دیمەنی سوپای موسڵمانان و سەركردەكەی و هەستی گەرمیان لە شێوەی داڕشتنی هۆنراوەییدا وەسفكردووە، سوارچاكە موسڵمانەكان بە ئەسپەكانیان گەیشتنە سەر دەریا هەتا ئاوی دەریا گەیشت بە چۆكی ئەسپەكانیان، پاشان سەركردەكەیان شمشێری خۆی چەقاند و گووتی: خودایە ئەگەر بمزانی بوایە لە پشت ئەم دەریایە زەویەك هەیە، ئەوا بە نێو ئاوەكەدا خۆم دەگایاندێ لە پێناوی تۆدا ڕزگارم دەكرد[2].

---

[1] انظر: البكري، الجزء الخاص باوربا، تحقيق عبدالرحمن الحجي، ص١٣ و حسين مؤنسن، المصدر السابق، ص٣٥.

[2] العبادي، المصدر السابق، ص٣٥، وانظر ايضا: غلوب، الفتوحات الاسلامية الكبرى، ص٦٤٨.

ئەوەی پێیگەیشتین لێرەدا ئەوەیە کە باکووری ئەفریقیا بە یەك جەنگ ڕزگاری نەبووە بەڵکو زنجیرەیەك لە جەنگی لەخۆوە گرتووە کە بۆ ماوەی (٧٠) ساڵ یەك بەدوای یەك بەردەوام بوو. ڕزگارکردنی ئەم ناوچانە دەستی پێکرد بە خستنە ژێر چاودێری و ئاگایەکی چڕ هەر لە ماوەی پێ هەستانی سەرکردە (عوقبەی کوڕی نافیع) لە ساڵی (٢١ك) هەتاوەکو کۆتا هەڵمەتی (موسای کوڕی نەسیر) لە ساڵی (٩٠ك/٧٠٨ز)، و ڕووخانی ئەو بەربەستە داخراوەی کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لە یەکتری جیادەرکردەوە[(١)]. سوپای ڕزگارکەر کاتێك گەیشتە باکووری ئەفریقیا گەلێکیان بینی کە نیشتەجێن لە چیاکانی ئەتڵەس، پێیان دەگوترا (بەربەر)، ناسرابوون بە هەژاری و کوێرەوەری و بێ خاوەنی، وە ئەوان دابەشببوون بەسەر یەهوودی و نەسرانی و بت پەرستەکان، وە زمانێکی تایبەتیان هەبوو، هەندێکیان بە نزیك لە زمانی عەرەبی و عیبری و فینیقی قسەیان پێدەکرد، لە ڕەچەڵەکیشدا هۆزەکانیان لە یەکتری جیاوازبوون و هەندێکیان دەگەڕانەوە بۆ هۆزەکانی کەنعان و فینیقیەکان، وە ئەوانیتریشیان باسیان لەوە دەکرد کە لە یەمەن هەڵهاتوون، هەربۆیە شێوەیان لە عەرەبە موسڵمانە ڕزگاریخوازەکان دەچوو، وە ئەمەش کاریگەریەکی ئەرێنی هەبوو لەسەر جێگیربوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە باکووری ئەفریقیا و هاوکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕزگاریخوازان و هەڵکشانیان بەرەو ئەوروپا، بەربەریەکان لە شێوە ژینێکی سەختی گرانی و ناخۆشی و نەداریدا بوون، حەزیان بە شەڕ بوو وە لە نێویشیاندا شەڕ نەدەبڕایەوە، ئەگەرچی داخوازی گەیشتنی ئارامیش بوون[(٢)]. دوای ئەوەی باکووری ئەفریقیا کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی دەسهەڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفە (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان)، کە (حەسسانی کوڕی نوعمانی) نارد بۆ تەواوکردنی ڕزگارکردنەکان، و ئەویش خۆی ئامادەکرد بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، شوێنێکی دروستکرد بۆ پیشەسازی کەشتیوانی لە قرتاجینە، وە بۆ پیشەسازی چەك، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە کارامەترین و لێهاتووترینی پیشەسازانی قیبتیەکانی میسری هێنا. وە کاتێك کوڕی نەسیر بووە بەرپرس ی باکووری ئەفریقیا،

---

(١) مؤنس، المصدر السابق، ص٣٤.

(٢) أنظر: المصدر السابق، ص٢٧.

(تونس) هاتە ژێر قەڵەمڕەوی ئیسلامی و (تەنجە) ش ڕزگارکرا، موسڵمانەکان زاڵ بوون بەسەر ئەو ناوچانە و ڕۆڵی خۆیان بینی لە پاڕاستنی باکووری ئەفریقیا، پاشان (تاریقی کوڕی زیاد)ی بەربەڕی فەرمان ڕەوای ئەو ناوچانەی پێ سپێردرا.

## لە ئەندەلووسەوە ... بۆ قوستەنتینیە

موسڵمانەکان بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ جێگیر بوون دوای ڕزگارکردنی باکووری ئەفریقیا و ڕوو لە دەریا ... و چاو لە بینیی لێدانی شەپۆڵەکانی. ئەم دەریایە ( دەریای ناوەڕاست) کە بەر لە سەردەمانێکی نزیك بەشێکی ژێر دەسهەلاتی ناوچەی ڕۆمەکان بوو، وە ئەو ناوەندە بوو کە ڕۆمەکان لە نێوان هەرێمەکانیدا هامووشۆیان دەکرد و لە ڕۆمەوە بۆ میسرِ وە لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی دی هەنگاوەکانیان هەڵدەگرت، بەڵام کەناری باکووری ئەفریقیا بەشێك بوو لە هەمان ئەو جیهانەی کە فەڕەنسا و ئیسپانیا و ئیتاڵیای لەخۆوە دەگرت. هەرچەندە دەوڵەتی ئیسلامی نە دەبووە ئەو دەوڵەتەی کە بە تەنها یەك گەل لە خۆوە بگرێت، وە شێوە و ڕووخساری دەرەوەی ئەو دەوڵەتەیە بە لایەنی کەمەوە لە ماوەی جیّ بە جیّ بوونی ڕزگارکردنە نوێیەکەدا هەمان ڕێرەوی ژیانی هەموو وڵاتەکانی درێژ بووەوەی دەگرتەوە هەر لە فارسەوە هەتا هیند و مەڕاکیش[1].

سوپای ڕزگاریخوازی ئیسلامی ڕێگەی خۆی خۆشکرد لەسەر کەنارەکانی دەریای جیاکەرەوەی نێوان کیشوەری ئەفریقیا و ئەوروپا، بە لایەکی ترەوە چاویان لە چوونە نێو ئیسپانیاش بوو. موسڵمانەکان ماوەیەکیان خایاند هەتا لێی تێپەڕبوون، ئەم بەربەستەیەش ڕێگر نەبوو لە بەردەم موسڵمانەکان بۆ هەڵکشانی سەرکەوتووانە بەرەو پێشەوە ... موسڵمانەکان ناسرابوون بە بەرزی هەستیان و خۆشەویستیان بۆ ڕزگارکردن، وە سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانیان هاندەر بوو بۆ ئەم هەستە وای لێدەکردن زیاتر تێبکۆشن، وە بەربەرەکانیش، ئەوانەی کە لە نێو سوپای ئیسلامی بوون کەمتر نەبوون لە پەرۆشیان لە عەرەبەکان، وە ئەوان باشتر لە ئەوانیتر شارەزای خێر و بێری ئەندەلوس و دەسکەوتەکانی بوون، بیرۆکەی ڕزگارکردنی ئەندەلوس لە هزری موسڵماناندا خۆی ڕۆشن

(1) غلوب: المصدر السابق، ص ٦٧٥.

نیشاندا وه ئاسایی بوو لەوکاتەدا و لەم بارودۆخەدا ئەم بیره سەرهەڵبدات[1]. لەو باوەڕەیه دام ئەم بیرۆکەیه ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش مابوویەوە بەڵام ئێستا خەریکە جێبەجێدەکرێت، زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە موسڵمانەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەندەلوس بە تەواوی ڕزگار بکەن و سەرەتا تێیدا بمێننەوە، وە ژمارەیەکی کەمیان دەستیان گرت بەسەر تەنگەبەرەکە، وا دیارە وەڵامی ئەوەش بەوە دەدرێتەوە کە ڕزگاریخوازی ئیسلامی بۆ ڕۆژئاواکەی و باکووری ئەفریقیا هەمووی هەر وا بووە.

دەگوترێ کە حاکمی سەبتە (موسای کوڕی نەسیڕ)ی خۆش ویست بۆ ڕزگارکردنی ئەندەلوس، لە نێوان ئەو و لە نێوان لوزریك – پاشای ئیسپانیا ململانێ هەبووە[2]. دەتوانرێت ئەوە بگوترێت کە ڕاسپاردە و فەرموودەی پێغەمبەری خودا بووە (دروودی خودای لەسە بێت) لەسەر ئەو بەرگریە سەرسەختە و گرنگیپێدان و هەڵکشانەی کراوە بەرەو ئەندەلوس، کە وەك پلانێکی دووری پێش وەختە بووبێت، هەر لە سەردەمی (عوسمانی کوڕی عەففان)، پاشان بۆ دەسهەڵات وەرگرتنی کوڕی نەسیڕ، لەگەڵ هاتنە پێشێی هەر بارودۆخێکی ڕەخساو، کاربکرێت لەسەر جێبەجێکردنی، بەو پێیەی کە گرنگە و پێویستە ئەنجام بدرێت، وە ئەوان هەڵبشاخێن بۆ ڕزگارکردنی جیهان بە بێ وەستان، هەروەکو ئەوە بوو لاوازی فەرمانڕەوایەتی لە ئیسپانیادا بوونی هەبوو، وە بوونی نەیاری دژ بە دەسەڵات، ئەمەش هەلێکی دیکە بوو بۆ سوپای ڕزگاریخواز، و زیاتر متمانەی پێدان و پشتیان گەرم بوو و هەستیان بەرز بوو بۆ کشانیان بەرەو ئەو ناوچەیە، وە نابێت هۆکاری ئابووری لە بیر بکەین بە هەر شێوەیەك بێت، بەم شێوەیە بیرۆکەی ڕزگارکردنی ئەندەلوس دەرچوو بۆ بواری جێبەجێکردن[3].

کوڕی نەسیڕ نوسراوێکی نارد بۆ لای خەلیفەی ئومەوی (وەلید) لە دیمەشق، وە هەواڵی پێدا بە ڕزگارکردنی ئەندەلوس، وە پێی ڕاگەیاند کە حاکمی سەبتە ڕێی پێداوە بە تێپەڕیی

---

(1) انظر: جرجي زيدان، تأريخ التمدن الاسلامي، ط١، ص٧٥، و ايضا حسين مؤنس، المصدر السابق، ص٥٨.

(2) ابن الاثير، المجلد الرابع، ص٥٦١.

(3) ابن خلكان ، مجلد٤، ص٣-٤. وكذلك العبادي، ص٤٧. مؤنس، ص٥٨.

تەنگەبەری دەریایی و ڕزگارکردنی ئەو شوێنانەی کەوتۆتە ئەودیوی دەریایەکە، خەلیفەش ئەم کارەی بە هەند وەرگرت، و باش بیری لە بابەتەکە کردەوە و وەڵامی کوڕی نەسیڕی داوە بۆی نووسی : پرس دەکەم بە سەرداری سوپای موسڵمانان هەتاوەکو هەواڵت پێبدەم بۆ ئەوەی نەبادا موسڵمانان تووشی توندی و ناخۆشی بارودۆخی دەریاکە بن، کوڕی نەسیڕ وەڵامی دایەوە گووتی : ئەم دەریایە دەریایەکی شەپۆلاوی نیە، بەلام کەنداوێکە کە بینەر لەم بەر ئەوبەری خۆی دەبینێت، خەلیفە وەلامی دایەوە: ئەگەر واش بێت هەر دەبێت پرس و ڕای سەرداری سوپا وەرگرم بەر لە هێرش بردن[1].

---

[1] ابن الاثیر، المجلد الرابع، ص٥٦١. وایضا: رینو، ص٣٦.

# پەڕینەوەی تارق بۆ ئەندەلوس(*)

پێشڕەوی سوپای ئیسلامی هەڵکشا بە سەرکردایەتی (تەریفی کوڕی ملوك)، دابەزی لە دوورگەی (بالوماس)، دواتر لەوکاتەدا ناسرا بە دوورگەی تەریف، پاشتر گەڕایەوە بۆ لای کوڕی نەسیر موژدەی سەرکەوتنی پێدا، ئەویش پێی خۆش بوو، وە کۆمەڵێك ڕێنمایی پێدا و کاریگەری لەسەری هەبوو، ئەوەش وایکرد سوپاکە دەست بە جوڵە بکات بۆ پەڕینەوەی تەنگەبەرەکە بە سەرکردایەتی (تارقی کوڕی زیاد) لە (ڕەجەبی ٩٢ك/٧١١ز)[١]، سوپاکە لە لای چیاکە گرد بوونەوە کە ئەمەش وایکرد بناسرێت بە چیای تارق، وە کوڕی زیاد لەسەر چیاکەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد و ڕوانی بۆ شەپۆلەکانی دەریاکە شەپۆلەکانی ئارام بوون پاشان سەیری زەویە سەوزەکەی کرد، گوتی ئەم جەنگەیە هەر دەبێ بکرێت، پاشان لەوێ قسەی لەگەڵ سەربازەکانی کرد و هەست و نەستیانی بەرز کردەوە و جۆش و خرۆشی تێخستن و، بەمەش بە سەر ناخۆشیەکانی جەنگەکەدا زاڵ بوون. ئیسپانیا لەو کاتەدا لە ژێر فەرمانڕەوایی قوتەکان بوو کە لوزریك دەسەلأتدار بوو تێیدا، وە پاشکۆی زەویەکانی فەڕەنسا بوو، ناوچەی ڕوسیون وە بەشێك لە ناوچەی لاندوق Languedoc لە باشووری فەڕەنسا، سوپاکەی زیاد ڕووبەڕووی سوپای لوزریك بوویەوە لە دۆڵی ریبات لە تەمووزی ساڵی ٣١١ ز، وە سەرکەوتنەکەش لەم جەنگەدا بۆ موسڵمانەکان بوو، ئەو سەرکەوتنەی موسڵمانان ترسی لە نێو ئیسپانیەکاندا پەیدا کرد، هەندێك لەوان خۆیان لە نێو قەڵاکاندا شاردەوە وە هەندێکی تریان هەڵاتن بەسەر چیاکان، بەڵام ئەوانی تر خۆیان

---

(*) الاندلس: **بە یەکێك لە هەرێمەکانی ئیسپانی دادەنرێت لە ئێستادا، ناوەکەی لە بنچینەدا "ودولوسیا او فاندلسیا** Vandalusia" **بووە، نەتەوەیەك لێی نیشتەجێبوونە کە ناسراوبوونە ( ئەندەلوس یان ئەندەلوش**). انظر : خلیل ابراهیم السامرائي، الثغر الاعلی، رسالة ماجستیر، جامعة بغداد، ص٣٩.

[١] خلیل ابراهیم السامرائي، المصدر نفسه، ص١.

گەیاندە سوپای موسڵمانان و بوونە بەشێك لە سوپای ڕزگارکەر و بوونە چاوساغی سوپاکە ( لەبەر ئەوەی شارەزاییان هەبوو لە ناوچەکەی خۆیان)، کوڕی زیاد بەردەوام بوو لەسەر ڕزگارکردنی ئیسپانیا و چووە نێو قورتبە و دڵی خۆی بە خەڵکەکەی خۆش کرد و ئەوانیش ڕقی خۆیان بەرامبەر بە فەرمانڕەوایەتی قوتەکان نیشاندا، وە بە ڕزگاکردنی موسڵمانەکان بۆ ئەو شارە خاوەنداریەتی کردنی زەویەکان گەڕێنرایەوە بۆ خاوەنەکانیان، هاتووچۆی سوپاکەی لە نێو شارەکەدا وەك دیمەنێکی خۆش سەیردەکرا [١]. هیچ شارێك بەرگریەکی وای نەکرد تەنها ئەو شارەی کە شەڕخوازانی قوتە ڕۆژئاواییەکانی تێدا بوو، دواتر سوپای ئیسلامی بەرەو ڕزگارکردنی ( شریش و و قومونە و ئیشبیلیە) کەوتە ڕێ کە خەڵکەکەیان باش بوون، وە دواتر کوڕی زیاد سوپاکەی خۆی ڕێکخستەوە و دابەشی کرد، هەندێك لەو سوپایەی ناردە (مەلەگا و غەرناتە)، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە چوونە پێش بۆ تلیتلە Toledo، و لەم کاتەدا هەواڵی هاتنی کوڕی نەسیری بۆ هات و ئەویش چووە پێشوازی وە چاوی پێکەوت لە (تلبیرە)، ئەوەش پاش ساڵێك لە چوونە ژوورەوەی تاریقی کوڕی زیاد بۆ ئەندەلوس.

---

[١] حتی فیلیب، تأريخ العرب المطول.

## موسا سەرکردایەتی بەرەو پێش چوونەکان دەکات

ئەمیری ئەفریقیا (موسای کوڕی نەسیر) زۆر دڵ خۆشی خۆی دەربڕی کاتێك گوێی لە هەواڵی ڕزگارکردنی سوپای ئیسلام بوو بۆ ناوچەکانی ئەندەلوس، خۆی پێ ڕانەگیرا هەتا بڕیاری دا بەشداری بکات لەم سەرکەوتنەدا، و تاوەکو بێ بەش نەبێت لە پاداشتی تێکۆشەرانی لە ڕێی خوادا، بە تایبەتی کاتێك زانی کوڕی زیاد زۆر چووەتە نێو خاکی ئەندەلوس و لەوەوە دوورە، ئەویش دەترسا نەوەك دوژمنەکان ڕێی پێبگرن و ڕێیەکەی پێ دابڕن لە پەیوەندی بوونی لەگەڵ سوپای موسڵمانان، بۆیە خۆی لەوان نزیك کردەوە، لە ڕەجەبی ساڵی ٩٣ ك لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەردار و سەربازانی عەرەب و بەربەرەکان ڕۆیی بۆ شاری ئیبن و سەلیم پاشان بۆ قرمونە و دواتر ئیشبیلیە و دواتر دەرچوو بۆ (تیتلە) کە تاریق پێشتر بەوێ تێپەڕی بوو و گەیشتن بەیەك و دواتر پێکەوە بەڕێکەوتن[1].

لەگەڵ ئەوەی هەندێك وا دەیگێڕنەوە و ڕەخنە لە کوڕی نەسیر دەگرن، و دەڵێن چوونی بۆ ئەندەلوس لە بوونی چاو تێوەبوونی کوڕی زیاد بوو، بەڵام ئێمە ئەم کارەی بە دوور دێخین کە شتەك لەو بارەیەوە لە دڵیدا بووبێت. سەرکەوتنەکانی تاریق لە ئەو دەوەشانەوە، هەورەکو کوڕی خەتیب لە بارەی ئەمیرەکانی ئەندەلوس دەڵێت: ( لە نێوانیاندا تاریقی کوڕی زیادە کە ڕابەرایەتی ڕزگارکردنەکانی کردووە، وە چیای ڕزگاریخوازانیش هەر بە ناوی ئەوەوە ناسراوە " چیای تاریق". پاشان موسای کوڕی نەسیری بیکەری، ئەگەر تاریق پێش ئەو دەستی پێکرد کردبێت ئەوا موساش ئەوەی ئەو دەستی پێکرد تەواوی کرد)[2]. خەربوتلی جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: تاریق بە سروشتی خۆی مرۆڤێکی خاکی و ڕازی بووە، هەموو ئەو ڕزگارکردنانەی کردووە بە ناوی

---

[1] ابن الاثير، الجزء الرابع، ص٥٦٥.

[2] تأريخ اسبانيا الاسلامية، تحقيق بروفنسال، ص٦.

ئەمیرەکەی خۆی بووە، وە ئەو بۆ هەر هەواڵێك کە هەبووایە زوو بە زوو بلاوی دەکردەوە[1] دەکردەوە[1] . بەڵام دکتۆر مۆنس بەم شێوەیە شیکردنەوەی کردووە کە موسا: ( هەستی کردبوو کە عەرەب فراوانخوازیەکی زۆریان کردووە لە ڕزگارکردنی ولاتان، هێڵی پەیوەندیەکانیان لە نیمچە دوورگە فراوانەکەدا وای لێهاتبوو لە ژێر مەترسیدا بێت، وە زۆرێك لە شارەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا مابوونەوە کە ڕزگاربکرێن، پێویست بوو ڕزگاربکرێن هەتاوەکو دوژمن نەتوانێت لە نێوان ئەو ناوچانەی کە ڕزگارکراون پەیوەندیەکانیان بپچڕێنێت، وە سوپای ڕزگاریخواز لە باکووردا و لە حامیە لە قورتوبە پەیوەندیەکانی بە بەندەرەکانی عەرەبی دادەبڕا)[2].

مێژوونووسی فەڕەنسی (لی بۆن) وای دەبینێت: کە کوڕی نەسیر بە سوپاکەی هەڵکشا و هەستی خۆشەویستی بەشداریکردنی لەم ڕزگارکردنە گەورەیەدا تێدا بەرپا بوو، چاوی پێگەش بوو بەوەی کە گەورەکەی فەرمانی پێکردبوو، بەو خێرایەی[3]، وە دەتوانرێ بگوترێ موسا هەستی بە ناردنی موسڵمانان کرد زیاتر لە پێویستی، وە هێڵی پەیوەندیەکانیان لە نیمچە دوورگە فراوانەکەدا لە مەترسیدا بوو، هەر بۆیە دەبێ بجوڵێت، وە کوڕی نەسیر ڕێگایەکی هەڵبژارد بێجگە لەو ڕێگایەی تاریق، ئەمەش هێزی بە بەر بیری ئەو ڕزگاریخوازەدا دەخست و هێڵەکانی دوژمنی زیاتر بە دوور دەیەخست لێیان و دڵنیایی پەیوەندیانی زیاتر دەدا بەیەکتر[4]. وە موقەڕی دەڵێت لەسەر زمانی کوڕی حەیان: موسا ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە پێشەکی تاریق بچێتە پێشەوە و فەرمانی پێکرد لە بەردەم هاوەڵاکانیدا، وە ئەو بە دوای دا ڕۆیشت لە سوپایەکەی و شوێنە بەرزەکەی گرت و لە بۆ ڕزگارکردنی سەرەقستە وە کارەکانی بە جێگەیاند و، چووە نێو ئەندەلوس[5].

---

(1) علي حسين الخربوطلي، حضارة العرب، ص١٠.

(2) حسين مؤنس، ص٨٤.

(3) الخربوطلي، حضارة العرب، ص١٠.

(4) أنظر : مؤنس ، ص ٨٤.

(5) رينو، المصدر السابق، ص٥٣.

تێبینی ئەوە دەكرێت كە موسا دڵنیا بوو لە سەر بەرەو پێشچوونی ڕزگاركردنەكان بە باشی لە ناوەڕاستی ئەندەلوس، وە ڕێككەوت لەگەڵ تاریق لەسەر دانانی پلانێك بۆ ڕزگاركردنی تەواوی وڵاتی ئیسپانیا، هەر بۆ ئەو مەبەستە سوپاكە لە تلێتە دەستی پێكرد تاریق بە پێشكەوت و شارەكانی یەك بە دوای یەك ڕزگار دەكرد، ئەوەی تریشی بۆ موسای كوڕی نەسیرِ جێهێشت تا تەواوی بكات چونكە لە توانای دا هەبوو، ڕێككەوتنەكان ئەنجام بدات و تا كاروبارەكانی بەڕێوەبردن ڕێكبخات[(١)]. وە مەقری گێڕانەوەیەكی تری هەیە و نیازی چاكەی هەردوو پیاوەكەی لە ڕزگاركردنەكە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: كاتێك كوڕی نەسیرِ هەواڵی بە دەستهێنانی سەركەوتنەكەی تاریقی پێ ڕادەگەیەنرێ گووتوویەتی: وەلید پاداشتت دەدات بە زیاتر لەوەی كە ئەگەر هەموو ئەندەلووست پێ بدات، ئەویش دڵی زۆر بەم قسەیە خۆش بوو، هەر بۆیە تاریق گووتی: ئەی ئەمیر، سوێند بە خوا لە مەبەستی خۆم پاشگەز نابمەوە هەتاوكو دەگەمە سەر دەریا و بە ئەسپەكەی خۆم دەچمە نێوی[(٢)].

بەم شێوەیە ڕێككەوتنەكەی نێوانیان تەواوكرد، بڕیاریان لەسەر پلانێكی ڕزگاركردندا كە هەموو ئیسپانیا بگرێتەوە، (تاریقی كوڕی زیاد) لە ڕێگەیەكەوە بڕوات وە (موسای كوڕی نەسیریش) لە ڕێگەیەكی تر، ئەمەش بە ئامانجی ڕزگاركردنی باكووری ئەندەلوس ... تاریق بە لای چیای كانتبریە (Gantabria) دەڕوات لەو ڕێگایەی كە درێژدەبێتەوە لە سەرەقستە بۆ هارو (Haro) هەمبەری لای چەپ بۆ ڕووباری ئیبرۆ بە ئاڕاستەی باكوور پاشان بۆ مایو (Amayo)، و لیۆن ئیسترقە (Astrogu) وە هەروەها بەردەوان بوون لە ڕۆیشتن بۆ وڵاتی جلیقیە (Galicia). وە كوڕی نەسیرِیش بە ئاڕاستەی لای ڕاست ادا دەڕوات بۆ هەمان ڕووباری ناوبراو بە ئاڕاستەی باكوور بۆ ناوچەی (ئەلب) و قەڵاكانی (قشتالەی كۆن)[(٣)]. وە بەر لە جێبەجێكردنی پلانەكە مەغیثی ڕۆمی نووسراوی خەلیفەی ئەمەوی (وەلید)ی گەیاندە ئەندەلوس، تێیدا فەرمانەكانی خەلیفەی هەڵگرتبوو سەبارەت بە

---

(١) السامرائي، المصدر السابق، ص٥٨.

(٢) إبن خلكان، الجزء الرابع، ص٤١. وايضا حسين مؤنس، ص٨٧.

(٣) السامرائي، ص ٦٩.

گەڕانەوەی موسا و تاریق بۆ دیمەشق، کوڕی نەسیر لەسەرەخۆ وەڵامی نێردراوەکەی خەلیفەی دایەوە و گووتی هەندێك لە ڕزگارکردنەکانمان تەواو دەکەین ئینجا دەگەڕێینەوە دیمەشق، وە لە هەندێك لە گێڕانەوەکاندا هاتووە کە تاریق بە لای چەپدا ڕۆیشتووە گەیشتۆتە شاری ئیسترقە، بەڵام کوڕی نەسیر بە ئاڕاستەی لای ڕاستدا ڕۆیشتووە و گەیشتۆتە وڵاتی بشکنش، وە ڕەنگە شاری بەنسلۆنەیان ڕزگارکردبێت یان بە لایدا ڕۆیشتوون هەتا جەنگەکە گەیشتە نێوان قشتالە و جلیقیە، قەڵای بارۆیان ڕزگارکرد، لەوێ نزیك بوون لەو شوێنەی کە تاریق پێیدا دەڕۆیشت پاشان چوون بۆ شاری ئیسترقە و گەیشت بە سوپای کوڕی زیاد و پێکەوە بەرەو ڕزگارکردنی باکووری ئەندەلوس بەڕێکەوتن، وە لەوانەیە کە تاریق سەرکردایەتی ئەو سوپایەی کردبێت کە بەرەو کەناری دەریا ( کەنداوی بسکای) بە ڕێکەوتبن، بۆ ئەوەی جێبەجێی ئەو مەبەست و نیازەی خۆی بکات کە پێشتر بە موسای ڕاگەیاند بوو[1].

[1] المصدر نفسە، ٨١.

# بەرەوە قوستەنتینیە

ڕزگارکردنە بەردەوامەکانی ئیسپانیا خەلیفەی موسڵمانانی تووشی سەرسوڕمانکرد لە دیمەشق، هەر بۆیە بانگهێشتی هەریەکە لە کوڕی نەسیرِ و کوڕی زیادی کرد، لەبەرئەوەی ترسێك لە دڵی پەیدا بوو نەبادا ئەو سەرکەوتنانەی کە موسڵمانەکان بە دەستیان هێناوە لەسەر دەستی ئەم دووانە بەرەو ڕێگایەکی ترسناکیان ببات، لە کاتێکدا ئەو هەر خۆی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەریاکە ببڕن، کوڕی نەسیرِ بەم بڕیارەی خەلیفە تووشی خەمباری بوو بەوەی واز لە ڕزگارکردن بهێنێت، وە خەلیفە ئاهی هەڵدەکێشا بۆ ڕزگارکردنی قوستەنتینیە، ئەمیش نەیدەویست ئەم بیرۆکەیە لەلای هاوڕێکانی بشارێتەوە، وای دەبینی کاتێك ڕێگای ڕۆمانی کۆنیان بڕی بەرەو ڕزگارکردنی باشوور و ناوەڕاستی ئیسپانیا پێشڕەوی بکەن، سەربازەکانی هەستیان بە ترس کرد، ئەم ناوچەیە جیادەکرایەوە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری، چونکە زەویەکی برینگ و بێ بەرهەم بوو، هەر بۆیە ئارەزووی خۆیان بە گەڕانەوەیان دەربڕی، هەربۆیە لەسەر زمانی سەرکردەکەیاندا هاتووە گووتوویەتی : سوێند بە خوا ئەگەر سەرکردایەتیەکەیان بۆمن بگەڕاندبایەوە ئەوا ئەوانم بەرەو ڕۆمیە دەبرد – وە لە گێڕانەوەیەکیتردا هاتووە بە ناوی قوستەنتینیە، پاشان خودای گەورە لەسەر دەستی من ڕزگاری دەکرد، ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێت) [1].

---

[1] صحيفة معهد الدراسات الاسلامية، مجلد (٥)، العدد (٢)، نص: عبدالمالك بن حبيب، ص ٢٢٧، و إبن قتيبة، المنسوب، ج ٢، ص ٦٦، و الرقيق القيرواني في تاريخ إفريقية و المغرب ص ٨٠، و كذالك نص غبن شباطس ١٥٩، عن خليل السامرائي (رسالة ماجستير)، المصدر السابق، ص ٦٨.

[*] زەویە گەورەکە: زاراوەیەکی جوگرافیە و دەبردرێت بە سەر ئەو زەویانەی کە کەوتوونەتە ئەو دیوی چیای ئەلبوتات، ئەو ناوچانە هەمووی لە خۆوە دەگرێت هەتا قوستەنتنیە یان هەندێکی. أنظر : البكری ، ص ٦٧.

مەقەرری دەڵێت : لە تێپەڕبوونی کوڕی نەسیر بۆ فەڕەنسا، ئەو (هیوا خواز بوو ئەوەی ماوەتەوە لە ولاّتی ئەفرنجە هەڵمەت بۆ زەویە گەورەکە[*] ببات)، بۆ ئەوەی بگاتە خەڵکی لە شام[١]، بۆ ئەوەی ڕێگایەك بکاتەوە لە وشکانیەوە بۆ خەڵکی ئەندەلوس کە پێیدا بڕۆن و بیانگەیەنێتە ڕۆژهەلاّت بە بیّ ئەوەی بە دەریادا بڕۆن، ڕەنگە ئامانجی ئەوە بووبێت کە دەریای ناوەڕاست هەمووی بەیەکەوە بکاتە حەوزێك بۆ خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامی. لێرەڕا ئەوە دەگێڕدرێتەوە بە تێپەڕبوونی موسا یان گەیشتنی تاریق بۆ چیای ئەلبوتات لە فەڕەنسا ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەی گەیشتنی دەسەلاّتی خەلافە لە ڕێگەی ئەوروپاوە[٢]. دکتۆر مؤنس ئەوە بە دووردەخاتەوە کە موسا بیرۆکەیەکی لەو شێوەیەی هەبووبێت چونکە ئاسان نەبووە، بە پێچەوانەوە مامۆستا عیبادی وای دەبینێت کە موسا بیرۆکەی تێپەڕبوونی هەبووە بە بڕانس بۆ زەویە گرانبەهاکانی فەڕەنسا، وە لەوێوە بۆ ڕۆمیە "قوستەنتینیە" کە ئەمەش نامۆ نەبووە[٣]. هەرچەندە ئەوان هەواڵی سەرکەوتنەکانی موسڵمانانیان هەبوو لە ڕۆژهەلاّت و کشانیان بەرەو لایەکی چین، هەتاوەکو زۆر کاری لە هەستیانکرد، هەتا خەڵکی وا گومانیان برد کە هیچ شوێنێك نامێنیت پێی موسڵمانانی دەگاتیّ[٤]، هەرچەندە فیلیپ ئەوەی هەندێك پیّ سەیر بووە چونکە دەسەلاّتی ڕزگاریخوازانی عەرەب باش شارەزایی جوگرافیای ئەوروپا نەبوونە[٥].

ڕزگاریخوازی ئیسلامی وای لێهات کێبەرکێی دەکرد وەکو شەپۆڵەکانی دەریا، ڕزگارکردن لە دوای ڕزگارکردن دەهات، وە دەبوایە لە دوای ڕزگارکردنی ئەندەلوس ڕزگارکردنی ناوچەیەکی تری بە دوادا بهاتبایە، وە ئەوەش دوور نەبووە موسا بیری لەوە

---

(١) إبن خلدون، مجلد ٤، ص ١١٧، و كذالك تفح الطيب ج ١، ص ١٧٤.

(٢) المقدادي، تاريخ الامة العربية، ص ٢٤١، و إبن خلدون، مجلد ٥، ص ٢٥٥.

(٣) الخربوطلي، المصدر السابق، ص ١٤.

(٤) رينو، المصدر السابق، ص ٤٦.

(٥) حتى، تاريخ العرب المطول، ص ٥٩٥.

کردبێتەوە، بۆیە پێیان کرا هەموو ئیسپانیا ڕزگار بکەن، چونکە ئەو ئامانجەیان هەبوو، دوای هەڵکشان بۆ چیای ئەلبوتات و لە دوای ئەویش ڕۆما و لەوانەیە قوستەنتینیە[1]، وە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کوڕی وەلید ترسا لەوەی کە نەوەك سەرکردەی موسڵمانان ئەوان بەرەو زەویەکی فراوان ئاڕاستە بکات کە پێشتر کەس پێیدا نەڕۆیشتووە[2].

لی بۆن جەخت لەوە دەکاتەوە ( کوڕی نەسیر بیری لەوە کردبووەوە پاش ڕزگارکردن ئیسپانیا بگەڕێنەوە سوریا لە ڕێگای وڵاتی غال و ئەڵمانیا، ئەو چاوەڕێی فەرمانی خەلیفەی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە، ئەگەر خەلیفە ڕازی ببایە ئەوروپا هەموو موسلمان دەبوو، و وە گەلی موسڵمان دەبوونە خاوەن شارستانیەتێکی گەورە و خاوەنی یەك ئاینیش دەبوون، ئەوروپاش ڕزگار دەبوو، کە ئەمەش ڕەنگە ڕۆڵی هەبووبێت لە سەدەکانی ناوەڕاست کە ئیسپانیا پێی نەدەزانی بە چاکەی عەرەب نەبوایە) [3].

لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەستی بەهێزی کوڕی نەسیر و سەربازەکانی لەسەر هەڵمەتی ڕزگاریخوازی، خەلیفە دووبارە بانگهێشتنی کوری نەسیری کردەوە بۆ دیمەشق، بە پەلە[4]، لەبەرامبەر ئەو سووربوونەی خەلیفە، موسا گەڕایەوە بۆ دیمەشق و لە دەروونیدا هەستی قوڵی گەرمبووبوو بۆ بیرۆکەی ڕزگارکردن، ئەو بەڵێنی دا ڕزگارکردن بەردەوام بێت کاتێك دەگەڕێتەوە ئەندەلوس. خەلیفە وەلید کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی خەلیفە سولەیمان بووە جێنشین، ئەوەی کە دوای هات هەموو هەوڵێکیدا بۆ ڕزگاربوون، بەڵکو هەتا گەڕایەوە بۆ سەر شوێنی کارەکەی هەموو ژیانی خۆی بەسەر برد بەم ڕووداوانە، ئەم خەلیفەیەش مرۆڤێکی خاکی بوو لە ڕێی خوادا، چارەنووسی کوڕی زیادیش وەك چارەنووسی سەرکردەکەی بوو.

---

(١) العبادي، المصدر السابق، ص ٥٣.

(٢) الخربوطلي، ص ١٥، رينو، ص ٣٦، العبادي ٥٣.

(٣) لوبون، حضارة العرب، .ص ١٣.

(٤) السامرائي، المصدر نفسه، ص ٨١.

لەو کاتەدا قوستەنتینیە گەمارۆدرابوو لە لایەن (موسەلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك)، تونترین گەمارۆدان بوو هەتاوەکو سولەیمان کۆچی دوایی کرد، کاتێك (عومەری کوڕی عەبدولعەزین) سەرکردایەتی خەلافەتی کرد لە ساڵی ٩٩ك، فەرمانیکرد بە سوپا بگەڕێنەوە لە هەمان کاتدا موسڵمانان لە لوتکەی بە دەستهێنانی سەرکەوتنەکانیان بوون لە ئەوروپادا سەر لە نوێ، لە کاتی فەرمانڕەوایەتی (سەمحی کوڕی مالیکی خۆلانی)، هەولیدا جێبەجێی بیرکردنەوەکانی (موسای کوڕی نەسیر) بکات بۆ ڕزگارکردنی ئەوروپا، هێرشی برد بۆ ویلایەتی کیبتانیە، وە لە ڕێگەی چیای براِنس، دابەزی بۆ سەر زەویە گرانبەهاکان بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا، وە دواتر بەرەو ڕێرەوی ڕووباری کارۆن ڕۆیشت تاکو گەیشتە تۆلۆشە (تولۆز) وە دەستی بەسەرداگرت[١]، وە لە خەلافەتی (هیشامی کوڕی مالیك) دا (سەحیمی کوڕی کەلبی) بەرەو فەڕەنسا چوو وە دەستی بەسەر شاری (قرقسونە و نیم)دا گرت، هەتاوەکو (عەبدورەحمانی کوڕی غافیق) (١٢٢ ك / ٧٣٠ ز) دەسهەڵاتی میرنشینی ئەندەلوسی گرتە دەست، ئەوە بوو دەستپێکردنی هەڵمەتبردنە سەر ئەوروپا و ڕزگاکردنی کردە لە پێشینەی کارەکانی هەتا دەگاتە قوستەنتینیە و ئەویش ڕزگاربکات و بگاتەوە ولاتی شام ... وە لە ووتەیەکی بۆ سوپایەکەی خۆیدا کاتێك بەرەو ڕزگاکردن پێش دەکەوت گووتی: ئێمە بەردەوامین لە ڕێگای ڕزگارکردنی جیهانی گەورەدا، ئێمە خاوەنداری شارەکان دەکەین و دەیانپارێزین، وە ئالآی خۆمان بە سەر ڕۆمیە و قوستەنتینیە و ئەوانیتر لە شارەکانی نەسرانی دەگەشێنینەوە[٢]، وە لە ووتەیەکیتردا دەڵێت: ئەگەر زاڵ بووین بەسەر هەردوو سوپاکەدا " سوپای کارڵ و ئۆدۆ" دەبینە خاوەنی هەموو ئەو زەویە گەورەیە، وە دایدەبڕین و دەیکەینە ڕۆمیە و قوستەنتینیە)[٣].

بەم شێوەیە غافقی بەرەو پێش چوو، لە ڕێگەی چیای براِنس بەرەو ئەربونە، و گەیشتنە شاری (پۆردۆ)، لە ئاوڕێژگەی ڕووبار، پاشان بەرەو باکوور ڕۆیشتن بۆ ئەو دەشتە

---

(١) العبادي، المصدر السابق، ص ٦٦.

(٢) أنظر : زيدان، (شارل و عبدالرحمن)، ص ٢٧.

(٣) المصدر نفسه، ص ١٣٨.

فراوانەی کە لە لایەکی ڕووباری لوار لە باکوور وە ڕووباری کارۆن لە باشوور. و کاتیك گەیشتنە ئەکاتانیا خۆڕاگریان نواند لە بەرامبەر دەولەتی ئەفرەنجە و ڕووبەڕوویان بوونەوە، جەنگی بەواتییە (بلاط الشهداء) لە سالی ( ١١٤ ك / ٧٣١ ن) ڕوویدا[١].

لە نامەیەکی غافیقی بۆ شارل مارتل تێیدا دەلێت: ئێمە نەهاتین تەنها بۆ ڕزگارکردنی شاری ئەکتانیا بەلکو هاتین بۆ ڕزگاکردنی هەموو ئەو زەویە گەورەیە، وە ئەگەر نەهاتبای بۆ چاوپێکەوتن بە ئێمە ئەوا خۆمان دەهاتینە ولاتەکەت، دواتر دەچینە ڕۆمیە و قوستەنتینیە، هەتاوەکو فەرمانڕەوایەتی هەموو جیهان دەکەین وەکو ئەوەی پێغەمبەرمان ( دروودی خودای لەسەر بێت) بەلێنی پێدا بووین[٢]. ئەوەش ئاماژیەکە بۆ بە دەستهێنانی ئامانجی ڕزگارکردنەکە، وە شوێن پێهەلگرتنی. موسلمانەکان لە جەنگی (بلاط الشهداء) خەسارەتمەند نەبوون، بەلام بووە هۆیەك بۆ ڕاگرتنی پێشرەویەکانیان لە هەلکشان و کردەوە ڕزگاریخوازەکانیان بەرەو هەموو ئەوروپا، وە ئەوەش ئەوە بە دیاردەکەوێت کە ڕزگارکردنەکانیان بۆ باکووری ئەفریقیا بەوە جیادەکرێتەوە کە هەلکشان و داکشانی بە خۆیەوە بینی، هەتاوەکوو سەرکەوتنیان بە دەستەوە هێنا، وە لەو باوەڕەدام ئەوەی کە کردەوە ڕزگاریخوازەکانی ڕاگرت بوونی تێکگیرانێك بوو لە نێوان خودی عەرەبەکان خۆیان و لە نێوانیان لەگەل بەربەرەکان، لە پال ئەوەی کە هەلمەتەکانی ڕزگارکردن دووربوون لە شوێنی خەلافەتی ئیسلامی[٣]، لەم ڕزگاکردنانەدا موسلمانەکان تەنها بیریان لە بەرەو پێش چوون بوو، بە تایبەت بەرەو لای باشووری ڕۆژهەلاتی فەرەنسا بە بێ ئەوەی ئەم بەرەو پێشچوونەیان بەهێز بکەن لە لای ڕۆژئاواوە ( وە هەردوو لای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە ڕووی سەربازیەوە یەکبخەن)، وە سنوورێك بۆ مەترسیەکانی نەتەوە چیاییەکان دابنێن لە لای ڕۆژئاواوە[٤]، لەگەل ئەوەشدا موسلمانەکان هەولیاندا پێش بکەون و بەردەوام بن لە

---

(١) العبادي، المصدر السابق، ص ٥٨.

(٢) زيدان، المصدر السابق، ص ١٦٢ و الصفحات : ٦ - ٢١ - ١٥٤.

(٣) أنظر: فيلب حتى، ص ٥٩٧ و أيضا حسين مؤنس ، ص ٣٠٥.

(٤) الخربوطلي، ص ٣٢.

ڕزگارکردنەکانیان تەنانەت دوای جەنگی (بلاط الشهداء)، (عوقبەی کوڕی حەجاجی سەلەوی) هەوڵیدەدا بۆ جێ پێ قایمکردنی هاتنی موسڵمانان بۆ ناوچەی پرۆڤانس، وە هەرێمی یورجینیا و لیۆن دووبارە ڕزگارکرایەوە، وە گەیشتنە بیدمۆنت، وە زۆبەی شارەکانی فەڕەنسا هاتنەوە ژێر فەرمانبەرداریکردنیان[1].

وە ئەگەر جەنگی (بلاط الشهداء) سنوورێکی دیاری کردبێت بۆ زیاتر چوونە ژوورەوەی موسڵمانەکان بۆ نێو ئەوڕوپا لە ڕێگەی وڵاتی غال (فەرەنسا)، وە ڕزگاکردنەکان بە دوای یەکتردا هاتن لە ڕێگای دەریای ناوەڕاست وە دواتر بۆ باشوور و ناوەڕاستی ئەوەڕوپا، ( ئادەم متز) باس لە گەورەیی کەشتیگەلی دەریایی عەرەبی دەکات و دەڵێت: ئەوڕوپا هیچ دەسەلاتدارێکی نەبوو لە سەر دەریای ناوەڕاست لە ماوەی سەدەی دەیەمی زایینی[2]، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگی (بلاط الشهداء) دەمێنێتن بە جەنگێکی گرنگ لە مێژوودا، ئەگەر سەرکەوتنەکە تێیدا بۆ موسڵمانان ببوویە، ئەوا بێگومان ئەمڕۆ ئەوڕوپا دەبووە ناوچەیەکی ئیسلامی وە وەکو ئەوەی (جون دوانبسورت) دەڵێت. وە ( ئەحمەد ئەمین) وای دەبینێت: ئەگەر موسڵمانەکان نوشوستیان نەهێنابایە لەم جەنگەدا ئەوا بەرەو پێش دەچوون تا ڕزگاکردنی هەموو ئەوڕوپا[3]، وە ئیسپانیاش دەبووە خاڵی وەستان لەسەر بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتەکان بۆ سەر فەرەنسا، وە هەروەها دوورگەی سقلیەش هەمان شوێنی گرنگ بوو بۆ ئیتالیا، هەتاوەکو وایان لێهات مەترسی گەورە بخەنە سەر ڕۆما، هەر ئەم هۆیەش بوو پاپا یۆحەنای هەشتەمی ( ٧٨٢ – ٨٧٢) ناچارکرد بە سەرانەدان، هەڵمەتەکانی عەرەبی تێپەڕی لە چیای ئەلب و تاوەکو گەیشتنە ئەوروپای ناوەڕاست[4].

ڕۆژەکان ڕۆیشتن و، جیهانی عەرەب و موسڵمانەکان، بە ڕزگارکردنی هەرێم و ناوچە و وڵاتەکان خەریك بوون و مەینەتیشیان بینی ... ئاسان نەبوو جێبیەجێکردنی بیرۆکەی

---

(١) المصدر نفسه، ص ٢٩.

(٢) المصدر نفسه، ص ٥٠.

(٣) زيدان، تاريخ التمدن الاسلامي، ج ١، ص ١١٤.

(٤) فيليب حتى، ص ٧١٧.

ڕزگارکردنی قوستەنتینیە. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی (هاڕونە ڕەشید) گەماڕۆدراو، وە لەبەرئەوەشدا پاشای ڕۆم (نقور) ناچار بوو لەسەر دانی سەرانە.

وە پاش زیاتر لە شەش سەدە، دوا گەماڕۆی ئیسلامی بەسەر قوستەنتینیەدا دادراو، خودای گەورە وای نووسیبوو کە شوورەکانی بڕوخێنرێن و قەڵاَکانی ئازاد بکرێن، وە بەم شێوەیە دەرئاسا (معجزە) ی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هاتە جێ (قوستەنتینیە ڕزگاردەکرێ، لەسەردەستی باشترین ئەمیر و ، وە باشترین ئەو سوپایەی کە هەیتی) ئەمەش بە ئەنجام گەیشت لە ساڵی ١٤٥٣ ز لەسەر دەستی سوڵتانی عوسمانی ( موحەمەدی فاتیح).

بەڵێ بەم شێوەیە موسڵمانەکان بەردەوا بوون لە چوونە پێش بەرەو دەریای ناوەڕاست و ئەوروپایان مەبەست بوو ... بەڵاَم ئەمجارەیان لە لای ڕۆژهەڵاَتەوە.

**سوپاس بۆ خودای گەورە**

**وەرگێڕانەکە تەواو بوو لە**

**١/ ٩/ ٢٠١٨**